





سیاسەت
ژنانی گوند بڕوایان بە پەرلەمانتارانی ژن نییە 8


کۆمەڵایەتی
بەهۆی نەبوونی یاسای هاوسەرگیری مەدەنی
ڕێگە بەهاوسەرگیری
موسڵمان و کریستیانەکان نادرێت 22


وەرزش
کچانی کوردستان هاندەری تیپ و یانە و یاریزانە جیهانییەکانن
کچێک: لەبەر خاتری جوانیی یاریزانەکانیان، هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیام 36


کار
ژنە ماستفرۆشەکان لە هێنانی ماستی بیانی نیگەرانن
"لەبەر ماستی ئێرانی و تورکی
ماستەکانمان نافرۆشرێت" 40


تەندروستی
فۆبیا 44


کلتوور
سیمۆن دو بۆڤار
"ڕەگەزەکەی تر" 58



**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان
warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com
**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com
**ڕاوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید
**ڕاوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**فایلەکان**
**کۆمەڵایەتی:** تاڤگە عەلی tavga2004@yahoo.com
**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com
**کلتوور:** جولی جەلال
**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob:07507139650
Normal: 0662647813

**نوسینگەکان**
**کەرکووک:** سەماح سەمەد
**سلێمانی:** ئازیز مەحموود
**دهۆک:** هەڵز عەلی

**Designed by** - Wshyar Muhamad mustafa
Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com


www.netewe.com



فۆتۆ: وارڤین



له ئه‌نجامی ته‌قه‌كردنی سه‌ربازانی تورک كوژرا

فۆتۆ: ئازادیاوه‌لات



فۆتۆ: جه‌مال پێنجوێنی



فۆتۆ: هێمن

ژنه‌ په‌رله‌مانتاره‌كان چی بۆ ژنان ده‌كه‌ن



فۆتۆ: ژولیا عه‌دنان

www.metewe.com

# ژنێک لەپردی دەلال خۆی فرێدایە خوارەوە



**وارڤین– زاخۆ:** لەشەوی٢٦-٢٠٠٩/٩/٢٧، ژنێک خۆی لەسەر پردی دەلال فرێدایە خوارەوەو لەئەنجامدا قاچێکی شکاو تووشی خوێنبەربوون بوو.

سەرچاوەیەکی نزیک لەخێزانی ئەو کچە بە وارڤینی راگەیاند کە ئەو کچە ناوی (ر،ع) تەمەن٢٣ ساڵەو شەش ساڵ لەمەوپێش مێردی بەکورێک کردووە کە دانیشتووی هۆڵەندایە. بەپێی سەرچاوەکە (ر،ع) لەبەر هەندێک کێشەی خێزانی کە لەگەڵ باوکیدا بۆی دروست بووە ئۆتۆمبێلەکەی ماڵەوەی رفاندووەو چووەتە سەر پردی دەلال و لەوێش ئۆتۆمبێلەکەی راگرتووەو خۆی خستووەتە خوارەوە.

لەوبارەیەوە پۆلیسی زاخۆ رایگەیاند کە زووبەزوو چووەنەتە شوێنی رووداوەکەو ئافرەتەکەیان رەوانەی نەخۆشخانە کردووە.

پولیس هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، ئەگەر (ر) خۆی لەبەرزایی١٥ مەترییەوە بهاوێشتایەتە خوارێ ئەگەری مردنی زۆر دەبوو، بەڵام (ر) خۆی لە شوێنە نزمەکەوە خستبووە خوارەوەو کەوتبووە سەر بەردەکان و زیانی جەستەیی پێگەیشتبوو.

نەخۆشخانەی زاخۆ دەستنیشانی کرد کە قاچێکی (ر) شکاوەو تووشی خوێنبەربوون بووەو هەندێک لەجەستەی بریندار بووە.

لەبارەی دوایین رەوشی تەندروستی (ر) سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی زاخۆ بەوارڤینی رایگەیاند کە رەوشی تەندورستی بەرەوباشی دەچێت.

هەر چەندە لەکاتی رووداوەکەدا پەیامنێری وارڤین لە نەخۆشخانە ئامادەبوو، بەڵام لەبەر بێهۆشی (ر) نەیتوانی لەگەڵی قسە بکات.

### لەبەر ئەوەی نەیانهێشت شوو بەخۆشەویستەکەی بکات

# کچێکی دیکە خۆی کوشت

**هێژا شێخ مەمی– دهۆک:** لە رۆژی دووهەمی جەژنی رەمەزاندا کچێکی تەمەن ١٦ ساڵان بەناوی (ە.ج)، لە شارەدێی ئەتروش، بەچەکی براکەی خۆی دەکوژێت.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی ئەتروش بەوارڤینی راگەیاند، رێکەوتی٢٠٠٩/٩/٢١، کاتژمێر پێنجی ئێوارە لەکۆمەڵگەی بەدلێش، سەر بەشارەدێی ئەتروشی شارۆچکەی شێخان، کچێکی١٦ ساڵان بەناوی (ە.ج.ر) دوو گوللەی لەسنگی خۆی داوەو لەئەنجامدا گیانی سپاردووە.

(ە)، تاقە کچی خێزانەکەی بووەو قوتابی قۆناغی چوارەمی ئامادەیی بووە. سێ برای هەیەو لەساڵی ١٩٩٧دا باوکی مردووەو لەوکاتەوە برایەکی (ە)، سەرپەرشتی خێزانەکەی کردووە. زیاتر لە١٥ ساڵە ماڵی (ە)، لەکۆمەڵگەی بدلێش، نێشتەجێن.

بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی نزیک لەماڵی (ە)، کە نەیویست ناوی بهێنین، (ە.ج) قوتابی قۆناغی چوارەمی ئامادەیی بووەو لەبەر ئەوەی لەئەزموونەکاندا سەرنەکەوتووە، خۆی کوشتووە"، بەڵام هاورێیەکی (ە)، بەناوی (س)، ئەوە رەت دەکاتەوە کە (ە)، بەهۆی دەرنەچوون لەتاقیکردنەوەکاندا خۆی کوشتبێت و دەڵێت:" راستە (ە) لەئەزموونەکاندا سەرنەکەوت، بەڵام سەرنەکەوتنی لەئەزموونەکاندا هۆکاری سەرەکی کوشتنەکەی نەبوو، لەبەر ئەوەی (ە) کورێکی تەمەن٢١ ساڵانی بەناوی (ع.م) خۆشدەویست، ئەو کورە سێجار چووەتە خوازبێنی (ە)، بەڵام خێزانەکەی (ە)، رازی نەبوون کچەکەیان شوو بەو کورە بکات، بۆیە خۆی کوشت".

بەپێی قسەی هاورێکەی (ە)، زیاتر لەسێ ساڵە (ە)، پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کورێکدا بەناوی (ع)، هەبووە، ئەو کورە سێجار چووەتە خوازبێنی، بەڵام براکەی (ە)، رێگر بووەو نەیهێشتووە هاوسەرگیری بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی زانیارییەکانی بنکەی پۆلیسی ئەتروش، (ە) لەرۆژی دووهەمی جەژنی رەمەزاندا واتە٢٠٠٩/٩/٢١ لەکاتژمێر ٥ی ئێوارەدا کلاشینکۆفی براکەی لەکەنتۆری ماڵەکەیان دەرهێناوە لەژووری براکەیدا، بە ٢ گوللە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. پاش ئەوەش بۆ نەخۆشخانەی شێخان گوازراوەتەوەو دواتریش بۆ نەخۆشخانەی دهۆک، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکانی لەرێگەدا گیانی لەدەستداوە".

هەرلەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لە دادپزیشکییەوە بەوارڤینی رایگەیاند:" گوللەیەک بەر سک و گوللەیەکی دیکە بەر پێی کەوتبوو، بۆیە خوێنی زۆری لەبەر رۆیشتبوو و ببووە هۆی گیان سپاردنی.

www.netewe.com




## دانیال میتەران سەردانی کوردستان دەکات



**وارڤین- هەولێر:** کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر، د. فریدریک تیسۆ، ئاشکرای کرد کە لەم هەفتەیەدا خاتوو دانیال میتەران، سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و هاوکات لەگەڵ هاتنەکەیدا دووقوتابخانەی خوێندنی فەرەنسس لە هەرێمی کوردستان بەناوی ئەوەوە دەکرێنەوە.

بەگوتەی کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر، ئامانج لەسەردانەکەی خاتوو دانیال، کردنەوەی دوو قوتابخانەی فەرەنسیە لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی کە هەردوو قوتابخانەکەش بەناوی دانیال میتەرانەوە دەبن. جێی ئاماژەیە خاتوو دانیال میتەران، دۆستی دێرینی گەلی کورد و هاوسەری پێشووی سەرۆکی فەرەنسی واتە فرەنسوا میتەرانە.


## لیژنەی ماددەی ١٤٠ی سەردانی هەولێر دەکات



**وارڤین - بەغداد:** بڕیارە لەم هەفتەیەدا لیژنەی دارایی ماددەی ١٤٠، بۆ راییکردنی ئەو ئەرکانەی کە لەئەستۆیانە وەک مامەڵەو چەکی قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو راگوێزراو و هاوردانەی کە چەکی قەرەبووکردنەوەیان وەرنەگرتووە، سەردانی هەولێر بکەن.

جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و سەرۆکی لیژنەی دارایی ماددەکە نەرمین عوسمان، ئاشکرای کرد کە لەناو بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠١٠. ی حکوومەتی بەغداد، بۆدجەیەکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ تەرخانکراوە.

نەرمین هەروەها رایگەیاند کە هەوڵەکانی لیژنەکەیان بۆ تەواوکردنی هەنگاوەکانی پەیوەست بە قەرەبووکردنەوەی راگوێزراو و هاوردەکان، بەردەوامە.



## لە قەڵادزی ژنێک ئاگری لەجەستەی بەردا

**گوڵە ئەحمەد – قەڵادزێ:**
ئێوارەی ٢٠٠٩/٩/٢٨ لە یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری قەڵادزێ و لەهۆکارێکی نادیاردا ژنێکی تەمەن ٢٠ ساڵان ئاگری بەردایە جەستەی خۆی و بەهۆی بەرزی ڕێژەی سووتانەکەیەوە کە ٨٥٪ بوو، ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کرا.

بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی نزیک لەرووداوەکە ئەو ژنە ماوەی هەفتەیەک بوو ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو و لەبەر ئەوەی بنەماڵەی هاوسەرەکەی رازینەبوون درێژە بەخوێندنی زانکۆ بدات خۆی سووتاندووە". جێی ئاماژەیە ئەو ژنە خوێندکاری زانکۆ بووەو لەقۆناغی کۆتاییدا بووە.

لەلایەکی دیکەوە کەسێکی نزیک لەبنەماڵەکەی بە وارڤینی راگەیاند: "ئەو شەوە لەگەڵ مێردەکەی لەمیوانی بوون و هیچ کێشەیەک لەنێوانیاندا نەبووە، کە هاتۆتەوە خۆی سوتاندووە، کەس نازانێت بۆچی ئەوکارەی کردووە، بەڵام پێدەچێت بەهۆی کێشەی درێژەدان خوێندنەوە بووبێت.



## ژنانی کوردستانی و ئەورووپایی خۆپیشاندانێکی هاوبەشیان ساز کرد

**دیلان- ئامەد:** ژنانی ئیتالی، ئەڵمانی، عێراقی و کوردستانی لە ئامەد لەخۆپیشاندانێکی ئەنتەرناسیۆناڵدا بەشدارییان کرد و داخوازییەکانی ژنانیان دەربڕی.

خۆپیشاندانەکەی ژنانی ئەنتەرناسیۆناڵ لەپارکی سۆمەرەوە دەستی پێکرد. ژنانی ئیتالی، ئەڵمانی و عێراقی و کوردستانی بەمەشخەڵ و ئۆتۆمبیل و پانکارت تا کۆڵانی هونەر ڕێیانپێوا. لەو خۆپیشاندانەدا ژنان دروشمگەلی وەک، " ژن، ژیان، ئازادی" و " ژن شەڕ ناخوازن، ئاشتیخوازن" بەرز کرایەوە.

هەروەها لەو خۆپیشاندانەدا پەرلەمانتارانی



ئامەد گوڵتان کیشاناک و ئایسەل توغلوک و پارێزەر ڕەیهان یاڵچینداغ ئامادەبوون. دواتر خۆپیشاندانەکە لە ناوەندی ڕۆشنبیری دیجلەو فورات کۆتایی پێهات.

## دەستووری تورکیا هەمواردەکرێت




**وارڤین – تەرەف:** سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ڕایگەیاند کە کار بۆ ئەوە دەکات دەستووری تورکیا هەمواربکات، تا چیتر بەو هۆیەوە ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP بەهۆی بیرورای سیاسی جیاوازەوە دادگایی نەکرێن.

دادگای تورکیا، لەسەر بیروڕای سیاسی جیاواز بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتێک کردووە، ئەگەر ئەندامانی ئەو پارتە ئامادەی دادگاکە نەبن، ئەوا بەهێزی سەربازی ڕاپێچی دادگایان دەکەن. لەئێستادا دادگای تورکیا سەلاحەددین دەمیرتاش و سەباحەت تونجەلی بانگهێشت کردووە، بەڵام DTP ڕایگەیاندووە کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادات نوێنەرانی لەپەرلەمانی تورکیا دادگایی بکرێن. ئەردۆغان گوتی بۆ نەهێشتنی ئەو کێشەیە دەستوور لەبەرژەوەندی دەتەپەییەکان، هەمواردەکەین.

## وێنەی ژنێکی میسری لە گیرفانی ئەحمەدینەژاد چی دەکرد؟

**وارڤین – سی بی ئێس:** هەفتەی ڕابردوو پەیامنێری تەلەفزیۆنی ( سی بی ئێس). ی ئەمریکی" کەتی کاوریک"، لەتارانی پایتەختی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە ئەنجامدا. کاوریک لەو وتووێژەدا پرسیارێکی لەبارەی نەدا سولتان، ئەو کچە ئێرانیەی کە لەمانگی جون و لەمیانەی خۆپیشاندانەکانی ئێراندا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کوژرا لێ پرسی، بەڵام مەحمود ئەحمەدینەژاد لەناکاو وێنەیەکی دەرهێناو بە کاوریکی گوت تۆ ئەم وێنەیە دەناسی، کاوریک گوتی نایناسم. ئەحمەدینەژادیش گوتی ئەوە مەروە عەلی ئەلشەربینی، ئەو ژنە میسرییەیە کە نازییەنوێیەکان کوشتیان، بەڵام وەک کوژرانی نەدا نەبووە جێی سەرنجی ڕاگەیاندنەکان. ئەحمەدینەژاد پێشنیازی بۆ ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا کرد کە نەدا، بە شەهید ناو دەبەن با ئاوڕێکیش لە مەروە بدەنەوەو وەک شەهید ناودێری بکەن.




www.netewe.com

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

# ناسنامەیەکی نوێمان پێویستە



روکەن خاتوون

ژن و پیاو، ئایا ئێوە هەرگیز لەخۆتان پرسیوە من چیم و کێم؟ ئەگەر ئێوە ئەو پرسیارە لەخۆتان بکەن، بەو واتایەیە کە ئێوە لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لەناسنامەی تاکەکەسی و نەتەوەیی خۆتان دەکەن. کاتێک لەناسنامەی خۆمان دەکۆڵینەوە، بیردەکەینەوە. لەوانەیە ئێمە وەک ژن یان پیاو یانیش کوردێک بیربکەینەوە. ناسنامەکەمان لەچرکەساتی لەدایکبوونمانەوە، لەگەڵمانە. بەڵام راستی تەنیا ئەوە نییە. ئەگەر ئێمە لە روانگەی ناسنامەی خۆمانەوە سەیری یەکتر بکەین، چۆن لەیەکتری تێبگەین. هەروەها کەسانیتر چۆنمان هەڵدەسەنگێنن، یان ئێمە چۆن لەکەسانیتر تێدەگەین. کاتێک بیر لەو خاڵانە دەکەینەوە بەو واتایەیە کە ناسنامەی ئێمە لە لەدایکبوونەوە نایەت، ناسنامە لەگەڵ ئێمەدا دروست دەبێت. دەبینین هەندێک ناسنامەیان بۆمان دروستکردووە. بۆ نموونە، پێشتر دەسەڵات چۆن کوردی پێناسە دەکرد. ئایا هەرگیز بیرتان لەوە کردووەتەوە. ئەگەر بتانەوێت قسەکانی ئەوانتان بۆ دەنووسم. "لەناو کورد، مرۆڤ هەڵناکەوێت"، دوو کورد ناتوانن پێکەوە کار بکەن"، "کورد وەحشین"، "کورد دەمارگرژن"، "کورد دواکەوتوون". لەناو ئەو پێناسانەدا باشترین پێناسە" کوردانی ژێردەستە" بوو. ئێمە وەک کوردێک لەژێر سێبەری ئەو بۆچوونانەدا خۆمان هەڵسەنگاندووەو خۆمان لەبەرامبەر گەلانیتر بچووک بینیوە. وەک مرۆڤێکی ژێردەستە هیچ رێزێکمان بۆ خۆمان نەدەبینی و سایکۆلۆژییەتمان بەو شێوەیە پێشکەوت. ئێمە بۆ ئەوەی بەڕێز بین خۆمان بەخەڵکانێکی دیکە چواندووە. ئێمە لەگەڵ کەسایەتی خۆماندا بەئاشتییانە ژیانمان نەکرد. لەبەر ئەوەیش لەخۆمان دوورکەوتینەوەو لەگەڵ خۆماندا وەک بیانییەکمان لێهات و بەخۆمان نامۆ بووین.

هەرگیز بیرتان کردووەتەوە، لەناو ئاڵۆزی و قەیرانی ناسنامەدا وەک ژنێک چۆن ژیانتان کردووە؟ لێیگەڕێن ئەی پیاو چۆن ژیانی کردووە؟ ئێمەی ژنی کورد، خۆمان درەنگ بیرمان کردووەتەوە، یانیش هێشتا لێی تێنەگەیشتووین. بۆیەش ئێمەی ژنی کورد، هێشتا ناسنامەی تایبەتی خۆمان بەدەست نەهێناوە. ئێمە ناسنامەی خۆمان لەچرکەساتی لەدایکبوونماندا لەدەستی پیاوان وەرگرتووە.

کاتێک لەدایکبووین وەک ئەوەی هاوسەرگیریمان کردبێت هاتینە دونیا. پیاو بەپێی عەقڵییەتی خۆی رۆڵی پێمان داوەو ئێمەیش وەک ئەڵقەی فیلمێکی درێژ ئەو رۆڵە درێژە پێکدەهێنین. ئێمە رۆڵەکەمان لەژیانی خۆماندا زۆر سەرکەوتووانە دەگێڕین. لەو فیلمەدا ئێمە رۆڵی سەرەکیمان بەرنەکەوتووە. باسەیری ئەو رۆڵانە بکەین کە بەئێمەیان داوە. " ژن عەقڵی مرۆڤ تێکدەدات"، "ژن وەک شەیتانە"، " ژن حەوت گوند تێکدەدات"، " ژن بەڵای خوایە ئەگەر لەماڵدا هەبێت ماڵ بێ بەڵا نابێت"، " قژ درێژی مێشک بەتاڵ"، ژن بۆ تێپەڕاندنی کاتی پیاوە"، " ژنی هەرەباش ئەوەیە کە داواکاری پیاوان جێبەجێ بکات". پیاو بەپێی ویست و ئارەزووەکانی خۆی ژن بنیات دەنێت. ئەنجامێک کە ئێمە دەیبینین ئەوەیە، کە تا کۆمەڵگەو پیاو کاریگەری خۆیان لەسەر ناسنامەی ژن هەڵنەگرن، ژن ناتوانێت ناسنامەی خۆی بنیاتبنێتەوە.

بۆچی گرنگە ژن، خۆی ناسنامەی خۆی دروست بکات؟ ناسنامەی ئێمەی دەربڕی روانگەمانە. ناسنامەمان ئەوەیە، کە چۆن لەکەلتوور و نەتەوەکەمان تێدەگەین و وەک ژنێک جیاوازییەکانمان دەردەخەین. بۆ ئەوەی ناسنامەی خۆمان دابمەزرێنین دەستپێک دەبێت ئەو ناسنامانەی کە بەباڵاماندا بڕاوە باش شرۆڤە بکەین. بۆچوونمان لەسەر پیاو چی بێت، ئەو واتایە دەگەیەنێت، ئێمە چۆن بیر لەخۆمان دەکەینەوە. ناسنامەی ئێمەی ژن، نە تەنیا ئەوەیە کە ئێمە چین؟ ئێمەو ئەوانیتر لەنێوانماندا سنوور دادەمەزرێنن و خۆمان دەگەیەنینە پێناسەکان. ناسنامە چۆن مرۆڤەکان تێکەڵی خۆی دەکات، مرۆڤەکانی دەرەوەی خۆی دەهێڵێتەوەو دەیانکاتە بیانی. لەبەر ئەوەی شتێک بۆ ناسنامەی ژن و پیاو پێناسە بووە، ئەو سنوورانەی کە کۆمەڵگە بۆ ناسنامەی ژن وپیاو دایمەزراندووە راستییەکانی کەلتوور و کۆمەڵگەی تێدایە. "ئێمە" و " ئەوانی تر". لەنێوان جیاوازییەکاندا ئێمە هەمیشە سنوور دروستدەکەین. ئاگاداربوونەوە لەناسنامە بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسانمان دەبات. ئەو رەوشە ژن، دەگەیەنێتە سروشتی بنچینەیی خۆی. بۆ ئەوەی ژن سەرکەوتوو بێت، پێویست نییە کە لاسایی پیاوان بکاتەوەو ناسنامەی ئەوان لەبەر بکات.

لەگەڵ تێکۆشان و پێشکەوتنەکاندا ناسنامەی کورد گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ، بۆیە پێویستی بەسەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ناسنامەی ژن و پیاو هەیە. پێویستە ژن و پیاو، لەبەرانبەر یەکتردا یەکسان و ئازاد بن و بەڕێزەوە لەیەکتر نزیک ببنەوەو لەدژی توندووتیژی ناسنامەیەک دابمەزرێنن. هەروەها دەبێ هەر دوو رەگەز، تایبەتمەندییە باشەکانی خۆیان گەشە پێبدەن. ئەگەر وەها بێت مرۆڤ دەتوانێت رێز لەناسنامەی ئەوانی تریش بگرێت، چونکە ئەگەر ناسنامەی خۆتت بەلاوە گرنگ بێت، کەسانی دیکەش رێزت لێ دەگرن. ئەگەر ئەو رەوشە پێشبکەوێت سەردەستەو ژێردەستە نامێنێت.

www.netewe.com



# ژنانی گوند بڕوایان بە پەرلەمانتارانی ژن نییە

سلێمانی

هەرچەندە هەندێک لەلیستەکان باسیان لەچارەسەرکردنی کێشەی ژنان کردووە، بەڵام ژنە گوندنشینەکان هیوایان بەجێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە نییە کە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا پێیاندراوە.

”لە پاڵەپەستۆی ڕۆژی دەنگداندا منداڵەکەم لەبارچوو، تەنها لەپێناو ئەوەی ویستم نوێنەری خۆم لەپەرلەمان هەڵبژێرم تابتوانن بەرگری لە مافی ژنە گوندنشینەکان بکەن، بەڵام نەک بەرگریمان لێ ناکەن بەڵکو هەر زوو لەبیرمان دەکەن“. ئەمە گوتەی گێلاس عومەر، دانیشتووی یەکێک لەگوندەکانی سەر بەشارەدێی ئاغجەلەر بوو.

گێلاس عومەر،٣٧ساڵ، بەنیگەرانیەوە باسی لەبارودۆخی ژنانی گوندەکەیان کرد و سکاڵای لەئاوڕنەدانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بۆ رەوشی گوندەکانیان کرد و گوتی:“ هەرکەس بێتە ئێرە بەزەیی بەحاڵماندا دێتەوە هەموو نەخوێندەوار، بێ ئاو، بێ کارەبا، بێ نەخۆشخانە، لەناو مارو دوپشکدا ڕۆژ دەکەینەوە کەس ئاگای لە رەوشی گوندنشینەکان نییە“. ژنە گوندنشینەکان لەپەرلەمانتارانی ژن بێهیوان و نیگەرانن لەوەی کار بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژنە گوندنشینەکان ناکەن و پشتگوێیان دەخەن. گێلاس گوتیشی:“ ژنانی پەرلەمان بێئاگان لەرەوشی ئێمە، بەداخەوە نە ژنانی پەرلەمانی ڕابردوو هیچیان بۆ کردین و نە هیچ هیوایەکمان بەپەرلەمانتارانی ئەمجارەش هەیە کە ئاوڕێکمان لێ بداتەوە“.

نەبوونی ئاو، کارەبا، نەخۆشخانە، لەکێشە سەرەکییەکانی زۆرێک لە گوندنشینانی کوردستانەو بۆیەش خوزایاری ئاوڕدانەوەی زیاترن.

مەلەک شەریف حەسەن، ٤٦ ساڵ، گوتی“ بەداخەوە ژن مافی هەیە دەنگبدات بەڵام ئاوڕ لەبارودۆخی ژنانی گوندەکان نادرێتەوە، ئەو هەموو ڕێگەیەمان بڕی و دەنگماندا بەڵام هیچ ئاوڕێکمان لێ نەدراوەتەوە“. ئەو وەها درێژەی بەقسەکانی دا:“بێ کارەبایی کوشتووینی، منداڵەکانمان لەم هاوینەدا تووشی نەخۆشی ببوو، کەس نەبوو ئاوڕێکمان لێ بداتەوە خوازیارین ئەمجارە پەرلەمان ئاوڕمان لێبداتەوەو کار بۆ ژنانی گوند بکەن“. مەلەک، سکاڵای ئەوەشی کرد، کە ئەوان لەبەیانی تا ئێوارە خەریکی کاریماڵن، بەڵام هەموویان حەزیان لە دەورەیەکی درومان هەیە، کەچی تائێستا هیچ کەس و لایەنێک نەهاتووەتە گوندەکەیان و گوێی لەداواکارییەکانیان نەگرتووە. گوتیشی:“پێش دەنگدان دێن و کۆمەڵێک بەڵێنمان پێدەدەن هەر کە ڕۆیشتنەوە ئیتر هەمووی لەبیر دەکەن“.

شەمسە سەعید مەحمود، ئەندامی لیژنەی بەرگریکردن لەمافی ژنان لەپەرلەمانی پێشووی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە پەرلەمان چاودێری ئەو شوێنە دورەدەستانەی کردووەو راپۆرتی بۆ سەرووی خۆی بەرێکردووە، بەڵام کە لایەنی پەیوەندیدار ئەرکەکەی بەباشی جێبەجێنەکردبێت بەواتای کەمووکوڕی لیژنەکەی ئێمە نییە.

ئەو ئەندام پەرلەمانە جەختی لەوە کردەوە کە ناوچە دوورەدەستەکان پێویستیان بەخزمەتگوزاری زیاتر هەیەو دەبێت حکوومەت پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات.

گوتیشی:“ هەرچەندە بەپێی پێویست سەردانی هەندێک لەگوندەکانمان کردووە، بەڵام بەو شێوە مەیدانییە نەبووە کە لەنزیکەوە بزانین تەواوی

www.netewe.com




کێشەکانیان چییە".

لەعلی، تەمەن ٦٩ ساڵ دانیشتووی هەمان گوندی سەر بەناحیەی ئاغجەلەر گوتی"مێردەکەم بێ ئاگاداری من ژنی هێناو هیچ یاسایەکیش لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرد".

ئەو گوتی:"خەڵکی خێرم پێدەکات وەزعم خراپە بەخێری ماڵان منداڵەکانم بەخێو دەکەم نەحکوومەت و نە پەرلەمان و نەهیچ ڕێکخراوێک تائێستا ئاوڕی لێماننەداوەتەوە".

کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری و دروومان لەداواکارییەکانی ژنانی گوندەکە بوون و گلەیی ئەوەیان دەکرد کە تا ئێستا هیچ ڕێکخراو و لایەنەی پەیوەندیدارەکان نەهاتۆتە گوندەکەیان.

پەیمان عیزەددین، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان لەوبارەیەوە گوتی:" گلەیی و گازندەکان لەجێی خۆیەتی و ژنە گوندنشینەکان لەزۆر شت بێبەشن، بەڵام پێویستە چاوەڕوان بین تا بزانین پەرلەمان لەداهاتوودا ئەو بەرنامەو بەڵێنانەی کە بە گوندنیشنەکانی داوە جێبەجێ دەکات یان نا".

بێشە دارا حەفید، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی کوردستانی پێیوابوو پێویستە پەرلەمان گرنگی زیاتر بدات بەژنانی گوند و جەختی لەوەش کردەوە کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی توندووتیژی و هۆشیاری تەندروستی کاری حکوومەتە و پێویستە حکوومەت دەزگای تایبەت و تیمی گەڕۆک بۆ ئەو کارە دروست بکات. بێشە گوتی:" بەرزکردنەوەی باری ئابووری ژنان و بەتایبەت ژنە گوندنشینەکان دەبێت یەکێک لەکارەکانی پەرلەمان بێت و هەوڵی ئەوە بدرێت کە ژن بەرەو سەربەخۆیی ئابووری بچێت و لەبەر باری دارایی ملکەچی هەموو بڕیارێک نەبێت". ئەو ئەندام پەرلەمانە باسی لەوەشکرد کردنەوەی خولی بەرگدوورین، پرۆژەی بچووک، کردنەوەی پێشانگای کاری دەست و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ ژنان پێویستە تا باڵانسی جێندەری دروست ببێت و جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە پەرلەمان یاسایەکی تایبەت بۆ ئەو کارە ڕێکبخات.

ناسک تۆفیق عەبدولکەریم، ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی لەوبارەیەوە گوتی:" ئێمە بەرنامەی تایبەتمان بۆ ژنانی لادێ هەیەو هەوڵدەدەین ئەوەش لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنانەوە جێبەجێ بکەین، تا بتوانین بە هەماهەنگی ئەوان سوود لەزانیارییەکانیان وەربگرین". ئەو هەروەها باسی لەوە کرد:" دەبێت کاری عەمەلی بۆ هۆشیارکردنەوە بکەین و هۆشیارییەکەش بۆ پیاوانیش بێت نەک بە تەنها بۆ ژنان ". ناسک باسی لەوەشکرد کە پێویستە حکوومەت کارەکانی وەرچەرخێنێ بۆ ناو لادێکان و لەئێستاشدا لیژنەیەک هەیە لەناو پەرلەمان تایبەت بە لادێکان کە بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گوندەکان دەکات. ناسک دووپاتیکردەوە:" ئەمە هیوایەکە بۆ کارکردن، ئومێد دەکەین کارەکان ڕێڕەوی خۆیان بگرن و شتی جوان لەخەیاڵدا هەیە، بکرێت. بەس دەبێت بزانین چۆن زەمینەسازی بۆ بکەین و ئومێدیش دەکەین ژنانی ئەمجارەش پەرلەمان بتوانن داکۆکی زیاتر لەمافی ژنان بکەن".



ئازیز مەحمود

www.netewe.com

### سەرۆکی لیژنەی ژنان و منداڵان لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە:

# ژنان و منداڵانی دیالە لەبارودۆخێکی خراپدا دەژین

دیالە

سەرۆکی لیژنەی ژنان و منداڵان لە ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە، نەسرین بەهجەت، لە هەڤپەیڤینێکی وارڤیندا ئاماژە بە بارودۆخی ژنان و منداڵان لە دیالە دەکات، کە بە قۆناغێکی خراپ تێدەپەڕێت و بەهۆی گەندەڵییەکانی هەندێ دەستگاوە، نەتوانراوە یارمەتی ژنان و منداڵانی ئەو دەڤەرە بدرێت.

وارڤین: بەگشتی لەئێستادا ڕەوشی ژنان و منداڵان لەسنوری پارێزگای دیالە چۆنە؟

نەسرین بەهجەت: بەهۆی خراپی باری ئاسایش لەسێ ساڵی ڕابردوودا ژنان و منداڵانی سنووری دیالە لەبارودۆخێکی خراپدا دەژین، بەشێوەیەک کە ژمارەی بێوەژن و منداڵی هەتیو ڕووی لەزیادبوون کردووە، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە بێکارن لەبارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپدان. (دائرە الشؤن الأجتماعیە-الرعایە الأجتماعیە)، کە لەناوەندی پارێزگای دیالەیەو لقێکی لەخانەقینە بەهۆی گەندەڵییەوە نەیتوانیوە کەمترین خزمەت ویارمەتی بە بێوەژنان و ژنانی بێکار بگەیەنێت.

وارڤین: وەک دەزانین تیرۆریستان دیالەیان کردووەتەوە ئامانجی خۆیان، پرسی تیرۆر، تا چەندە کاریگەری لەسەر ژیانی ژنان و منداڵان هەبووە؟

نەسرین بەهجەت: هەرچەندە ئێستا کاری تیرۆریستی لەسنووری دیالە کەمبووەتەوە، بەڵام بنبڕنەکراوە و تائێستایش چەندین ژن و منداڵ ڕفێندراون و کوژراون ئەمەش کاردانەوەیەکی نەرێنی لەسەر ژیانی خێزانەکان هەبووە.

وارڤین: بەگشتی خراپی باری ئەمنی تاچ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر ژیانی ئاسایی ژنان و منداڵان داناوەو لە بواری پەروەردەدا ئەو پرسە چۆن بووە؟

نەسرین بەهجەت: لەسێ ساڵی ڕابردوودا زۆربەی قوتابخانەکان دەوامیان تێدانەکراوە، بەتایبەت لادێ و شوێنە دوورەدەستەکان، زۆربەی قوتابخانەکان تەقێنراونەتەوە و ئەوانەش کە هەن مامۆستایان کەمە و زۆربەی قوتابیان پشتیان لەخوێندن کردووە و ڕوویان کردووەتە سەر شەقامەکان و بەوهۆیەشەوە باری ئەمنی کاریگەری لە ڕەوشی منداڵان و ژنان کردووە.

وارڤین: لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا چەند ژن و منداڵ بەهۆی خراپی باری ئەمنی و کردەوە تیرۆریستییەکانەوە گیانیان لەدەست داوە؟

نەسرین بەهجەت: هیچ ئامارێکی تەواو لەوبارەیەوە نییە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر ژن ومندال



بوونەتە قوربانی.

وارڤین: هۆی چییە کە ژنان دەچنە نێو شانە تیرۆرستییەکانەوە، تائێستا چەند ژنی تیرۆرست لە سنوورەکە دەستگیر کراوەو چارەنووسیان بەکوێ گەیشتووە؟

نەسرین بەهجەت: چەند حاڵەتێک ڕوویداوە کە هەندێکیان دەستگیرکراون، بۆ نموونە ئەو ژنەی کە ویستی خۆی لە



Photo دەشتی ئەنوەر

www.netewe.com




ی‌ەکێک لەبنکەکانی پۆلیسی دیالە بتەقێنێتەوە، بەڵام دەستگیر کرا.

بـەداخـەوە بـەهـۆی نەبوونی هۆشیاری و باری کۆمەڵایەتی خراپ و چەوساندنەوەی ژن لەلایەن پیاوانەوە، زۆر بەئاسانی ژنان بۆ کاری تیرۆریستی هەڵدەخەڵەتێن و بەکار دەهێنرن.

وارڤین : لە بازگەکاندا ژمارەیەک ژن دامەزرێندران، تا چەند لەکەمبوونەوەی رێژەی کردەوە تیرۆرستییەکاندا کاریگەریان هەبووە؟

نەسرین بەهجەت: ئـەو ژنانەی کە لەبازگەکاندا دامەزراون، تائێستا رۆڵێکی وایان نییە.

وارڤین: لەسنووری پارێزگای دیالە، دیاردەی کوشتن لەسەر شەرەف و بەزۆر بەشوودانی کچان و بەکار هێنانی توندووتیژی لەدژی ژنان چۆنە؟

نەسرین بەهجەت: لەم دەڤەرە دیاردەی ژن کوشتن و بەزۆربەشوودان و فرەژنی و توندووتیژی دژی ژنان رۆژانە روو ئەدەن، بەڵام بەداخەوە زۆربەی شاراوەیەو باسی لێوە ناکرێت. دابوونەریتی کۆمەڵامەیەتی و ناهۆشیاربوونی ژن و هەروەها نەبوونی یاسایەک کە بەرگری لەمافەکانی ژنان بکات، بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربـەی ئەو توندووتیژییەی کە لـەدژی ژنان ئەنجامدەدرێت بەشاراوەیی بمێنێتەوە.

وارڤین: ئاستی کار کردنی رێکخراوەکانی ژنان و منداڵان لە دیالە چۆنە؟

نەسرین بەهجەت: ئاستی کارکردنی رێکخراوەکانی ژنان و منداڵان زۆر لاوازە، لەکاتێکدا زۆر ژن هەن کە دەیانەوێت لە مافی ژنان و منداڵان پشتگیری بکەن، بەڵام هیچ لایەنێک پشتگیریان لێ ناکات و بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان لەمپەری زۆریان لەبەردەمدایە.

وارڤین: بەگشتیی بارودۆخی ژنانی کورد لەو سنوورە چۆنە. بەهۆی کوردبوونەوە دەچەوسێندرێنەوە ؟

نەسرین بەهجەت: لەو ناوچانەی کە کـوردی تێدا دەژین، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر جیاوازە. بۆ نموونە رەوشی ژنی کورد، لەخانەقین زۆر باشترە تا جەلەولا و لەجەلەولایش باشترە تا سعدیە. رەوشی ژنی کورد لەخانەقین لەهەموویان باشترە، چونکە هەموو ئیدارەکانی کوردن، بەڵام بەداخەوە لەناوچەکانیتر تائێستا ژنی کورد و بگرە پیاوی کوردیش بەشێوەیەک لەشێوەکان دەچەوسێنەوە.

وارڤین: ئێوە وەک لیژنەی ژنان و منداڵان، بەگشتی چیتان بۆ ژنـان و منداڵانی دیالە کـردووەو لەو نێوانەیشدا چیتان بۆ ژنانی و منداڵان کورد کردووە؟

نەسرین بەهجەت: تائێستا چەندین چالاکیمان وەک سازکردنی فستیڤاڵ هەبووە، بەڵام ئەمانە لەئاستی بەدیهێنانی ئامانجەکانماندا نییە. ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین لـەبـارەی ئـەو ژنانەی کە لەبواری بەرگریکردن لەمافەکانی ژن و منداڵ چالاکن، تا بتوانین پێکەوە لەسەر پلانێکی باش خزمەت بەژنان و منداڵانی ئەم دەڤەرە بکەین. پێش هەموو شتێک ژنان دەبێ ماف و ئەرکەکانی خۆیان بناسن و هۆشیارکردنەوەیش سەرەتاییترین هەنگاوە لەو پێناوەدا. بۆ منداڵانیش لەهەوڵی ئەوەداین کە لەناو خێزان و قوتابخانەدا پەروەردەیەکی باش بکرێن.

وارڤین: حکوومەتی عێراق و کوردستان یان رێکخراوە بیانییەکان چییان بۆ ژنان و منداڵانی ئەم پارێزگایە کردووە؟

نەسرین بەهجەت: لەپارێزگای دیـالـە تائێستا حکوومەتی عێراقی هیچ شتێکی نەکردووە، بەڵام لەناوچەی خانەقین تا رادەیـەک رێکخراوەکان و حکوومەتی کوردستان کاریان کردووە کە ئەوەش لەئاستی پێویستدا نییەو پێویستمان بەپشتیوانی زیاتر هەیە.

وارڤین: پێگەی ژن لەپۆستە حزبی و حکوومیەکانی ئەو پارێزگایە لە چ ئاستێکدایەو پیاوان چۆن سەیری ژنێک دەکەن کە لەبواری سیاسی و ئیداریدا کار بکات؟

نەسرین بەهجەت: بەداخەوە پێگەی ژن لەناو پۆستە حکوومی و حزبیەکاندا لە ئاستی پێویستدا نییەو هۆکارەکانیشی زۆرن، لەوانەیش خودی ژنانن کە دەبێ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان هەوڵبدەن.

هۆکارێکی دیکەیشی پیاوە کە زۆرجار بێ بیرکردنەوەو لێکدانەوەییەکی مەنتقی رێگرە لەکارکردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵ.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی ئێمە کۆیلەی دەستی دابوونەریتەو ئەو گۆڕانکارییانەی کە خزمەت بەکۆمەڵ بکەن بەکوفر دەزانێت.

هەروەها پیاو هێشتا دان بەتواناکانی ژندا نانێت، بۆیە ئیتر ئەرکەکە دەکەوێتە سەرشانی ژن و دەبێ بەشێوەیەکی باش خۆی بسەلمێنێت.

وارڤین: داهاتووی دۆخی ژنان و منداڵان لە دیالە چۆن دەبینی؟

نەسرین بەهجەت: ئەگەر ژنان بەهاوکاری یەکتر تواناکانیان رێکبخەن داهاتوویەکی باشیان دەبێت. هـیـوادارم ژنـان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و بەتایبەت لەکاتی دەنگدانەکاندا پشتگیری لەیەکتر بکەن و کەسێک هەڵبژێرن کە نوێنەری راستەقینەیان بێت.



سەباح عەلی جاف



www.metewe.com

# گوڵتان کیشاناک:

# ژنی کورد شەڕ بۆ دیموکراسی دەکات

ئەنکەرە

گولتان کیشناک، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە وارڤیندا باس لە ڕەوشی سیاسی ئێستای تورکیا دەکات و پێوەندیی نێوان پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و پارتی دادوگەشەپێدان بە ئەرێنی دادەنێت و ئەوەیش دەخاتە ڕوو کە هێشتا دیارنییە کە سەرۆکوەزیرانی تورکیا، دەیەوێت چی بۆ چارەسەری پرسی کورد دەکات.

**وارڤین:** ماوەیەک لەمەوپێش سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەگەڵ ئەحمەد تورک هاوسەرۆکی DTP کۆبووەوە، ئایا ئەو دانیشتنە دەبێتە مایەی گۆڕانکاری ڕیشەیی لەنێوان هەردوو پارتەکەدا؟

**گوڵتان کیشاناک:** لەو لایەنەدا بەهەستیاری مامەڵە دەکەین. چونکە کاتێک تازە چووبووینە نێو پەرلەمانەوە، سەرۆکوەزیر بەپەنجەکانی دەستی ئاماژەی بەکورسیەکانمان دەکردو دەیگووت:" یان دەبێت ئەوەی ئێمە دەیڵێین بیکەن، یان دەبێ بڕۆن". ئەو هەڵوێستەی سەرۆکوەزیرانی تورکیا، زیاتر لەدوو ساڵ درێژەی هەبوو، لەوکاتەشدا چەندین ئۆپەراسیۆنی گەورەی سەربازی ئەنجامدران، ئێمەش جەختمان لەوە دەکردەوە کە کار بەمشێوەیە ناکرێت و شوێنی چارەسەری پرسەکە پەرلەمانە. بۆ ئەوەی ڕاستی لەبیر نەکرێت، دوو ساڵ لەکۆڵان و شەقامەکان بەکۆبوونەوەو خۆپیشاندانی جەماوەری لەچوارچێوەی کەمپینی "ئیدی بەسە" وەڵامی ئۆپەراسیۆنەکانمان دایەوە. بۆیە ناتوانین بڵێین بەم کۆبوونەوەیە هەموو شتەکان سەر ڕاست دەبن و گۆڕانکاری ڕیشەیی دێتە ئاراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین، ئەو کۆبوونەوەیە دەبێتە خاڵێکی وەچەرخان بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ.

**وارڤین:** پێتانوایە سەرۆکوەزیران، دوای ئەو کۆبوونەوەیە وەک لایەنێکی چارەسەر، حیسابتان بۆ بکات؟

**گوڵتان کیشاناک:** پەیامێکی دیاریکراومان دەربارەی ئەوەی ئایا حکوومەت چ ڕۆڵێک دەداتە DTP، یان وەک لایەنێکی چارەسەری دانووستانمان لەگەڵ دەکات یان نا، تائێستا وەڵامان وەرنەگرتووە. هێشتا دیار نییە سەرۆکوەزیرانی تورکیا، دەخوازێت شوێنێکی وەهامان بداتێ یان پلانێکی تری هەیە. لەوانەیە هەوڵبدات DTP بکاتە یەدەکی AKP، بەڵام هێشتا دیارنییە، کە سەرۆکوەزیران کام لەم بیرۆکانە دەکاتە بنەما. بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە باشتر تێپەڕێت، پێویستە کێشەی متمانەکردن بەیەکتر لەنێوان AKP و DTP چارەسەر بکرێت و سەرەڕای ئەوانەیش نکۆڵی لەوە ناکەم، کە دانیشتنی هاوسەرۆکی پارتیمان لەگەڵ سەرۆکوەزیران ئەرێنی بوو، ئەم ئەرێنیەش لەکۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەمان و لەرەنگدانەوەی بۆ سەر میدیاکان هەستمان پێکردووە.

**وارڤین:** ئایا ئەو چاوپێکەوتنە دەبێتە مایەی ئەوەی DTP وەک لایەنێکی جێگرکردنی ئاشتی پەسند بکرێت، ئایا هەموو کوردیش پەسند دەکات ئەو پارتە ببێتە نوێنەری کورد لەپرۆسەی جێگیرکردنی ئاشتی و چارەسەریدا؟

**گوڵتان کیشاناک:** لەهەموو جیهاندا واباوە، کە بەتەنیا پارتێک ناتوانێت نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگەکەی بکات. لەگەڵ ئەمەش DTP خۆی بەتاکە نوێنەری گەلی کورد نابینێ. بانگەشەی من نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکەم، هەموو کورد وەک من بیردەکاتەوە، لەگەڵ ڕاستی دیموکراتخوازانەی DTPدا یەکناگرێتەوە، بەڵام دەبێت لەبەرامبەر ئەو ڕاستیەش چاوی خۆمان نەگرین، بۆچی لەگەڵ بانگەوازی DTP گەلی کورد دێتە سەر شەقامەکان، گرنگە بزانین بۆچی زۆرینەی کورد دەنگ بە DTP دەدات. ئەم پارتە لەبارەی داواکانی گەلی کورد

> ***ئۆجەلان، لەم قۆناغەدا چۆنیەتی وازهێنان لەچەک دەستنیشان دەکات. واتە هەر چی بکات بەپێی بەرنامە دەیکات. چونکە PKK ڕێکخراوێکی بەربڵاوە، ناتوانێ لەماوەیەکی کورتدا بڕیاری چەکدانان بدات***

## پرۆفایل



گوڵتان کیشاناک لە١٥ی جونی١٩٦١ لە شاری ئەلازیغی باکووری کوردستان لەدایکبووە. دەرچووی کۆلیژی پەیوەندییەکان و هەروەها پەیوەندییە گشتییەکانی بەشی ڕۆژنامەوانییە لە زانکۆی ئێجەی ئیزمیرە. ئەو وەک ڕۆژنامەنووس بۆ چەندین ڕۆژنامەی تورکیا کاری کردووە. لەهەڵبژاردنەکانی٢٠٠٧ی پەرلەمانی تورکیادا لەسەر لیستی DTP بەشداربوو و ئێستاش نوێنەری ئامەدە لە پەرلەمان. هاوسەرگیری کردووەو منداڵێکی هەیە.

**تێبینی: ئەم دیدارە لەکۆتایی مانگی ئابدا ئەنجامدراوە**

www.netewe.com

سیاسەتێکی بوێرانەی گرتووەتە بەر، بۆیەش گەلی کورد دەنگی بۆ دەدات و بە نوێنەری خۆیی دەزانێت.

وارڤین: پێتوایە ئۆجەلان لەنەخشەی ڕێگاکەیدا بە PKK بڵێت"خودا حافیزی لەچەک بکەن؟"

گوڵتان کیشاناک: چاوەڕێی شتێکی وەها ناکەم، بەڵام پێموایە ئۆجەلان لەم قۆناغەدا چۆنیەتی وازهێنان لەچەک دەستنیشان دەکات. واتە هەر چی بکات بەپێی بەرنامە دەیکات. چونکە PKK ڕێکخراوێکی بەربڵاوە، ناتوانێ لەماوەیەکی کورتدا بڕیاری چەکدانان بدات. ئەگەر قۆناغەکانی چارەسەری بۆ قۆناغی کورتخایەن، مام ناوەندیو درێژخایەن دابەشبکەین، ئەوا پرسی چەکدانان لەقۆناغی درێژخایەندا جێدەگرێت. واتە پاش دروستبوونی متمانەی دوو لایەنە ئەو پرسە دێتە ئاراوە.

وارڤین: ئایا PKK ئەو ئامادەییەی تێدا بەدیدەکرێت کە واز لە چەک بێنێت؟

گوڵتان کیشاناک: دە ساڵە PKK، بانگەشەی "چارەسەری کێشەی کورد بەشێوازی ئاشتیانەو خۆ ئامادەکردن بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتێکی دیموکراتیانە" دەکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەنێوان مافە دیموکراتییەکانی کورد و وازهێنانی PKK لەچەک، هاوتەریبییەک هەیە، بۆیە لەم قۆناغەدا ناچێتە واری جێبەجێکردنەوە. چونکە PKK دەڵێت، هۆکاری چوونە سەرچیام هەیەو بۆ کۆکردنەوەی گوڵو گیا نەچوومەتە سەر چیاکان. ئەو هۆکارانە چارەسەر بکەن، منیش دەستبەرداری چەک دەبم، بەشداری لەپێڕەوکردنی سیاسەتی دیموکراتیک دەکەم.

وارڤین: بۆ هاتنەئارای چارەسەریو ئاشتییەکی هەمیشەیی پێویستە لەکوێوە دەست پێبکرێ؟

گوڵتان کیشاناک: ماوەیەکی درێژ نکۆڵی لەناسنامەی کورد کرا. لەم سەردەمەدا سیاسەتی قرکردن باوی نەماوەو کاریگەری خۆی لەدەستداوە، بەڵام پێویستە هەبوونی کورد بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی یاسایی، چونکە کۆمەڵگە دیموکراتییەکان لەچوارچێوەی یاسادا شێوەبەند دەکرێن.

وارڤین: دەبێ دەوڵەتی تورکی چۆن سەیری پرسی کورد بکات؟

گوڵتان کیشاناک: ئەوەی گرنگە دەوڵەت بەچاوێکی یەکسان سەیری هاووڵاتیانی کورد بکات، چونکە ئەگەر دەوڵەت مافی یەکسانبوون بۆ هەمووان دابین بکات، بواری یەکسان بۆ ڕای گشتی بڕەخسێنێ، هەمووان بخاتە ناو



چوارچێوەیەکی یاسایی یەکسانەوە، ئەوا پرسی کوردیش چارەسەر دەبێت.


وارڤین: ژنانی کورد لەجێگیرکردنی ئاشتیدا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟

گوڵتان کیشاناک: ماوەی٣٠ ساڵە توندووتیژی، کاریگەری زۆری لەسەر ژنان دروستکردووە. ژنان قوربانی هەرەگەورەی قۆناغەکانی شەڕ بوون، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئەو شەڕە بووەتە مایەی وەچەرخانی هەرەگەورە بۆ ژنان. ژنانی کورد ئەمڕۆ بۆ بەدەستخستنی ئاشتی ململانێیەکی گەورە پەیڕەو دەکەن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ژنان بەناسنامەی خۆیان شەڕ بۆ دیموکراسی دەکەن، هێزی درێژەپێدان بەم شەڕەش لای ژنانی کورد بەرجەستەبووە، لەتوانایاندایە بەرێکخراوترین شێوە تا دەستەبەرکردنی دیموکراسیو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی درێژە بەتێکۆشانیان بدەن.

وارڤین: ئەگەر ژنانی کوردو تورک دەست بدەنە یەک، دەبنە هێزێکی گوشاری گەورە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی، چ بەرنامەیەکتان بۆ ئەم مەبەستە هەیە؟

گوڵتان کیشاناک: لەو ڕوانگەیەوە زۆر گەشبینم و بەرنامەی زۆرمان هەیە. پێویستە ئەوەش بڵێم ئەزموونێکی گەورەمان لەو بوارەدا هەیە، لەم وڵاتەدا هەر کەس بۆ مردووەکانی دەگری و بەکوژرانی منداڵەکەی جەرگی دەسووتێت. هەرکەس واهەستدەکات کە ئازارەکەی لەوانیتر زیاترە. بۆیە دەڵێم ئازار خاڵی هاوبەشی ژنانی کورد و تورکە، کاتی ئەوە هاتووە هەست بەمەینەتو ئازاری یەکتر بکەین، بۆ ئەمەیش ژنانی تورک شانبەشانی دەستەخوشکە کوردەکانیان، هەست بەو مەینەتە دەکەن و وەڵامی داخوازییە ئاشتییانەکانی ژنی کورد دەدەنەوە.

www.netewe.com



نەسرین محەمەد

# ژنە زیندانییەک: " دوای ئازادبوون هەواڵی گوللەبارانکردنی مێردەکەم بیست"

هەولێر

"سەیارەیەکی ئەمن، هاتە قوتابخانە بۆ ئەوەی دەستگیرم بکەن، منیش بەگریانەوە مەمکی خۆم دەرهێنا کە شیری لێدەهات و پیشانی ئەمنەکەمدا گوتم منداڵەکەم شیرەخۆرەیە وازم لێبێنن".

ژنێکی رووخسار گەنجە، سەراپای جلەکانی رەشن. ئاسەواری خەم و رۆژە نەبراوەکانی زیندان گەنجێتی ئەم ژنەیان شاردووەتەوە. خاوەنی دوومنداڵە و منداڵەکانی باوکی خۆیان نەبینیووە، چونکە لەشاڵاوی دەستگیرکردنی ساڵی ١٩٨٩، مێردەکەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە زیندانیکراوەو پاشان لەزیندانی ئەمنەسوورەکەی سلێمانی گوللە باران کراوە.

نەسرین، دوای دەستگیرکردنی مێردەکەی، زیندانی دەکرێت و وەک دەگێڕێتەوە ئەو کات ماوەی دووساڵ بووە کە شوویکردووە بەبێ دادگاییکردن ماوەی شەش مانگ، لە زیندانەکانی سلێمانی و بەغداد ماوەتەوە.

"کاتێ گەرامەوە منداڵەکانم نەیانناسیمەوە، چونکە کورەکەم ئەوکات تەمەنی دوومانگ و کچەکەشم یەک ساڵان بوو".

نەسرین محەمەد، ژنێکی تەمەن چل وحەوت ساڵەو خەڵکی سلێمانییە. مامۆستایەو خانەی مامۆستایانی لەسلێمانی تەواوکردووە. ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، بوو. نەسرین، کاتێک بەسەرهاتی زیندانی خۆی دەگێڕایەوە گریان قورگی پرکردبوو، چونکە گوتی " دەمویست بڵێن ئەوە خەوێکی ناخۆشە، بەڵام بەهیچ جۆرێک لەو خەوە رزگارم نەدەبوو".

ئەو هاوسەری جەمالی حەمە نوقڵەیە کە دوومانگ بەر لەدەستگیرکردنی نەسرین، بەهۆی خیانەتی یەکێک لەهاورێکانی خۆی، لەتۆڕی رێکخستنەکانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لەنێو شار، زانیارییەکانی ئاشکرا کراوەو بەو هۆیەوە دەستگیرکراوە.

ئەو، تۆڕە بەرفراوان بووەو ئەندامەکانیشی لەهەردوو رەگەز پێکهاتووە، بۆیە کاتی خۆی رژێمی بەعس هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردنی ئەو تۆرەی دەستپێکردووەو زۆریشیانی گوللەباران، کردووە.

هاوسەرەکەی نەسرینیش، چەند مانگێک دوای دەستگیرکردنی گوللەباران کراوە. نەسرین، بە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو وەها درێژەی بەقسەکانی دا:" من نەمزانی شووکردن چییە، چونکە جیا لەوەی مێردەکەم بەکاری رێکخستنی ناوشار خەریکبوو، هەمیشەش لەدڵەراوکێدا دەژیاین و لە ئاشکرابوون دەترساین. دووساڵ دوای هاوسەرگیری من و مێردەکەم دەستگیرکراین و منداڵەکانمان لەنازی دایک وباوک بێبەشبوون". ئەو ژنە، وێرای هەموو ئەوناخۆشییانەی بەسەریهاتووە، بەڵام" کۆڵی نەداوە" و منداڵەکانی گەورەکردووە. نەسرین رۆژی دەستگیرکردنی خۆی بەمجۆرە دەگێڕێتەوە" کاتێک من و مێردەکەم، زیندانیکراین، ماوەی دوومانگ بوو منداڵم ببوو و مۆڵەتی دایکایەتیشم وەرگرتبوو. بەهۆی دەستگیرکردنی مێردەکەم، من زۆر خەمگین بووم، بۆیە مامۆستایەکی هاورێم هاتەلام وگوتی، دەبێت بێیتەوە دەوام، باشترە.

www.netewe.com

یەکەم ڕۆژی ڕۆیشتنم بۆ دەوامم، هەستم بە بارودۆخێکی نائاساییی کرد، لەوکاتەدا مۆستایەک هات و پێیگوتم لێرە برۆ، بۆیە ویستم برۆمەوە، بەڵام بەرێوەبەرەکەم مۆڵەتی پێنەدام و نەیهێشت بەبیانووی ئەوەی، کە گوایە کۆبوونەوەمان هەیە. بۆیە هەستم بەترسێکی زۆرکردو واملێهات کە هەموو گیانم دەلەرزی و مامۆستاکان هەوڵیاندەدا هێمنم بکەنەوە".

دوای کاتژمێرێک توتومبێلێکی پۆلیس بەرەو قوتابخانە هاتوون و هەموو مامۆستاکانیان لەژوورێکدا کۆکردەوە، تا ئەو هەست بەهیچ نەکات، چونکە ڕەنگی تێکچووەو گریاوەو زانیویانە زۆر "دەترسێت"، دوای ئەوە یەکەیەکەی مامۆستاکانییان ناردووەتە دەرەوەو تەنیا ئەویان هێشتووەتەوە و پێیانگووتووە تۆ تا ماوەیەک لای خۆمان ڕایدەگرین.

نەسرین، لەوکاتەدا کە ئەو بەسەرهاتەی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە، ڕەنگی سورهەڵگەڕابوو و لەسەر کورسییەکەی زۆر دەجوڵایەوە و هەستی بەنائارامیی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبوو لەهەڵدانەوەی ناخۆشترین لاپەڕەی ژیانی، بەڵام ئەو سووربوو لەسەرئەوەی لەگەڵیان نەچێت" بەگریانەوە دەمگوت من لەگەڵتان نایەم و لەپێش ئەمنەکە دەپارامەوەو مەمکی خۆمم دەرهێنا کە شیری لێدەهات و پێمگوت منداڵەکەم شیرەخۆرەیە.
لەوکاتەدا ئەمنەکە گوتی، ئەگەر سوار نەبیت، بەقژ ڕاتدەکێشمە ناو سەیارەکەو هەموو قوتابیەکانیش بانگدەکەم چەپڵەت بۆ لێبدەن".

نەسرین، کە ڕێگەنادات ڕووبەڕووی ئەو سووکایەتییە ببێتەوە، بەجورئەتەوە دەچێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەو بەرەو دایرەی ئەمن دەگوازرێتەوە.
ئەو، باس لەتێکچوونی باری دەروونی خۆی دەکات، کە لەگەڵ گەیشتنی بۆ زیندانی ئەمنەسوورەکە، تا دوو ڕۆژ بووراوەتەوەو زیندانییەکان بۆیان گێڕاوەتەوە کە قسەی بەزرکاندووەو بانگی مێردەکەی و منداڵەکانی کردووە. کاتێ نەسرین بەئاگادێتەوە، بەگوتەی خۆی زیندانەکە پڕ لەژنی گەنج و بەتەمەن و منداڵ بووە وکە چڵکن و برسی بوون و هەمووشیان کوردبوون. نەسرین، ئاماژە بەناوی" شیرە ژنێک"ی زیندانی دەکات کە دواتر لەگەڵ کوڕەکەی لەسێدارەدراوەو ئەویش بەهۆی ئاشکرابوونی ئەو تۆڕەی حیزبی سۆشیالیست، دەستگیرکراوە. وەک خۆی دەڵێت، ژنەکە ناوی دایەگوڵە بووە. خۆڕاگری و بەهێزی ئەو ژنە بووەتە هۆکاری دڵدانەوەی نەسرین، هەمیشە ئامۆژگاری ئەو ژنە وایکردووە خۆڕاگربن و هیچ زانیاریەک نەدرکێنن. نەسرین، دەڵێت:" دایە گوڵە، هۆیەکی خۆڕاگریم لەزیندان بوو و دەبووایە حکوومەتی کوردستان پەیکەری ئاڵتونی بۆبتاشێت.

دایە گوڵە زۆر ئەشکەنجەدرابوو، بەڵام هیچ زانیاریەکی نەدرکاندبوو". نەسرین، خۆی بەقەرزاری دایە گوڵە دەزانێت، بۆیە بەڵێنیداوە لەهەموو چاوپێکەوتنێکدا باسیبکات، چونکە ئەو ژنە بەردەوام ئامۆژگاری زیندانییەکانی کردووە.
ئەو دەیگێڕێتەوە، کە ئاویان لەبەردەرگای ژوورەکەی خۆیان ڕشتووە، تا لەوکاتەی کە زیندانییە پیاوەکان بە وێدا ڕەت دەبن، بیانبینن و بەتایبەتیش دایە گوڵە، بۆ بینینی کوڕەکەی ئەوەی کردووە.

ئەو ژنە زیندانییە، باس لەو شەوە دەکات کە مێردەکەی و هەڤاڵانی گوللەباران کراون. پاسەوانانی زیندانییەکە خواردنی خۆخو شەربەت و میوەیان بۆهێناون، لەبەرئەوەی ئەو ژنە زیندانییەکان ساڵێکبوو گۆشت و خواردنی باشیان نەخواردبوو، بۆیە بەشەرهاتوون و دەستیان لەسەروقژی یەکترناوە بەر لەوەی پاسەوانەکانیش هەست بەو کارە بکەن، دایەگوڵە، گۆشتەکەی بۆ بەشکردوون و وەک دایکێک، نەیهێشتووە شەڕ بکەن.

"بەگریانەوە دەمگوت من لەگەڵتان نایەم و لەپێش ئەمنەکە دەپارامەوەو مەمکی خۆمم دەرهێنا کە شیری لێدەهات و پێمگوت منداڵەکەم شیرەخۆرەیە. لەوکاتەدا ئەمنەکە گوتی، ئەگەر سوار نەبیت، بەقژ ڕاتدەکێشمە ناو سەیارەکەو هەموو قوتابیەکانیش بانگدەکەم چەپڵەت بۆ لێبدەن".

نەسرین، باس لەکاتی گوللەبارانکردنی کوردەکان لەئەمنەسورەکە دەکات کە هەرکاتێک ویستوویانە زیندانی گوللەباران بکەن، تەلەڤزیۆنێکیان هێناوەتە بەردەم دەرگای زیندان و دەنگیان بەرزکردووەتەوە، تا ئەوان گوێیان لە دەنگی تەقە نەبێت، ئەو شەوەش کە مێردەکەی و هەڤاڵەکانیان گوللەباران کردووە، هەمانشتیان دووبارەکردووەتەوە، بەڵام ئەو نەیزانیووە دەنگی تەقەو خواردنەکەی ئەو شەوە هی گوللەبارانکردنی مێردەکەی بووە.

نەسرین دوای چەند ڕۆژێک گواستراوەتەوە بۆ بەندیخانەی سەورە لە سلێمانی و شەوێک تا بەیانی لەبەرباران ڕایانگرتووە. لەو ماوەیەدا ڕێگەیان نەداوە کەس سەردانی بکات. تەنیا باوکی، توانیویەتی لەڕێگەی براکەیەوە پارە بە پاسەوانێکی زیندانەکە بدات تاخواردن بۆ نەسرین ببات و ببینێت. وەک دەیگێڕێتەوە" کاتێک براکەم منی بینی زۆر تێکچوو و یەکسەر پرسیاری لێکردم کە جۆری ئەشکەنجەدانی لێپرسیم تا بزانێت چییم ڵکراوە. منیش دڵیم دایەوەو گوتم هیچیان لێنەکردووم".

نەسرین دوای چوار ڕۆژ مانەوەی لەزیندانی سەورەی سلێمانی دەگوازرێتەوە بۆ بەندیخانەی بەیات لە بەغداد. نەسرین، بەسەرهاتی ژنێکی زیندانی بەندیخانەی بەیات دەگێڕێتەوە کە بەهۆی گوللەبارانکردنی براو مێردەکەی لەبەرچاوی عەقڵی لەدەستداوەو لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئازادنەکراوە و لەزینداندا بووە.

ئەو، سووکایەتییەکانی زیندان بەجۆرێک باس دەکات،" زمان توانای گوزارشتی ئەو ڕۆژانەی نییە". هەروەها باس لە ژنی عەرەبیش دەکات کە لەگەڵیان زیندانیبوون و لەلایەن ئەوانیشەوە هەر سووکایەتییان پێکراوە. وەک نەسرین باسی لێوە دەکات، لە پەرۆشی دووری منداڵەکانیان، ڕۆژەکانیان بەگریان بەسەربردووەو لەگەڵ ئەوەشدا خەمی مێردەکەی بووە، چونکە نەیزانیووە گوللەبارانکراوە.

ئەو دوای شەش مانگ لەزیندانیبوونی بەهۆی لێبووردنی گشتیی ئازادکراوە، بەڵام دڵخۆش نەبووەو دوای دەرچوونی لەزیندان هەواڵی گوللەبارانکردنی مێردەکەی بیستووەو ئاگاداریش کراوەتەوە کە نابێت پرسەی بۆ دابنێت. سەرەڕای هەموو ئەو ناخۆشییانەش نەسرین، ڕووبەڕووی قسەی کۆمەڵگە بووەتەوەو ڕێگەیشی پێنەدراوە بۆسەرکاری پێشووی کە مامۆستا بووە بگەڕێتەوە.

www.netewe.com

## "گۆڕان نابێتە حیزب"

# پرسی ژن لە یەک کێشەدا چڕ ناکەینەوە

هەولێر

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، لەپەرلەمانی کوردستان کوێستان محەممەد، لەدیمانەیەکی وارڤین:دا باس لەرەوشی لیستی گـۆڕان، لەهەرێمی کوردستان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لیستی گۆڕان، بەرنامەی نییە تا ببێتە حێزب و هەوڵدەدات وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری، دەمێنێتەوە.هەروەها ئـەوەش دەخاتەڕوو کە ئـەوان چەند پڕۆژەیەکی تایبەت بەژنانیان ئامادەکردووەو بەم نزیکانە لەنێو پەرلەماندا دەیانخەنەڕوو.

**وارڤین:** تۆ لەپەرلەمانی پێشوودا جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان بووی، کاری ئەو لیژنەیە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

– ئەو لیژنەیە یەکێک لەلیژنە زۆر چالاکەکانی پەرلەمان بوو. تەنیا لیژنەیەک بوو کە پڕۆژەیاسای هەبوو، دوو پڕۆژە یاسامان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، بەڵام بەداخەوە پڕۆژەکان نەبوون بە بڕیار. پڕۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسیمان هەبوو، کە کۆمەڵێک بڕگەی لەبەرژەوەندی ژن هەموارکرد، ئەوەش دەستکەوتێکی گرنگی لیژنەکەمان بوو. جگە لەوەی هەر ژنێک کێشەی هەبووبێت، بەدواداچوونمان بـۆکـردووە. بۆیەکەمجار لەمێژووی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکەی ئێمە لێپرسینەوەی لەگەڵ وەزیر و نیوەی ئەنجوومەنی وەزیران کردووەو لەسەر مەسەلەی ژن کوشتن، بۆ نێو پەرلەمانی بانگهێشت کردوون. دوای ئەو هەڵوێستەی ئێمەیش ئەنجوومەنی وەزیــران، لیژنەیەکی بـەدواداچـوونـی بۆ پرسی توندووتیژی دروستکرد و لەسەر راسپاردەکانمان بەڕێوەبەرایەتی توندووتیژی لەپارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک، دامەزراند.

**وارڤین:** ئەو پڕۆژانەی کە لیژنەکەتان نەیتوانی جێبەجێی بکات چی بـوون؟ ئایا ئـەو پڕۆژانە دەخەنەوە ئەولەوییەتی کارەکانتانەوە؟

– یەکەمجار پڕۆژەیاسای قەدەغەکردنی توندووتیژی لەهەرێم تـەواودەکـەیـن. دوای ئـەوەش پـڕۆژە یاساکانیتر. لەبناغەدا نـەدەبـوایـە پەرلەمان پڕۆژەیاسای قەدەغەکردنی توندووتیژی بنێرێتە ئەنجوومەنی وەزیـران، بەڵام کە پەرلەمان ناردی داوایکرد لەماوەی هەفتەیەکدا تا دە ڕۆژ بینێرنەوەو وەڵاممان بدەنەوە، بەداخەوە حکوومەت دوای ساڵێک بەدەستکارییەکی زۆرەوە وەڵامی داینەوە. پاشان جارێکیتر خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراو درایـەوە بەلیژنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئـەوەی بۆچوونی خۆیانی لەسەر دەرببڕن، بەڵام لەلیژنەی یاسایی دواخراو، نەخرایە بەرنامەی کارەوە.

**وارڤـیـن:** وەک ژنێک، جـیـاوازی نێوان گـۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەچی دەبینی؟ یان بڵێین گـۆڕان چی بەتۆ دەبەخشێت کە یەکێتی پێینەدایت؟

–گۆڕان، بۆ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەرنامەی خۆی هەیە. هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی لەم کۆمەڵگەیەو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ گەندەڵی و هەموو مەسەلەکانی تردا پەیامی تایبەتی هەیە، بۆ پرسی ژنیش پەیامی تایبەتی خۆی هەبوو. لەلایەکیتر کاک نەوشیروان، چەندینجار لە تیڤیدا پشتگیری گەورەی بۆ ژنان دەربڕیوە. چەند جارێک لەگەڵ




کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان



– بەکالۆریۆسی لەماتماتیکدا هەیە.
– سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی گۆڕانە لەپەرلەمانی کوردستان.
– لەپەرلەمانی پێشوودا سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بووە.
– پێشتر ئەندامی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە.
– خێزاندارەو دوو کوڕی هەیە.

ژنان دانیشتووەو بەڵێنی پێداون کاری جیددی بۆ مەسەلەی ژنان بکات و هەموو جارێکیش قسەکانی بەو گوتەیە تەواوکردووە،" دەبێ کارێک لەم هەرێمەدا بکەین، هیچ ژنێک نەڵێت ئاخ خۆزگە ژن نەبوومایە". هەموو هاورێکانم لەلیستی گۆران بەژن و پیاوەوە لەوانەن کە لە سەدادسەد بڕوایان بەماف و یەکسانی ژن و پیاو هەیە، ئەوانە ئەوشتانەن کە لیستی گۆران بەژنانی دەدات و لەناویشیاندا بە کۆیستانی داوە کە رەنگە لەشوێنێکیتردا پێینەدرابێت.

**وارڤین:** بەڵام پەیامەکەی بەرێز نەشیروان مستەفا بۆ پرسی ژن بەبەراوورد لەگەڵ پەیامەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، شتێکی نوێتری تێدانەبوو، لەبەرئەوەی هیچ بەرنامەیەکی نووسراو و پلاندارێژراوی تێدانەبوو کە چوارچێوەی روانگە کلاسیکەکان بۆ پرسی ژن، تێپەڕێنێت؟

– لەوانەیە تۆ بەس پەیامەکەت خوێندبێتەوە، بەڵام ئەگەر لەتەلەفزیۆنەوە گوێت لێ بگرتایە کاتێک کە خودی کاک نەوشیروان، پەیامەکەی دەدا، زۆر جیاوازتر بوو لەوەی کە لەدەقە نووسراوەکەدا هەبوو، راستە بەخاڵ پەیامەکەمان وادیارە، بەڵام لەراستییدا شمولیترو هاوچەرخترەو مەسەلەی ژن، لەکۆمەڵێک مەسەلەی تایبەتیدا بچووک ناکاتەوە، بەڵکو گشتگیر دەیبینێت و دەیەوێت چارەسەرێکی بنەڕەتی وای بۆ بکات کە بەراستی ژن، لەم کۆمەڵگەیەدا نەڵێت ئاخ خۆزگە ژن نەبوومایە.

**وارڤین:** وەک ئاگادارن، رۆژانە ژن، لەهەرێمی کوردستان دەبنە قوربانی توندووتیژی، بۆ نموونە بەچەک دەکوژرێن، ئێوە کە بانگەشەی روانگەیەکی جیاوازتان دەکرد، بۆچی هیچ هەڵوێستێکتان لەپەیامەکانتاندا نەبوو و هیچ بەرنامەیەکی پێشوەختەتان لەوبارەیەوە رانەگەیاند؟

– ئێمە نەمانویستووە کێشەی گەورەی ژنان لەمەسەلەیەکدا چڕبکەینەوە، چونکە کۆمەڵێک کێشەی گەورەی ژن هەیە، راستە توندووتیژی دیاردەیەکی گەورەیە، بەڵام مەسەلەی تریش هەن کە هەموویان پێکەوە گرێدەدات، بۆیەش ئێمە بەشێوەیەکی گشتگیر باسمان لەمەسەلەی ژن کردووە. وەک دەزانن، من سەرۆکی فراکسیۆنی گۆرانم، بەڵام کاتێک کە لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژن دیاریکرا و من بۆ نێو لیژنەکە گەڕامەوە، هەوڵدەدەم گەورەترین کار لەسەر پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی توندووتیژی لەدژی ژنان، ئەنجام بدرێت.

**وارڤین:** رێژەی ژنان لەلیستی گۆڕاندا چەندەو پلانی ژنانی سەر بەلیستی گۆڕان بۆ خزمەتکردن بەپرسی ژن، چییە؟

– ئێمە نۆ کەسین لەپەرلەمان، واتە ژنان رێژەی٣٣٪ی لیستی گۆڕان پێکدەهێنن. بۆ چارەسەری کێشەکانی ژن چەند پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە، کە جارێ نامەوێت ئاشکرایان بکەم، لەمیانەی چەند مانگی داهاتوودا دەیخەینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەرگری لێدەکەین.

**وارڤین:** بۆچی ئێوە ئائێستا بەفەرمی جیابوونەوەی خۆتان لەیەکێتی رانەگەیاندووە؟

پێویستە هەمو خەڵک ئەوە بزانێت، ئێمە بەشێک لە یەکێتی نین، ئێمە بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەرتاسەرین، کە پێکهاتووە لەخەڵکانێک کە رۆژێک لەرۆژان یەکێتی و پارتی و شیوعیی و ئیسلامی و پاسۆک بوون و هەروەها کۆمەڵێک نوخبەو روناکبیر و خەڵکی بێلایەن و باڵی ریفۆرمی یەکێتیش پشتیوانیمان لێ دەکات.

**وارڤین:** هەندێک لە رەخنەگران دەڵێن، گۆران لەبەر ئەوەی سەرۆکی حکومەت یەکێتییە بەشداری لەحکومەتدا نەکرد، ئەگەر نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەت بوایە بەشداریتان دەکرد؟

– نە، هەر بەشداریمان نەدەکرد.

**وارڤین:** لەسەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بۆ سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، هۆکارەکانی ئەم گۆڕانە خێرایە چی بوو؟

– من کە لەنێو یەکێتیشدابووم یەکێکبووم لەو کەسانەی، هەمیشە بەدەنگی بەرز رەخنەم هەبوو و چونکە ئۆپۆزیسیۆن بووم. بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٢ دەستم لەکارکێشایەوەو ساڵی ١٩٩٤ لەسەر داوای جەنابی مام جەلال گەڕامەوەو دەستم بەکار کردەوە. یەکێک بووم لەکادیرە دیارەکانی باڵی ریفۆرم، لەبەرئەوە ئاساییە کە باڵی ریفۆرم پشتگیری لەلیستی گۆران دەکات و منیش کاندیدی لیستی گۆران بم.

**وارڤین:** هەندێک لەشرۆڤەکاران، رەوشی ئێستای گۆران بەو ئاراستەیەدا لێکدەدەنەوە، کە رەنگە سەرکردایەتیی گۆران بەو باوەڕەوە گەیشتبن کە بەرەو بە حیزب بوونی بەرن. ئەو شرۆڤەیە راستە؟

– نەخێر، نابین بەحیزب، بەڵکو دەبینە بزووتنەوەیەکی جەماوەری. بەداخەوە کاری ناشیرینی هەندێک لەحیزبە سیاسییەکان لەم هەژدە ساڵەدا وایکردووە، حیزبی سیاسی لەلای خەڵک روویەکی جوانی نەبێت. ئەگەر بزووتنەوەکەمان بکەین بەحیزب، رەنگە بچووککردنەوەی بزووتنەوەکەمان بێت، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەرتاسەرییەو کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاوازی تێدایە.

**وارڤین:** لیستی گۆران بەدەنگی خەڵک بیست وپێنج کورسی بەدەستهێنا، واتە خەڵک متمانەیان پێدا، بەڵام سەرۆکەکەی ئامادەنەبوو بێتە پەرلەمان. هۆی چ بوو؟

– ئاساییە، لەبەرئەوەی، ئەو سەرپەرشتی لیستی گۆران دەکات لەپەرلەمانی کوردستان و عیراقیش و سەرپەرشتی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەکات. ئەو کەسی یەکەمە بۆیە، پێشتر بەبرادەرانی لیستەکەی گوتووە، خۆکاندیدکردنی تەنیا بۆ بەهێزی لیستەکەیە، دواجار ئەو و کاکە حەمەو کاک عوسمان شوێنەکانی خۆیان بۆ کەسانێکی گەنج چۆڵ دەکەن.



**بەهرە حەمەڕەش**

www.netewe.com



## خێزانەکەی نیگەرانن

# بکوژی خەیاڵ دەستگیر نەکراوە

دهۆک

له بەیانی رۆژی٢٠٠٩/٤/٨، ژنێک بەناوی خەیاڵ، بۆ کرینی سەموون دەچێتە دەرەوەو دوای سێ مانگ لە ونبوونی، تەرمەکەی لە چۆڵەوانییەکی دەوروبـــەری شـاری دهۆک دەدۆزرێتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دادپزیشکی، زانراوە کە خەیاڵ، هەر لەرۆژی ونبوونیدا کوژراوەو سووتێنراوە، بەڵام کەسێکی نزیک لەخێزانی خەیاڵ، دەڵێت، کە پێدەچێت بکوژ یەکێک لەئەندامانی خێزانەکەی بێت.

خەیاڵ، ژنێکی تەمەن ٥٨ساڵان و دانیشتووی گەڕەکی سەرهەڵدانی دهۆک بوو. لە بەیانی رۆژی٢٠٠٩/٤/٨ بۆ کرینی سەموون لەماڵ دەچێتە دەرەوەو ئیتر ناگەڕێتەوە، ئەو بۆماوەی سێ مانگ بێسەروشوێن دەمێنێتەوە. لەرۆژی ٢٠٠٩/٧/٤ لەچۆڵەوانی سێجێی سەر بەقەزای سێمێل، پیاوانی پۆلیس لاشەکەی بەسووتاوی دەدۆزنەوە.

خەیاڵ، ماوەی ١٥ساڵە هاوسەرگیری لەگەڵ سەلیم حەسەن، کردووە. سەلیم، کە تەمەنی ٦٦ساڵە بەر لەخەیاڵ ژنێکی تری هەبووە، کە کۆچی دوایی کردوە، لەژنەکەی پێشووی شەش منداڵی هەیە.

خەیاڵیش بەر لەسەلیم، شوویەکی تری کردووەو لەمێردەکەی پێشووی شەش منداڵی هەبووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دادپزیشکی، زانراوە کە خەیاڵ هەر لە رۆژی ونبوونیدا کوژراوەو سووتێنراوە. سەبارەت بەدۆزینەوەی بکوژانی خەیاڵ، سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندووتیژی دژ بەژنانی پارێزگای دهۆک، بەوارڤینی راگەیاند "ئاتێستا هیچ زانیارییەکمان لەسەر کوشتنی ئەو ژنە، بەدەست نەهێناوە"، بەڵام کەسێکی نزیک لەخێزانی خەیاڵ، بە وارڤینی راگەیاند کە" ئێمە هەندێک بەڵگەی باوەڕپێکراومان لەسەر کوژرانی خەیاڵ، کۆکردووەتەوەو رەنگە کوشتنەکەی ئاشکرا بکەین، بەڵام ئەوە زۆر ئاسان نییەو لەوانەیە بکوژ، یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی بێت".



(خەیاڵ)ی کوژراو

سەلیم، کە مێردی خەیاڵە، بەسەرهاتی ونبوونی ژنـەکـەی ئـاوا گـێـڕایـەوە"رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/٤/٨، مـن و خـەیـاڵ پێکەوە لەخەو هەستاین، من لەماڵ چوومە دەرەوەو کاتژمێر ٣ی ئێوارە گەڕامەوە، کاتێ هاتمەوە خەیاڵ لەماڵ نەبوو، تەلەفۆنم بۆ کرد، تەلەفۆنەکەی داخرابوو، هەرچی گەڕام هیچم دەستنەکەوت، بۆیە رۆژی دواتر چوومە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانەکان و سکاڵام لەبارەی ونبوونی خەیاڵ تۆمار کرد".

سەلیم، کە بەهۆی کوشتنی خێزانەکەی زۆر پەرێشان ببوو، بەپێی قسەی خۆی، لەگەڵ منداڵەکانی زیاتر لە١٠جار، بۆ بەدواداچوون ودۆزینەوەی نهێنی کوشتنی خەیاڵ، سەردانی دەزگاکانی پۆلیسیان کـردووە، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن" پێدەچێت، کە کوشتنەکەی ئاوەوئاو بچێت".

مێردی خەیاڵ، هەبوونی هـەر گومانێک لە ژنەکەی رەت دەکـاتـەوەو دەڵێت" ئەو لەتەمەنێکدا نەبوو هەڵە بکات". بەپێی گوتەی خۆی لەوانەیە بەهۆی زێڕەکانی تووشی ئەو کارەساتە هاتبێت، چونکە ئەو رۆژەی لەماڵ دەرچووە" ٨ بازنی زێڕ و سێ ئەنگوستیلەی لەدەستدا بووە".

سەلیم، لەبارەی دۆزینەوە و ناسینەوەی تەرمی هاوسەرەکەی دەڵێت "سەرەتا پێیوانەبووە کە ئەوە تەرمی ژنەکەی بێت، چونکە لاشەکەی زۆر شێوێندراوەو تەنیا کەمێک لەقژی بینیوە کە نەسووتاوە.

سەلیم، لەرۆژی ٢٠٠٩/٧/٤ لە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانەکانەوە پەیوەندی پێوەدەکرێت و پێیدەگوترێت، کە تەرمێک لەچۆڵەوانی سێجێ سەر بەقەزای سێمێل دۆزراوەتـەوە کە پێدەچێت تەرمی هاوسەرەکەی بێت.

بۆیە رۆژی دواتر دەچێتە بنکەی پۆلیس و لەوێ لەتێک لەکراسەکەی و تاکە نەعلێک و کلیلێکی پێ نیشاندەدەن، کە لەنزیک تەرمەکە دۆزرابوونەوە،"یەکسەر زانیم کە ئەوانە هی خەیاڵ بوون و تەرمەکە تەرمی ژنەکەمە".

بەپێی راپـۆرتـی دادپـزیـشـکـی لـەدهـۆک، چۆنیەتی کوشتنەکە دەستنیشانکراوە "گوللەیەک لەسەری خەیاڵ دراوەو شوێنی ئەشکەنجە لەسەر ئێسقانەکانی دیارەو دواتر جەستەی خەیاڵ سووتێنراوە و هیچ گۆشتی پێوە نەماوە".

بەپێی قسەی سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی توندووتیژی، لـەمـاوەی ئـەم سێ مانگەدا سەبارەت بەکوشتنی خەیاڵ، لێکۆڵینەوەیان بەردەوام بووە" رۆژی٢٠٠٩/٧/٣ هاوڕێیانی بـەڕێـوەبـەرایـەتـیـیـەکـەمان تـەرمـەکـەیـان لەچۆڵەوانی سێجێ، دۆزیـیـەوەو لـەرۆژی دۆزینەوەی تەرمەکەیەوە، لێکۆڵینەوەکان بۆ دۆزینەوەی بکوژانی بەردەوامە، بەڵام تا ئێستا بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشتووین".

**هێژا شێخ مەمی**

www.netewe.com

## له سوڵحێکی عەشایەریدا سێ کچ دەبنە قوربانی

# "با حکوومەت ڕێگە لەسـ

رانیه

له هەندێ ناوچەی کوردستاندا، تائێستاش سوڵحه عەشایەرییەکان دادوەرن و کێشه کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگه یەکلایی دەکەنەوە، کچانیش که قوربانی یەکەمی ئەم دیاردەیەن داوا لەحکوومەت دەکەن، کار بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەی سوڵحی عەشایەری بکات.

له تەمەنی پێنج ساڵیدا لەچارەسەرکردنی کێشەیەک لەڕێگەی سوڵحی عەشایەرییەوە، له کوڕێکی ماڵه دراوسێکەیان مارە دەکرێت، لەتەمەنی ١٢ ساڵییدا ئاهەنگی هاوسەرگیری دەکات و دەبێته ژنی ماڵ و خاوەنی کوڕێک، بەڵام لەبەرئەوەی لەمێردەکەی جیادەبێتەوە، ڕێگەی پێنادرێت کوڕەکەی ببینێت.

هاژە، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن ٢٦ ساڵە، یەکێکه لەو کچانەی که قوربانی دابوونەریتی کۆمەڵگەو سوڵحی عەشایەرییه. هاژە، دانیشتووی یەکێک له گوندەکانی سەربه شارەدێی سەرکەپکانە، بەچاوەشینه پڕ فرمێسکەکانی که هەمیشه، لەچاوەڕوانی کوڕه تاقانەکەیدایە، چیرۆکی ئەو ژیانه سەختەی گێڕایەوە، که بەهۆی سوڵحێکی عەشایەری ڕووبەڕووی بووەتەوەو داوا لەحکومەت و ڕێکخراوەکانی ژنان دەکات، سنوورێک بۆ ئەو دیاردەیه دابنێن، "لەسوڵحی عەشایەریدا خۆم و کچه پورێکم و ئامۆزایەکەم بووینه قوربانی هەڵەیەکی مامم، لەبەرئەوەی ئەو، ژنی هەڵگرت. بێئەوەی ئێمه بتوانین قسەیەک لەچارەنوسی خۆمان بکەین، پێویسته حکوومەت، کار بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیه بکات، که ژن تێیدا قوربانی سەرەکییە".

له هەندێ ناوچەی کوردستاندا، تائێستاش کچان دەکرێنه قوربانی هەڵەی پیاوانی بنەماڵەو وەک نەریت "ئەو کچەی لەسوڵحێکی عەشایەریدا وەک دەڵێن، ئاگرێکی پێدەکوژێننەوەو ژیانی ئەو لەجیاتی هەمووان دەسووتێنن، دەبێت هەموو ڕەخنەو سووکایەتییەک قبوڵبکات، ئەگینا سوڵحەکه هەڵدەوەشێتەوە".

سەبارەت بەهۆکاری جیابوونەوەی لەگەڵ مێردەکەی، که لەسوڵحێکی عەشایەریدا پێیدرابوو، هاژە گوتی: "ئەو ماڵه وەک زیندان بوو، هەمیشه ڕووبەڕووی توانجی بنەماڵەی مێردەکەم دەبوومەوە، سووکایەتیان پێدەکردم و بەردەوام پێیاندەگوتم، تۆمان لەجیاتی خوێن وەرگرتووەو دەبێ بەهەمووشتێک ڕازی بیت".

لەبەر ئەوە چەندجارێک دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، لەماڵی باوکیشی باوکی سەرزەنشتی دەکات، "تۆ تازە شووت کردووه لەجیاتی سوڵح دراوی، دەبێ بەهەموو شتێک ڕازی بیت، خۆ تازە سوڵح لەبەرخاتری تۆ هەڵناوەشێنینەوە. یەک گلەیشیان لێت هەبێت دەتکوژم. بەناوی ڕۆیشتنیشەوە بێیتەوە بۆ ئێرە، به قوربانی یەک گوللەت دەکەم".

هاژە، بەبێتاقەتییەوە بەردەوامە لەگێڕانەوەی، ئەو ژیانه دژوارەی بەهۆی مامیەوە تووشی بووە، لەبەرئەوەی کارەکەی بەدڵی خەسووی نەبووە، کەوتۆته لێدان و دەرکردنی، "ڕۆژێک سەرقاڵی کارکردن بووم، نەمزانی که گۆلکەکەمان چووەته ناو شینابییەوە، لەو کاتەدا خەسووم هاتەوە کەوته لێدان و جنێودان بەخۆم و کەسووکارم، زۆر پاڕامەوە، بەڵام بێسوود بوو، خەزوریشم لەو خراپتری پێکردم و گوتی، دەبێت هەر ئێستا ئەم ماڵه بەجێبهێڵیت، تۆمان ناوێ ئەو سوڵحەش هەڵدەوەشێنمەوە".

هاژە، دوای دەرکردنی لەماڵی خەزووری دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی، باوکیشی لەماڵی خۆی لێیدەدات و دەریدەکات و ناچاری دەکات، که بگەڕێتەوە ماڵی خەزووری و پێیاندەڵێت: "گۆشتەکەی بۆ ئێوەو



# وڵحی عەشایەری بگرێت"



ئیسقانەکەی بۆ من". ئەو ژنە، وێڕای هەموو ناخۆشییەکانی، ناهێڵن منداڵەکەشی بەخێوبکات و خەسووی لێیدەسەنێتەوە،" لەتەمەنی نۆ مانگیدا کورەکەی دەسووتێت، بەڵام خەسووی ناهێڵێت لەگەڵی بچێتە خەستەخانە".

سەبارەت بەهەبوونی ئەو دیاردەیە، لێپرسراوی نووسینگەی بەدواداچوونی توندووتیژی دژ بە ژنان رائید حەسەن رایگەیاند:" تائێستا زۆربەی کێشەکان، لەم ناوچەیە بەسولحی عەشایەری چارەسەر دەکرێن، بەهۆی دەستێوەردانی عەشیرەت و کەسایەتییەکان لەناوچەکەدا ئەمە جگە لەوەی کێشەکان بەسولحی عەشایەری زووتر چارەسەر دەبن تا لەدادگا، چونکە لە دادگا کاتێکی زۆر دەخایەنێت".

هەروەها ئاماژەی بەهاتنی ئەو حاڵەتانە کرد بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەیان، کە زیاتریش کێشەی نێوان ژن ومێردە، بەهەموو جۆرەکانی وەک، شەڕکردن و لێدان و تۆران، خیانەتی هاوسەری، مارەیی سەربێشکە، خۆشەویستی و ڕەدووکەوتن و لێدان لەلایەن کەسووکاریانە، تا ئێستاش زیاتر لە٦٠ کێشە چارەسەرکراوە.

پارێزەری دادگای ڕانیە سارا حەسەن ڕەسوڵ، تیشکی خستەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان لەدەرەوەی دادگەو گوتی:"بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە، خێزانەکان ڕێگە نادەن کێشەکان بچنە دادگاو دەیانەوێت لەناو خۆیاندا چارەسەر بکرێن".

ئەو پارێزەرە، نەبوونی ئەو ئازادییەی ژنانی خستەروو، کە بەشێکی زۆر لە ژنان ئەو ئازادییەیان نییە، بچنە دادگەو داوای مافی خۆیان بکەن. لەکاتێکدا سارای پارێزەر، پەنجەی ئاماژە بۆ" پشتگیری دادگە لەسولحی عەشایەریدا "دەکێشێت و دەڵێت لەبەر ئەوەی جار هەیە کەسەکان لەدەرەوە سازش بۆ یەکتر دەکن، کێشەکەیان چارەسەر دەکرێت.

بەڕێوەبەری بنکەی مەکتەبی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان موشیر حەمە غەریب، باسی لەمتمانەی خەڵکی بۆ سولحی عەشایەری کرد:"خەڵکی ناوچەکە خۆی، تائێستا بڕوای بەسولحی عەشایەری هەیە، بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی عەشایەرییەو زیاتر بڕوای بەچارەسەری کێشە بەڕێگەی سولحی عەشایەری هەیە تا دادگە". ئەو بەڕێوەبەرە، بوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لەناوچەکەدا بەگرنگ زانی، چونکە" ئەگەر مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان نەمێنن، جارێکیتر دیوەخانەکان دروست دەبنەوەو تائێستا ئەوان، لەماوەی هەشت مانگی ڕابردودا ٩٦ کێشەیان چارەسەر کردووە" لەسولحەکانی ئەوانیشدا ژن بەکارناهێنرێت".

گوتیشی:" مەکتەبی ئێمە کار ئاسانی دەکات، بۆ ئەو کەسانەی شارەزا نین لەوەی چۆن بەرگری لەمافەکانیان بکەن، لای ئێمە ڕێنمایی دەکرێن، ئەگەر نەمانتوانی کێشەکە چارەسەر بکەین ئەوا ڕەوانەی دادگای دەکەین". توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێزان ئەحمەد، پێیوایە هەندێک لەکێشەکان بەهۆی هەبوونی نەخۆشی دەروونی لەکەسەکان ڕوویداوە، بۆیە پێویستە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکان ڕوو لەدادگە بکەن. بەبڕوای ئەو توێژەرە چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی سولحی عەشایەری، بەهۆی لاوازی ئاستی رۆشنبیری تاکەکانەوەیە،" خەڵکی ئێمە تائێستا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانن پەنا بۆ دادگە بەرن تائێستا حەز دەکەن لەڕێی ئاغاو پیاو ماقوڵانەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن".



گوڵەباخ

# بەهۆی نەبوونی یاسای هاوسەرگیری مەدەنی

# رێگە بەهاوسەرگیری موسڵمان و کریستیانەکان نادرێت

هەولێر

" کوڕێکی موسڵمانم، خۆشدەوێت. ئایین، تایفەو ماڵ، ناتوانێت لەو کوڕەم جیابکاتەوە. کاتێ باوکم، بەپەیوەندی خۆشەویستی ئێمەی زانی، قژی تاشیم و بۆ ماوەی ساڵێک لەماڵەوە زیندانی کردم".

ئەوە بەسەرهاتی کچێکی کریستیانییە، کە بەهۆی خۆشەویستی بۆ کوڕێکی موسڵمان، لەلایەن باوکییەوە، بەمشێوەیە سزا دراوە.

لە هەرێمی کوردستاندا زۆرترین رێژەی هاووڵاتیانی کریستیان، لە شارەدێی عەنکاوە نیشتەجێن کە ژمارەی دانیشتووانیان ٢٠ هەزار کەس، تێپەڕ دەکات. لەگەڵ بەردەوامی پێکەوە ژیانی موسڵمان و کریستیانەکان، بەهۆی بەربەستە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، تا ئێستا کوڕان و کچانی ئەو دوو ئایینە، ناتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن. بەپێی ئاماری دادگای هەولێر، لەساڵی٢٠٠٩، ٥ حاڵەتی هاوسەرگیری لەنێوان کریستیان و موسڵمانەکاندا تۆمارکراوە، کە چوار لەمانە لەرەگەزی نێربوون و هاوکات کریستیان بوون، بەڵام دواتر بەهۆی هاوسەرگیریان لەگەڵ کچانی موسڵمان، ئایینی کچەکەیان هەڵبژاردووە. ئەوی تریان ژنێکی کریستیان بووەو هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی موسڵمان کردووە، بەڵام ناچاربووە ئایینی کوڕەکە هەڵبژێرێت.

(ر.ا)، کچێکی کریستانەو دانیشتووی عەنکاوەیە، بەهۆی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی موسڵمان، لەلایەن باوکییەوە بۆ ماوەی ساڵێک لەماڵەوە زیندانی دەکرێت. ئەم کچە، قوتابی یەکێک لەکۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدیین بووەو کوڕێکی موسڵمانی بەناوی (س.ن)، ناسیووە. (ر.ا) دوای ئاشنابوونی بە (س.ن)، بۆ ماوەی دووساڵ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دەبێت، بەڵام بەهۆی جیاوازی ئایینەکەیان، ناتوانێت پەیوەندییەکەی لەماڵەوە بدرکێنێت. (س.ن)، باس لەو رووداوە دەکات کە بەهۆی مۆبایلەوە پەیوەندی خۆشەویستی نێوانی لەگەڵ (ر.ا)، ئاشکرادەبێت و دەڵێت: " جارێکیان کە (ر.ا)، تەلەفۆنی بۆ کردم باوکی گوێی لەقسەکانی بوو، بەو هۆیەشەوە باوکی، بۆماوەی ساڵێک لەماڵدا زیندانی کرد و دواتریش قژی تاشیو و نەیهێشت درێژە بەخوێندنی بدات". (س.ن)، دوای ئەوەی دەزانێت (ر.ا)، وای بەسەرهاتووە، بەگوتەی خۆی پەیوەندی بەباوکی، کردووەو ئامادەیی ئەوەی پیشانداوە ئەگەر (ر.ا) پێبدەن، ئەوا دەبێتە کریستتیان، بەڵام باوکی (ر.ا) ئامادەنەبووە وەڵامی بداتەوە. (ر.ا)، نایشارێتەوە کە لەلایەن باوکییەوە ئەشکەنجەدراوە و دەڵێت" ماوەی یەکساڵ لەماڵدا زیندانی کرام و سووکایەتیم پێکرا، بەڵام ئایین، تایفەو ماڵ، ناتوانێت لەخۆشەویستی ( س ن)، جیام بکەنەوە".

(س ن)، دەڵێت کە لەداهاتوودا ئەم وڵاتە جێدەهێڵێت و ئەم هەنگاوەش بەچارەسەری کێشەکەی دەزانێت.

جۆنیۆ، کوڕێکی کریستیانەو خەڵکی عەنکاوەیە، ئەویش بەهۆی خۆشەویستی بۆ کچێکی موسڵمان بەناوی بەسۆز، رووبەڕووی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بووەتەوە. وەک دەڵێت:" تەنیا لەبەر ئەوەی کچێکی موسڵمانم خۆشویستووە، گشت هاوڕێکانم لێم دوورکەوتوونەتەوەو بەهۆی ئەوانیشەوە پەیوەندی خۆشەویستم لەگەڵ کچەکەدا، ئاشکرابوو. جۆنیۆ باس لەوە دەکات، کە دایکی پێیڕاگەیاندووە،" نابێت هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی موسڵمان، بکەیت و ئەگەر وابکەیت، من خۆم دەکوژم".

ساندرۆ، کوڕێکی کریستانەو دانیشتووی شەقڵاوەیە، بەسەرهاتی پووری خۆی دەگەڕێتەوە کە ئێستا تەمەنی ٥٣ساڵەو هێشتا بەدیار ئەو کوڕەوە دانیشتووە کە لەتەمەنی گەنجیدا خۆشیویستووە. بەگوتەی ساندرۆ، پووری لەلایەن براکەیەوە، رێگری لێکراوەو نەیهێشتووە، کە درێژە بەخۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی موسڵمان بدات. ساندرۆ، گوتی" لەدوای ئەو رووداوە پوورم بڕیاریداوە، شوو نەکات".

ئەگەرچی لەوڵاتانی ئەورووپا، کچانی کریستیان ئازادی ئەوەیان هەیە، کە کوڕێک لەئایینێکی دیکە وەک هاوسەری ژیانیان دەستنیشان بکەن، بەڵام وەک کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان باسی لێوە دەکەن، لێرە دابوونەریت بەسەر ئایینیاندا زاڵبووەو بەو پێیەش ئەوان کچ، بەموسڵمانەکان نادەن.

لەبارەی هەڵوێستی کەنیسە لەپێدانی کچی کریستیان، بەکوڕێکی موسڵماندا، قەشە سەبری مەقدەسی، کە نیشتەجێی عەنکاوەیە، دەڵێت: "ئێمە لەوڵاتێکی ئیسلامیدا دەژین و یاسای ئەم وڵاتەش رێگە نادات کوڕێکی مەسیحی کچێکی موسڵمان بخوازێت، بۆیە کەنیسەش، رێگە نادات کە کچی کریستیان، هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێکی موسڵمان بکات. ئەمەش دادپەروەری تێدانییە کە کوڕی کریستیان، بۆی نەبێت کچی موسڵمان بخوازێت و ئەوانیش بۆیان هەبێت کچی کریستیان بخوازن، چونکە ئێمە بەهەموو رێگەکان زەرەرمەند، دەبین".

ئەو قەشەیە گوتی " ئایینی مەسیح ئایینێکی کراوەیەو خۆشەویستی و لێبووردەیی بۆ هەموو ئایینەکانی تر هەیە".

ئەگەر لەحاڵەتێک کە کچێکی کریستیان، کوڕێکی موسڵمانی خۆشویست، بەهۆی نەبوونی یاسایی هاوسەرگیری مەدەنی ناتوانرێت هاوسەرگیریەکەی لەکەنیسە ئەنجامبدرێت، چونکە کوڕەکە موسڵمانەو بۆی نییە لەکەنیسە ژیانی هاوسەری پێکبهێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کچە کریستیانەکە ناچارە ئایینی ئیسلام هەڵبژێرێت. قەشە سەبری، باس لەوە دەکات، ئەوان لەگەڵ پێڕەوکردنی یاسایی هاوسەرگیری مەدەنی دان، بەڵام وەک ئاماژەیدا کە ئەو یاسایە لەهەرێمی کوردستان بوونی نییە. هاوکات دادوەر عەبدولباست، هۆکاری نەبوونی هاوسەرگیری مەدەنی، لەهەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە بەپێی هاوسەرگیری مەدەنی، پیاویش دەتوانێت پیاو مارە بکات، ئەمەش لە زۆر دەوڵەت دەکرێت، بەڵام لەگەڵ دابوونەریتی کۆمەڵگەی ئێمەدا ناگونجێت".

سەبارەت بەوەی ئەگەر کوڕێکی موسڵمان ببێت بەکریستیان، رێگەی پێدەدرێت هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی کریستیان بکات، قەشە سەبری، گوتی " کەنیسە ریگەی پێدەدات، ئەگەر یاسا رێگەی پێبدات، بەڵام لە دەستووری عێراقیش ئەمە ناکرێت، هەندێک لەموسڵمانان کە هاتوونەتە سەر ئایینی کریستیان، بەشێوەیەکی فەرمی نەبووە، تائێستاش بەناسنامە هەر موسڵمانن، بۆیەش کەنیسە، رێگری دەبێت، چونکە کەنیسە رێز

www.netewe.com



# (المحصنات من النسا) واته ئافرەت چ موسڵمانان بێت شوو بە کریستیانێک بکات، یان بەپێچەوانەوە ئاساییە“


لەیاسای ئەو وڵاتە دەگرێت کە تێیدا دەژێت“.

بەپێی لێکدانەوەو بۆچوونی زانایانی ئایینی ئیسلام، کوڕێکی موسڵمان بۆی هەیە، کە کچێکی کریستیان بخوازێت و لەهەمانکاتیشدا رێگە بدات کە کریستیانەکە لەسەر ئایینی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام رێگە بەکچێکی موسڵمان نادرێت کە شوو بەکوڕێکی کریستیان بکات. هاوکات مەلا مەغدید، کە مەلایەکی ئایینی شاری هەولێرە لەوبارەیەوە دەڵێت:“ لێرەدا زانایانی ئایینی ئیسلام بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن، کە لەم ئایەتەدا هاتووە (المحصنات من النساو) واتە ئافرەت چ موسڵمانان بێت شوو بە کریستیانێک بکات، یان بەپێچەوانەوە ئاساییە“. بەڵام وەک ئەو مەلایە، ئاماژەیدا کە زۆربـەی زانایانی ئیسلام، لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە دەکرێت کوڕی موسڵمان کچی کریستیان چ بە ئایینی ئێمە و چ بە ئایینی ئەوان، بەبێ هیچ کێشەیەک بخوازێت، بەڵام نابێت ئافرەتی موسڵمان، شوو بە کوڕێکی کریستیان بکات. دادوەر عەبدولباست، دەڵێت، لە یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، هەموارکراوە، ماددەی ١٧ ئەم یاسایە زۆر بەراشکاوانە دەڵێت: (یصح للمسلمین ان یتزوجوا کتابیته ولا یصح زواج المسلمه من غیر المسلم)، واتا دەکرێت کوڕی موسڵمان کچێک کە خاوەن کتابە بهێنێت، ئەوەش کریستیان و جوولەکە دەگرێتەوە، بەڵام ئافرەتی موسڵمان ناکرێت، شوو بەهیچ کوڕێک بکات ئەگەر موسوڵمان نەبێت. عەبدولباست، باس لەوە دەکات کە زۆرجار حاڵەتی وا هاتووەتە پێش کە کوڕەکە ئەمریکی بووەو کچەکەش موسڵمان بووە، بەڵام کوڕەکە لەپێشدا ئایینی ئیسلامی هەڵبژاردووەو زۆر بەئاسایی هاوسەرگیری نێوانیان ئەنجامدراوە، جاری واش هەبووە کوڕێکی موسڵمان، کچێکی کریستیانی لەدەرەوەی وڵات لەگەڵ خۆی هێناوەتەوەو بەبێ هیچ کێشەیەک پرۆسەی هاوسەرگیرییان کردووە. دادوەر عەبدولباست، هەروەها گوتی " ناکرێت هیچ کوڕێکی موسڵمان ئایینی خۆی بەناسنامە بگۆڕێت، چونکە سەرچاوەکانی حوکم، یەکەمیان یاساییەو دووهەمیان شەریعەتی ئیسلامە، بەپێی شەریعەتی ئیسلامیش هەر کەسێک ئایینی خۆی بگۆڕێت، ئەوە بەهەڵگەڕاوە لەئایین دادەنرێت“.

توێژەری کۆمەڵایەتی رەهەند عەزیر، لەبارەی هاوسەرگیری کریستیان و موسڵمانەکانەوە پێیوایە، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە جۆرێک لەگەڕانەوە بەرەو دواوە لەشێوازی پڕۆسەی هاوسەرگیرییدا هەیەو ئەمەش بەحوکمی ئـەوەی کە کومەڵگە، یان خیزانەکان، زۆر بەسەختی بەهۆی ئەو هەستە ئایینیەی کە هەیانە تیکەڵ بوونەو رۆحیەتی قبوڵکردنی ئایینەکانی تریان لەخۆدا نەگرتووە.

ئەم توێژەرە روونیکردەوە، ئەگەر کچێک بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە لەگەڵ کوڕێکی ئایین جیاوازدا هاوسەرگیری بکات، ئەوەیان زۆر سەختە، چونکە رەنگە رووبـەڕووی پەرچەکرداری توند ببێتەوە، یان بە لادان لەرێسای دابوونەریتی نێوخێزان تۆمەتبار بکرێت.

رەهەند، گوتی " پێویستە پیاوانی ئایینی، جەخت لەسەر ئەوە بکەن کە دەبێت کەمایەتییەکان، یان نەتەوەو ئایینەکان، بەتەواوەتی لێک نزیکبکرێنەوەو هانی ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە بدەن و دژایەتی نەکەن، تا بەپرۆسەیەکی ئاسایی قبوڵبکرێت و هاوکاتیش یاسایەک لـەلایـەن پەرلەمانەوە دەربکرێت کە پرۆسەی هاوسەرگیری کریستیان و موسڵمانەکان رێکبخات“.



جولی جەلال

www.netewe.com

# لەرۆژئاوای کوردستاندا

# “٨٠٪ی ئەو کەسانەی خۆکوژی دەکەن ژنن”

**قامیشلو**

بەبیرم دێت ٢٠ ساڵ لەمەوپێش کاتێک باوکم لەدایکمی دەدا و شەوانە لەماڵ دەری دەکرد و بەکاتژمێر لەبەر سەرماو سۆڵەی زستاندا دەمایەوە، دایکم لەبەر ئەوەی هیچ پشت و پەنایەکی نەبوو، هەر دوای ئەوە لێی دەبووری و دەهاتەوە ماڵ. ئەو کاتە من بچووک بووم و لەبەر خۆمەوە دەمگوت (دەبێت باوکم بۆچی ئاوا لەدایکم بکات)، ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ لەوە تێدەگەم، کۆمەڵگەی ئێمە دواکەوتوو و پیاوسالارە، ژن وەک کۆیلەیەکی بێخاوەن و بێ پەڕو باڵ دەبینێت، بۆیەش من نەمویست کە چارەنووسم لە هی دایکم بچێت”.

ئەوە قسەی ژنێکی کورد بەناوی (شاها.ک)یە. شاها دەڵێت:“ کە مێردم کرد، هەر لەرۆژی مارەکردندا مێردەکەمم سوێندا، کە ئەگەر دەستم لێ بەرز بکاتەوە لەماڵ دەردەچم. ئێستاش لەگەڵ ئەوەی کە دایکی دوو منداڵم، پەیمانەکەی خۆمم جێبەجێکردو لەمێردەکەم جیابوومەوە”.

## یاسا ژنان ناپارێزێت


شاها، یەکێکە لەو ژنانەی، کە بەدەست زوڵمی کۆمەڵگەو مێردەکانیانەوە دەناڵێنن و دەبنە قوربانی توندووتیژییەک، کە لەهەموو یاساگەلی وەک: راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ، یاسا و دەستووری وڵاتانی پێشکەوتوودا قەدەغەی کردووە. لەمدواییانەشدا توندووتیژی لەزۆرینەی وڵاتاندا وەک، نەخۆشییەکی سایکۆلۆژی سەیر دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی و ئیسلامییە وەک شتێکی ئاسایی سەیری ئەو توندووتیژییانە دەکات. هەرچەندە یاسای سوریا پاراستنی مافی ژنانی بەفەرمی ناساندووە، بەڵام ئەو یاسایە تائێستا بەجێبەجێنەکراوی ماوەتەوە. فاتیمە، ژنێکی٣٢ ساڵەو دایکی ٤ کچە، بەهۆی کێشەیەکی بچووک لەگەڵ مێردەکەیدا کە تەمەنی٤٢ ساڵە، رۆژانە بەخراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، تا وایلێهات ژنە ناچار بوو بچێتە لای پۆلیس و سکاڵا لەدژی مێردەکەی تۆمار بکات. دوای ئەوە پۆلیس بۆ ماوەی شەوێک مێردەکەی



د.میدیا مەحمود



لاڤە خالید



شاناز ئیبراهیم

زیندانی کردو بۆ بەیانییەکەی ئازادی کرد و ئەویش دەستبەجێ فاتیمەی تەڵاق دا. پارێزەر شەهناز ئیبراهیم، لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند“ یاسای دەوڵەتی سوریا، سزای بۆ هەموو جۆرەکانی لێدان هەیە. ئەو سزایەش لەماددەکانی٥٤٠ تا ٥٤٥ دا دیاریکراون و سزاکەشیان لەسێ مانگەوە تا ١٠ ساڵ زیندان و سزای ماددییە”. شەهناز، ئاماژەی بەو توندووتیژییانەکرد، کە لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەکەیانەوە بەرامبەر بە ژنان ئەنجامدەدرێت، بەڵام“ لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی هیچ سکاڵایەک لەوبارەیەوە تۆمار ناکرێت، چونکە ئەگەر ژن، بچێت سکاڵا تۆماربکات، کۆمەڵگە وەک تاوانبار سەیری دەکات، بۆیە چیرۆکی سەدان نموونەی وەها هەر بەنهێنی دەمێنێتەوە”.

## ئەنجامەکانی توندووتیژی لەسەر کۆمەڵگە

لەرۆژی ٢٠٠٩, ٩, ١٨، ژنێکی کورد بەناوی جیهان رەشۆ بەرەواد، کە خەڵکی هەرێمی کۆبانێ بوو، لەگەڵ سێ منداڵەکەیدا، لەسەر پردی (قەرە قوزات) کە لەسەر روباری فوراتە، خۆی فڕێداوەتە ناو روبارەکەو لەگەڵ منداڵەکانیدا خنکاون. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەست وارڤین کەوتوون، جیهان، بەهۆی ئەو گوشارەی لەلایەن کەسووکارییەوە خراوەتە سەری خۆی کوشتووە. چالاکڤانی بواری مافەکانی ژنان، د. میدیا مەحمود، سەبارەت بە دیاردەی خۆکوشتنی ژنان گوتی " خۆکوژی یەکێک لە دەرئەنجامە سەرەکییەکانی ئەو توندووتیژییەیە، کە لەدژی ژنانی کورد پیڕەو دەکرێت، بۆ نموونە لەساڵی٢٠٠٧دا لە شاری قامیشلۆ و دەوروبەری٨٠٪ی ئەو کەسانەی خۆیان کوشتووە، ژنن و ژن لەهەموو بوارە سیاسی و ئابووری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەچەوسێتەوە. هەروەها لە٢٠٠٨/٢٠٠٩ یشدا ئەو رێژەیە هەر لەسەرەوەیە. ئەوەش دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان و کاریگەری نەرێنی لەسەر پەروەردەی منداڵ دادەنێت”.

## ژنان چ بەچارەسەر دەزانن؟

رۆژنامەنووس لاڤە خالید،پێیوایە توندووتیژی دژ بە ژنان لەهەموو جیهاندا هەیە،“ ئەگەر لە وڵاتانی رۆژئاوادا ژمارەی ئەو ژنانەی دەبنە قوربانی توندووتیژی رێژەکەی ٣٠ ٪ی بێت، لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئێرەدا ئەو ژمارەیە دەگاتە ٧٠٪“. بەڕای لاڤە، پێویستە ژن بە دوای میکانیزمێکدا بگەڕێت و لەو رێگەیەوە پەیوەندییەکی مرۆڤانە لەگەڵ مێرد یان باوک وبرایدا دروستبکات و درێژە بەو میتۆدە کۆنە نەدات، کە لەگەڵ هەست و سۆزیدا گەورە بووە، چونکە ئەو میتۆدە کلاسیکە هیچ چارەسەرێکی بۆ پرسی ژنان پێ نییە.

راستە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتییە، بەڵام کورد تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش لێبوردنە. ئەگەر ئەو رەوشەش لەگەڵ ژنان پیڕەو بکات هێدی هێدی رێژەی ئەو توندووتیژییە کەم دەبێتەوە.



ئیبراهیم خەلیل



www.netewe.com

## به پێی راپرسییەکی دەزگای وارڤین:

# ٥٩٪ـی ژنانی هەرێمی کوردستان تەحەڕوشیان پێکراوە

بەپێی راپرسییەک کە دەزگای وارڤین، لە چوار پارێزگای باشووری کوردستان (هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و دهۆک)، ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە کە ٥٩٪ی ژنانی هەرێمی کوردستان لەلایەن پیاوانەوە تەحەڕوشیان پێکراوە. هاوکات زۆرترین رێژەی تەحەڕوشکردن لەسەرشەقامەکان بووەو بەپلەی یەکەمیش جۆری تەحەڕوشەکە قسەی ناشیرین بووە.

تەحەڕوشکردن بەژنان، لەهەموو وڵاتانی دنیادا پاشخانێکی قووڵی هەیە، شێوەو جۆری تەحەڕوشکردنەکە بەپێی دابوونەریتی کۆمەڵگەکان دەگۆڕێت. تەحەڕوشکردن لە ئاسیاو ئەفریقیا و ئەمریکا، مێژوویەکی درێژی هەیەو ئەوروپایش لەتەحەڕوشکردن بە ژنان بەدەر نییە، بەڵام لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەحەڕوشکردن بەژنان، بەرێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت. لەهەرێمی کوردستانیشدا، رێژەی تەحەڕوشکردن بەژنان زۆرەو ئەوەش لەکاریگەری بینینی فیلم و بۆشایی غەریزە سێکسییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. رەگەزی نێر لەسەر شەقام، لەکۆلان، خوێندنگە، فەرمانگەو بۆنەکاندا، بەچەندین شێوە، تەحەڕوشیان بەژنان کردووە.

### تەحەڕوش چییە؟

بەپێی یاساناس دکتۆر هادی مەحموود، تەحەڕوش بریتییە لە:" رەفتاری کەسێک بەشێوەیەکی نائاسایی، ء ئازاربەخشە ناچۆر بە شێوازی جۆراوجۆر کە لەهەمبەر رەگەزی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت، مەبەست و بنەمای تەحەڕوش بۆ جیاوازی رەگەزی دەگەڕێتەوە، پێویستە تەحەڕوش لە (اغت×اب) (لاقەکردن) دەستدرێژی سێکسی جیابکرێتەوە، چونکە دەستدرێژی سێکسی لەتەحەڕوش بەرفراوانترە". د.هادی، ئاماژە بەهەبوونی ئەو دیاردەیە دەکات و پێیوایە، ورووژاندنی ئەو بابەتە ئەرکی راگەیاندن و رێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارەکانە.

چالاکوانی بواری ژنان، کنێر عەبدوڵڵا، کە لەبواری توندووتیژی دژ بەژنان و تەحەڕوشکردن بەژنانەوە، خاوەنی چەند لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە، لەبارەی پێناسەی تەحەڕوشەوە دەڵێت:" زنجیرەیەک وەڕسکردن و سەرکردنەسەر، یان بێزارکردن کە مەبەست لێی، بەدەستهێنانی دەستکەوت، یان سوودێکی جنسییە بەبێ ئارەزووکردن و ویست و خواستی لایەنی دووەهەم، کە دەشێت ئەوەش بەسەیرکردن و هێماکردنی وشە بەدەستی بهێنێت، تادەگاتە دەست بۆبردن و کردارە هەستەوەرەکان. دەشێت ئەو حاڵەتە لە نێوان پیاو و ژنێک رووبدات، یان بەپێچەوانەوە، یاخود لەنێوان دوو کەسی هاوڕەگەز، یاخود لەگەڵ منداڵدا ئەنجام بدرێت". کنێر، تەحەڕوش، بەکارێکی هۆشمەندانەی مەبەستدار دەزانێت، کە مرۆڤێکی" گەوج و سەرلێتێکچووی خاوەن خواست دەیکات"، تەنانەت هەندێجار بەشێوەیەکی راستەوخۆی جەستەیی ئەنجامی دەدات وەک، دەستبۆبردن و نزیکبونەوەی جەستە، کە ورووژاندن و کارتێکردن و تێربوونی چێژی جنسی لێ دەکەوێتەوە.

### جۆرەکانی تەحەڕوش

تەحەڕوش، چەند جۆرێکی هەیەو لەوانە، فیکە لێدان، سەیرکردن و نوکتەی سێکسی، قسەکردن و توانج لێدانی سێکسی، بەکارهێنانی قسەی ناشیرین و بێزارکردنی کەسی بەرامبەر، دەستبردن بۆ جەستەی کەسی بەرامبەر و ئاماژەکردن بۆ کردەی سێکسی بەشێوەی ئیغراکردن، یان هەڕەشە. قسەکردن لەرێگەی تەلەفۆن، یان بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بۆ بێزارکردنی کەسەکەو ناچارکردنی قوربانی بەپێشاندانی فیلم، یان وێنەگرتنی سێکسی بەزۆر. ئەمانە هەموو جۆرەکانی تەحەڕوش نین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سووکایەتیکردن و هەڕەشەو بێزارکردن، یان دەستبردن بۆ جەستەو کەرامەتی هەرکەسێک، بە دیارترین جۆرەکانی تەحەڕوش، دادەنرێت.

پزیشکی دەروونی، د. توانا عەبدولرەحمان، شێوەکانی تەحەڕوش وەها دەستنیشان دەکات کە لەنێوان، نێر بۆ مێ، نێر بۆ نێر، مێ بۆ نێر، مێ بۆ مێ، ئەنجامدەدرێت، بەڵام باوترینیان نێر بۆ مێیە کە مەبەستی تێربوونی لایەنی سێکسی و زاڵبوونی نێرە بەسەر مێینەوە.

### نیشانەکانی تەحەڕوشکردن

تەحەڕوشکردن بەژنان، کاریگەری کورتخایەن یان درێژخایەنی لێدەکەوێتەوە، وەک شڵەژان، خەوزڕاندن، سەرئێشە، تۆقین و ترس یان ئازار، شۆک و نارەحەتی، زێدەڕۆیی لەخواردن، ترس و پەشۆکان، خەمۆکی و تورەبوون، خەوی ناخۆش و یادەوەری ناخۆش و هەستنەکردن بەخۆشی و خۆشەویستی. هەروەها هەستکردن بەتاوانباری و کەمبوونەوەی هۆشیاری. وازهێنان لەخوێندنگە و کار و پیشە بەتایبەتی ئەو دەمەی کە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەبێت. زوو هەڵچوون و تورەبوون و لێکدانەوەی بۆچوونی هەڵە لەمەڕ رەگەزی بەرامبەر، کە دەشێ کار بکاتە سەر ژیانی هاوسەری و لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی شێوازی ژیان، وەک پۆشاک و رێگەی هاتووچۆ، میزاج تێکچوون و لۆمەکردنی خۆی و هەستکردن بەگوناه، هەروەها بەبیرهاتنەوەی ساتی دەستدرێژییەکە، هەستنەکردن بەدڵنەوایی، هەڵچوونی توندی وەک تورەیی و خەفەت و شەرم و تەنیایی، بێمتمانەیی بەکەسانی دیکەو گیروگرفتی سێکسی. بەپێی قسەی پسپۆڕانی بواری دەروونناسی، زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر ئەو دیاردەیە ئەنجامدراون، بەو راستییە گەیشتوون، ئەو ئاسەوار و کاریگەرییانەی لەسەر قوربانیان دەردەکەوێت جۆراوجۆرن، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتیی کێشەی دەروونیی و تەندروستی و رەوشتی، یان نەخۆشی جەستەیی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەکرێت لەچەند روویەکەوە پۆلێن بکرێت لەوانە:

- ئەو قوربانییانەی کە خوێندکاری زانکۆن، زیاتر هەست بەشەرم و تورەبوون و ترس و شڵەژان و بێهیوایی دەکەن. جگە لەلاوازی متمانەبوونیان،

www.netewe.com

بەئەزموونی زانکۆ، دوای دووچاربوونیان بەدەستدرێژی سێکسی.

– ژنانی خاوەنکار، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەروش، زیاتر دووچاری نەخۆشی دەروونی دەبن و کاریگەری دەکاتە سەر ژیانی کەسێتی و کردەییان وەک نەخۆشییەکانی، دڵەڕاوکێ، شەونخونی، ترس، خەوبینین و دەربەستنەهاتن یان کەمتەرخەمی، سڵکردنەوە یان بەئاگابوون لەمامەڵەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی، دابەزین و لاوازی لەئاست بەجێهێنانی ئەرکەکانی، بێمتمانەیی لەناخ و دەروون و ڕقلێبونەوە لەکار.

### بێدەنگی ژنان لەئاستی تەحەروشدا


گێچەڵکردنی سێکسی دژ بەژنان، لەسەرتاسەری کۆمەڵگەکانی دنیادا بەیەکێک لەمەترسیدارترین و کاریگەرترین جۆری توندووتیژی دژ بەژنان دادەنرێت و بەهۆی چەند هۆکارێکیشەوە بەبەردەوامی گێچەڵکردنی سێکسی، پەردەپۆش کراوە. کنێر عەبدوڵڵا، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئەو ژنەی تەحەروشی پێکراوە، ئەنجامدەری تەحەروشەکە، بەمەسەلەی ئابڕووبردن و ناوزڕاندن ترساندوویەتی، بۆیە ژنان بێدەنگی بەباشترین چارەسەر هەڵدەبژێرن. کنێر، جەخت دەکاتەوە، کە وێڕای ئەوەی تەحەروش بۆ کەسی قوربانی دەبێتە مایەی ئازاردانی جنسی، دەروونی، جەستەیی و تەنانەت ڕەوشتیش، بەتایبەت لەو کاتەدا کە کەسی قوربانی بەهۆی ترس لەکەسی گێچەڵکەر، یان لەئابڕوچوون و عەیبە، خۆی لەتۆمارکردنی سکاڵا بەدوور دەگرێت و ناچار بەبێدەنگ بوون دەکرێت.

ڕۆژنامەنووس ناز عەبدوڵڵا، لەبارەی دیاردەی تەحەروش پێیوابوو، تەحەروش بەشێکە لەچەوساندنەوەی ژنان و توندووتیژی بەرامبەر بەرەگەزی مێ. ناز، "تاوان"ـی تەحرووشکردن بەئافرەتان لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا بەرێژەیەکی بەرچاو دادەنێت، بەو پێیەی کە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بەرتەسک و ئاڵۆزترە، بۆیە وەڵام نەدانەوەی بەشێکی زۆر لەئافرەتانی ئێمە، هۆکاری ناهۆشیاری و نائاشنابوونیان بەمافەکانیان نییە، بەڵکو بیرکردنەوە لەئەنجامەکەیەتی. وەک ئەنجامیش: ئافرەت بیر لەوەدەکاتەوە زۆرجار بەدەنگهاتن لەتەحەروش بە"ئابڕووچوون" یاخود بە"تاوانباربوون"ی خودی ئافرەتەکە کۆتایی دێت. کچی واهەیە، لەبەر ئەوەی لای براکانی گوتوویەتی (کوڕێک ڕۆژانە لەسەر ڕێگەی قوتابخانە تەحەروشم پێ دەکات) براکانی لەقوتابخانە دەریانهێناوە، کەواتە کچەکە باجی سکاڵاو تەحەروشەکەیشی داوە!.

ئاواز ئەحمەد، هونەرمەند لەبەشی سینەمای سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری، متمانەبەخۆنەبوون لەلایەن ئافرەتەوە بەهۆکاری تەحەروشکردن دەزانێت، کە بەو هۆیەوە هەندێک لەئافرەتان خۆیان بەدەستەوە دەدەن. ئاواز گوتی: "ژینگەی پەروەردەکردنی ژن، کاریگەرە لەوەی کە ئافرەت تەحەروش قبوڵ بکات، یاخود نەزانێت چۆن بەرپەرچی بداتەوە. زۆرجاریش تەحەروشکردن لەبەر ئەوە دەشاردرێتەوە، چونکە کەس بڕوا بەئافرەتەکە ناکات و جارێکیتر خۆی دەبێتەوە بەقوربانی و سەرزەنشتی دەکرێت".

# ئەنجامی گشتی ڕاپرسی لە چوار پارێزگای باشووری کوردستان

ئەم ڕاپرسییە لەلایەن دەزگای ڕۆژنامەوانی "وارڤین" تایبەت بەکاروباری ژنان، لەهەر چوار پارێزگای باشووری کوردستان ( هەولێر، سلێمانی، کەرکوک و دهۆک) لەنێو ڕەگەزی مێینەدا سەبارەت بە" تەحەروشکردن بەرەگەزی مێینە لەلایەن ڕەگەزی نێر، ئەنجام دراوە". نموونەی دیاریکراو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بووەو سەرجەم چین و توێژەکانی ڕەگەزی مێینەی لەخۆ گرتووە. بۆ ئەو مەبەستە ۲۰۰۰ فۆرمی ڕاپرسی، لەچوار پارێزگاکە دابەشکراو لەکۆتاییدا ١٦٥٠ فۆرم پڕکراوەتەوەو ۳٥٠ فۆرم بەناتەواوی پڕکراوەتەوە، بۆیە لەرێژەی گشتیی ئەنجام کەم کرایەوە



| تەمەن | کۆ | لە سەدا |
|---|---|---|
| 22 – 12 | 463 | %28 |
| 31 – 23 | 533 | %32 |
| 41 – 32 | 390 | %24 |
| 50 – 42 | 264 | %16 |
| کۆی گشتی | 1650 | %100 |

خشتەی ژمارە (1)

1. خشتەی یەکەم تایبەتە بەتەمەنی نموونەی ڕاپرسییەکەو تێیدا تەمەنی ١٢ تا ٥٠ ساڵ، دەستنیشانکراوە. لەکۆی ١٦٠ کەس ٤٦٣ کەس تەمەنیان لەنێوان ١٢-٢٢ ساڵە کە ڕێژەی ٢٨٪ی نموونەکەیە.


لەکۆمەڵەی دووهەمدا کە ٢٣-٣١ ساڵە، ٥٣٣ کەسی لەخۆگرتووە کە ڕێژەکە ٣٢٪ نموونەکەیە.

لەکۆمەڵەی سێهەمدا نموونەی ڕاپرسیەکە ڕەچاوی تەمەنی ٣٢-٤١ ساڵانی کردووەو ڕێژەکە ٢٤٪ ـیە کە ٣٩٠ کەسە.

لە دوایین کۆمەڵەش کە تەمەنی ٤٢-٥١ ساڵ لەخۆدەگرێت، ڕێژەکە ١٦٪ـیە کە ٢٦٤ کەسە.



www.netewe.com



| لە سەدا | کۆ | باری خێزانی |
|---|---|---|
| %42 | 687 | سەڵت |
| %48 | 795 | خێزاندار |
| %10 | 168 | بێوەژن |
| %100 | 1650 | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (2)

2. خشتەی دووهەم کە تایبەت بەباری خێزانییە و زۆربەی بەشداربووان لەم راپرسییەدا خێزاندارن کە لەکۆی گشتی ٧٩٥ کەس رێژەی خێزاندار ٤٨٪ نموونەی راپرسیەکە پێکدەهێنێت و کەمترین رێژەش تایبەت بەبێوەژنانە کە ١٦٨ کەسەو رێژەکەشی ١٠٪یە. هاوکات رێژەی سەڵت ٤٢٪ـیە کە ٦٨٧ کەسە.




| لەسەدا | کۆ | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|
| %33 | 547 | هەولێر |
| %19 | 310 | کەرکووك |
| %27 | 440 | سلێمانی |
| %21 | 353 | دهۆک |
| %100 | 1650 | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (3)

3. لەم خشتەیەدا وەک دیارە دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونی ژنانە، لەو چوار پارێزگایەی کە راپرسییەکەی تێدا ئەنجام دراوە.

هەولێر 547 کەس نزیکەی 33%ـیە. کەرکووک 310 کەس 19%ـیە. سلێمانی 440 کەس کە27%، دهۆک 353 و رێژەی 21%ـیە. لە ئەنجامی راپرسییەکەدا دەرکەوت زۆرترین رێژەی تەحەروش لەپارێزگای سلێمانییە بەوەی کە 71%ـیە.

دوای سلێمانی کەرکووک، بەپلەی دووهەم دێت کە رێژەکەی 57%ـیەو هەولێر بە پلەی سێیەم دێت بە 54% و دهۆک بە 53%، بەپلەی چوارەم دێت.



| لە سەدا | کۆ | ئاستی خوێندەواری |
|---|---|---|
| %11 | 185 | نەخوێندەواری |
| %13 | 223 | سەرەتایی |
| %23 | 373 | ناوەندی |
| %26 | 424 | دواناوەندی |
| %27 | 445 | خوێندنی باڵا |
| %100 | 1650 | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (4)

4. ئاستی خوێندەواری و نەخوێندەوار، تائاستی خوێندنی باڵا دەگرێتەوە، لەکۆی ١٦٥٠ کەس بەسەر ٥ ئاستدا دابەشکراوە، ١٨٥ کەس خوێندەوراییان نییە، دەکاتە ١١٪ نمونەکە. ٢٢٣ کەس خوێندنی سەرەتایی یان هەیەو رێژەی١٣٪ی راپرسیەکە پێک دەهێنن.

٣٧٣ کەس پلەی خوێندەواری ناوەندییان هەبووە کە دەکاتە ٢٣٪ و. ٤٢٤ کەس پلەی دواناوەندییان هەبووە، کە دەکاتە ٢٦٪ و ٤٤٥ کەس خوێندنی باڵایان هەبووە، کە رێژەکەی دەکاتە٢٧٪. لە نێو هەر ٥ ئاستەکە، لەئاستی خوێندنی باڵادا زۆرترین تەحەروش هەبووە و کە راستەوخۆ پەیوەندی بەئاستی خوێندەوارییەوە هەیە. بەوەی کاتێ ژنێک درێژە بەخوێندن دەدات، زیاتر لەو ژنانەی کە نەخۆێندەوارن رووبەڕووی تەحەروش دەبێتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ژنانی نەخوێندەوار، یان ئەوانەی کە خاوەن بروانامەی بەرز نیین، تەحەروشیان پێنەکراووە، بەڵکوو رێژەکەی ئەوان کەمترە.





| پیشە | کۆ | لە سەدا |
|---|---|---|
| ژنی ماڵەوە | 660 | %40 |
| فەرمانبەر | 990 | %64 |
| کۆی گشتی | 1650 | %100 |

| تووشی تەحەروش بوویت | کۆ | لە سەدا |
|---|---|---|
| بەڵێ | 968 | %59 |
| نا | 682 | %41 |
| کۆی گشتی | 1650 | %100 |

خشتەی ژمارە (5)

5. پیشەی ئەو ژنانەی راپرسیان لەگەڵ کراوە بەسەر دوو بواری خێزانی، واتە ژنی ماڵەوەو فەرمانبەر دابەشکراوە، بەمپێیەش ٦٦٠ کەس ژنی ماڵەوە و ٩٩٠ کەس فەرمانبەرن کە ٤٠٪ و ٦٤٪ نموونەکە پێکدەهێنن.





| ڕێژەی تەحەروش کردن | کۆ | لە سەدا |
|---|---|---|
| کەم | 369 | %38 |
| هەندێجار | 305 | %31 |
| زۆر | 294 | %31 |
| کۆی گشتی | 968 | %100 |

خشتەی ژمارە (6)

6. خشتەی ژمارە ٦ تایبەتە بەپرسیارێک لەبارەی ئەوەی کە ئایا لەلایەن رەگەزی بەرانبەر تووشی تەحەروش بوویت، یان نە؟ لەوەڵامدا ٩٦٨ کەس (بەڵێ) یان دیاریکردووەو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ٥٩٪ بەشداربووان تووشی تەحەروش بوونە و ٤١٪ دیکەش کە ٦٨٢ی نموونەکەیە تووشی تەحەروش نەبوونە.

www.netewe.com


| جۆری تەحەڕوش | کۆ | لە سەدا |
| --- | --- | --- |
| قسەی ناشیرین | 295 | %30 |
| دەستبردن | 186 | %19 |
| پەلاماردان | 122 | %13 |
| تەلەفۆن کردن | 180 | %19 |
| فیکەلێدان | 112 | %12 |
| نوکتەی سێکسی | 73 | %7 |
| کۆی گشتی | 968 | %100 |




خشتەی ژمارە (7)

7. لەکۆی ٩٦٨ کەس کە تەحەروشیان پێکراوە، ڕێژەی ٣٨٪ـیان تەحەروشەکەیان کەمبووە، کە ٣٦٩ کەسی بەشداربوو دەگرێتەوە. هەردوو ئاستی تەحەروشکردنی هەندێجار و زۆرجار، ڕێژەکەیان ٣١٪ـی نموونەکەیە، واتە ٣٠٥ کەس هەندێجار ڕووبەڕووی تەحەروش بوونەتەوەو ٢٩٨ کەسی دیکەش زۆر تەحەروشیان پێکراوە.

| جۆری تەحەڕوش | کۆ | لە سەدا |
| --- | --- | --- |
| قسەی ناشیرین | 295 | %30 |
| دەستبردن | 186 | %19 |
| پەلاماردان | 122 | %13 |
| تەلەفۆن کردن | 180 | %19 |
| فیکەلێدان | 112 | %12 |
| نوکتەی سێکسی | 73 | %7 |
| کۆی گشتی | 968 | %100 |




خشتەی ژمارە (8)

8. جۆری تەحەروشەکە بەسەر 6 ئاستدا دابەش کراوە: ناوماڵ، قسەی ناشیرین، دەستبردن، پەلاماردان، تەلەفۆنکردن، فیکەلێدان و چاوداگرتن و چاولێکردن و نوکتەی سێکسی. قسەی ناشیرین بەپلەی یەکەم بەڕێژەی 30% دێت کە 295 کەس ئەو حاڵەتەیان هەبووە. دەستبردن، بەپلەی دووەم بە 186 کەسەوەو 19%ی نمونەکە پێکدێنێت و تەحەروشکردن لەڕێگای تەلەفۆنەوە بە 180 کەس لە پلەی سێهەمدایەو نزیکەی 30%ی نموونەکە پێکدەهێنێت. پەلاماردان بەڕێژەی 13%ـیە کە دەکاتە 122 بەشداربووان. فیکەلێدان و چاوداگرتن پلەی پێنجەمی وەرگرتووە بە 12% و 112 کەس و چاولێکرتن و نوکتەی سێکسی، ڕێژەی 7%و 73 کەس لەنموونەی ڕاپرسییەکەدا وەلامی ئەرێیان پێ داوەتەوە.

| لە سەدا | کۆ | شوێنی تەحەروش |
|---|---|---|
| %18 | 178 | ناوماڵ |
| %29 | 281 | سەرشەقام |
| %13 | 123 | فەرمانگە |
| %11 | 108 | ناو ئۆتۆمبیل |
| %17 | 164 | شوێنە گشتییەکان |
| %12 | 114 | شوێنەکانی دیکە |
| %100 | 968 | کۆی گشتی |




خشتەی ژمارە (9)

9. تایبەتە بەشوێنی تەحەروش و جۆری تەحەروش پێکردنەکە. سەبارەت بەشوێنی تەحەروشکردن، سەرشەقام، شوێنێکە زیاتر تەحەروشی تێدا ئەنجامدراوەو ڕێژەکەی 30%ـیەو بازنەکەشی 281 کەسی گرتووەتەوە. ناوماڵ 178 کەس و بەڕێژەی 18% پلەی دووەمی هەیە. شوێنە گشتییەکان پلەی سێهەمی هەیەو ڕێژەکەی 17%ـیەو بازنەکەشی 164 کەسە. فەرمانگە، بەپلەی چوارەم دێت و ڕێژەکەی 13% و نموونەکەشی 123 کەسە. شوێنەکانیتر بە 114 کەس و نزیکەی 12%یەو بەپلەی پێنجەم دێت. ناو ئۆتۆمبیل زیاتر دەستبردن لەخۆ دەگرێت، ڕێژەکەی 11%ـیە کە 108 کەس و بە پلەی شەشەم دێت.




| لە سەدا | کۆ | چۆنیەتی هەڵسوکەوت |
|---|---|---|
| %31 | 301 | ئاگادارکردنەوەی بنەماڵە |
| %35 | 343 | ڕاستەوخۆ |
| %34 | 324 | بێدەنگی |
| %100 | 968 | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (10)



www.netewe.com

10. لەوەڵامی پرسیارێکدا کە تایبەتە بەچۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی تەحەروشیان پێکراوە، ئەنجامەکەی بەمشێوەی خوارەوە یە، ٣٠١ کەس بنەماڵەکەیان ئاگادار کردووەتەوە کە ڕێژەی ٣١٪ی ئەوانەی تەحەروشیان پێکراوە پێکدێنێت.
٣٤٣ کەسیش ڕاستەخۆ هەڵسووکەوتیان لەگەڵ لایەنی بەرانبەر کردووە، بەرێژەی ٣٥٪ و ٣٢٤ کەس بێدەنگییان نواندووەو هیچ جۆرە هەڵسووکەوتێکیان نەنواندووە، کە ڕێژەکەیان، ٣٤٪یە.
ئەوانەی تەحەروشیان پێکراوە هۆکاری سەرەکی بۆ بێدەنگی نواندن لەبەرانبەر ڕەگەزی نێرینەدا بۆ شەرم کردن، ترس لەکۆمەڵ و دابوونەریتی کۆمەڵایەتی گەڕاندووەتەوە، ٣٢٤ کەسن کە ڕێژەکەیان (٣٤٪)ە.
٥٪ی دیکەش وەڵامیان نەداوەتەوەو هۆکارەکەیان دیاری نەکردووە.

پسپۆڕی دەروونی د.توانا عەبدولڕەحمان، ئەو ڕاپرسییەی دەزگای وارڤین بەگرنگ دەزانێت، چونکە ڕێژەی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی تەحەروش بوونەتەوە، دەرخستووە، کە ڕێژەکە زۆر بەرزەو جێی سەرنجە بەتایبەت ئاشکرا بووە کە ڕێژەیەکی زۆری ژنان لەناو ماڵی خۆیاندا تەحەروشیان پێکراوە. بەڕای د. توانا، ئەم ڕێژەیە بەپێچەوانەی وڵاتانی دیکەی جیهانە، چونکە ڕێژەیەکی بەرزی ئافرەتان لەجیهاندا لەشوێنی کار، ڕووبەڕووی ئەو تەحەروش دەبنەوە. توانا هۆکاری جیاوازی کوردستانیش لەگەڵ شوێنەکانیتر بۆ کارکردنی کەمی ژنی کورد لەدەرەوەی ماڵ دەگەڕێنێتەوە. لەوڵاتە پێشکەووتوەکاندا ٩٥٪ ئافرەت، شانبەشانی پیاوان خاوەن کاری تایبەتی خۆیانن. د. توانا، ڕوونیکردەوە، هەستی سێکسی نێر لەهەستی سێکسی مێ زۆر بەهێزترە، چونکە کچ زیاتر بیر لەهەستی سۆزو خۆشەویستی دەکاتەوەو بەپێچەوانەوە ڕەگەزی نێر زیاتر بایەخ بەلایەنی سێکسی دەدات و هەمیشەش ئارەزووی زاڵبوون بەسەر مێدا دەکات.

## تەحەروش منداڵانی کچیش دەگرێتەوە

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەڵادزێ، ئەبوبەکر توفیق، ڕایگەیاند، لەریکەوتی ١٦/٨/، ٢٠٠٩ هاووڵاتییەک بەناو (ا.م)، لەبنکەی پۆلیسی قەڵادزێ، بەهۆی ئەوەی (م ح)، دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر کچەکەی سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە. کچەکە تەمەنی ٨ ساڵە، ئەو کوڕەی کە دەستدرێژی کردووەتە سەر کچەکەی دراوسێیانەو بەبڕیاری دادوەر و بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە٣٩٣ کە یاسای بەدڕەوشتیە، دەستگیرکراوە. کچەکە، لەبارەی ڕووداوەکە گوتی:" کاتێک کە ڕۆیشتم جلەکانی دایکم لای بەرگدوور بهێنمەوە، بەر لەوەی بەماڵی خۆمان بگەم، ئەو کوڕە تووشم بوو و دەستی گرتم و بۆ ماڵی خۆیان ڕفاندمی، لەوێ دەستدرێژی کردە سەرم، منیش گریام، کوڕەکە دەیگوت بێدەنگ بە، دواتر ١٧٥٠ دیناری پێدام، لەوکاتەدا کوڕێک بەهانام هات و ڕزگاری کردم". سامان سیوەیلی، توێژەری کۆمەڵایەتی وسەرۆکی سەنتەری ڕاوێژکاری خێزان، لەسلێمانی لەبارەی تەحەروشپێکردنەوە گوتی:" بێگومان ئەوحاڵەتانەی دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵ، لەزانستی سایکۆلۆژیدا پێدەگوترێت، خانەی ناوازەیی سێکسی، جۆرێکە لەنائاسایی بوونی کەسەکە". ئەو توێژەرە ڕوونیدەکاتەوە کە ئەم حاڵەتە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، پێیدەگوترێ بایدۆفیلیا، ئەو کەسانەن، کە ئارەزووی سێکسی لەگەڵ منداڵدا دەکەن، واتا بکەرەکە خۆی کەسێکی بەتەمەنەو دەستدرێژی دەکاتە سەر منداڵ.

## قوتابیان و تەحەروش

نارین، کچێکی تەمەن بیست ساڵەو قوتابی شەشی ئامادەییە، لەلایەن مامۆستاکەی دەستدرێژی کراوەتە سەر، وەک باسدەکات، ڕۆژێک لەژووری بەڕێوەبەر کاری هەبووە، کاتێک چووەتەژوورەوە، تەنیا بەڕێوەبەرەکەی لێبووەو لەوکاتەدا قوتابییەکان خەریکی خوێندنی وانەکانیان بوون، "بەڕێوەبەر چوکلێتی پێشکەش کردم و فەرمووی کرد، تا دابنیشم، منیش لەبەرئەوەی مامۆستامە شەرمم لێکرد و دانیشتم. دوای دوو خولەک مامۆستا هاتەلامەوە، پەلاماریدام ویستی ماچم بکات، منیش نەمهێشت و بەزۆر خۆمم لەبەردەستی ڕزگارکرد". نارین، باسی ئەوە دەکات کە دواتر هەڕەشەی لەمامۆستاکە کردووەو پێیگوتووە یان دەبێ تۆ لەو قوتابخانەیە بڕۆی یان من، بەڵام مامۆستاکە زۆر تکای لێکردووە و گوتوویەتی هەڵەم کردو داوای لێبووردن دەکەم و ئەویش وازی لێهێناوە.

## تەحەروش لەبنکە تەندروستییەکاندا

نەسرین، لەکۆلێژی پەروەردە دەخوێنێ، وەک خۆی دەڵێت، نەخۆش بووەو بۆ دەرزی لێدان، چووەتە لای یاریدەدەرێکی پزیشکی کە نۆڕینگەکەی لەناو ماڵی خۆیان بووەو کاتێ سەردانی کردووە، ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی، بووەتەوە.

نەسرین، دەڵێت، کاتێک چوومە نۆڕینگەکەی، یاریدەدەری پزیشکی گووتی، ئەمڕۆ ژنەکەم لەماڵ نییە، دەتوانی ئەو تەباخەم بۆ داگیرسێنێ من نازانم، کاتێک چوومەژوورەوە یەکسەر مۆبایلەکەی دایەدەستم و گوتی سەیربکە کە بینیم هەندێ گرتەی سێکسی تێدابوو لەوکات زانیم نییەتی خراپە، ویستم بڕۆمە دەرەوە، بەڵام دەرگای داخستبوو، منیش قیژاندم و تەلەفۆنم دەرهێنا، ئەوکات ترساو پێگوتم، باشە ئابڕووم مەبەو دەرگای کردەوە، منیش تا بەشەناوخۆییەکەمان ڕامکرد.

## تەحەروش لەئاهەنگەکاندا

تەحەروشکردن، لەئاهەنگەکاندا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و بەتایبەت لەکاتی سازدانی ئاهەنگێکی گەورەی جەماوەریدا. لەشەوی ٢٤/٢٥ی مانگی ڕابردوو لەیاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فەرەنسۆ هەریری، کۆنسێرتێکی هونەری بۆ هەریەک لەهونەرمەندان (موعین ئەسفەهانی و جەمشید) سازدرا، تێیدا ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان ئامادەبوون و ژمارەیەکی بەرچاویش لەژنان بەشداری ئاهەنگەکەبوون کە زۆرینەیان کوردی ڕۆژهەڵات و هاووڵاتیانی ئێرانی بوون. (شوهرە جەعفەر)ی تەمەن ٢٣ ساڵان، کوردێکی شاری سنەیەو لەشارۆچکەی کۆیە نیشتەجێیە، لەگەڵ براکەیدا ئامادەی کۆنسێرتەکە بوون. ئەو ژنە گوتی" لەکاتی گوتنی گۆرانی لەلایەن موعینەوە، چەندجارێک لەلایەن کوڕێکەوە بێزارکرام، دەستی بۆ دەهێنام و توانجی سێکسی لێدەدام، گەرچی

www.netewe.com

چەندجارێکیش ئاگادارم کردەوە لەوەی وازبهێنێ، بەڵام زۆربێزاری کردم و تا دواجار براکەم لێی ئاگادارکردەوە، ئینجا کوڕەکە وازی هێنا".

قوتابی زانکۆی سلێمانی دێرین مەحمود، کە تەمەنی ٢٢ ساڵە، لەگەڵ خێزانەکەی لەشاری سلێمانیەوە بۆ ئامادەبوون لەو کۆنسێرتە هاتبوون، باس لەرەفتاری ئەو کوڕانە دەکات کە لەوێ بوون" هەندێک لەکوڕەکان کاتێ تاریکبوو هەوڵیاندەدا خۆیان لێم نزیک بکەنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی دوو برام لەگەڵماندابوون نەیانتوانی". لەو شەوەدا چەندین حاڵەتی تەحەروشکردن بەئافرەتان لەلایەن کوڕانەوە ئەنجامدرا، ئەحمەد ئیبراهیم، کوڕێکی تەمەن ٢٠ ساڵە، بەشانازیەوە باسی بێزارکردنەکانی ژنانی دەکرد:" ئەمشەو دەستم بۆ چەندین ئافرەت درێژکردووە، هەندێکیان پێیانخۆشبوو و دووانیشیان جنێویان پێدام".

هەرلەوبارەیەوە پەیوەندیمان بەبەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر، عەمیدی مافپەروەر عەبدولخالق، کرد بەمەبەستی زانینی ئەوەی ئاخۆ لەوشەوەدا هیچ کەسێک بەتۆمەتی تەحەروش دستگیرکراوە، ناوبراو لەوبارەیەوە گوتی:"نە، هیچکەسێک دەستگیر نەکراوە، چونکە ئێمە بەبێ تۆمارکردنی سکاڵا، ناتوانین کەس دەستگیر بکەین". بەڕێوەبەری پۆلیس تیشکی خستەسەر هۆکاری تۆمارنەکردنی سکاڵا لەلایەن ژنانەوە" ژنان بەدەگمەن سکاڵا تۆمار دەکەن، ئافرەتی هەولێریش ئارەزوو لەتۆمارکردنی سکاڵا لەلای دادوەر ناکات، بەڵام ئێمە وەک پۆلیس ئەو کەسەی تەحەروشدەکات بۆ ماوەیەکی کاتی رادەگرین تا حاڵەتەکە تەشەنە نەکات، دواتر لەرێگەی کەفیلەوە ئازادی دەکەین، گەر بۆجاری دووهەم سەرپێچی کرد ئەوکات رەوانەی دادگای دەکەین".

## تەحەروشی سیاسی

ژنە کارگێڕێکی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەهەولێر، ژمارەیەک لەبەرپرسانی مەڵبەندەکەی بەوە تۆمەتبار دەکات کە بەهۆی ململانێی کوتلەگەریەوە ناوبانگیان زڕاندووەو ناویان خستووەتە سەر گرتەیەکی سێکسی و بەنێو هەموو کۆمیتەو دەزگاکانی یەکێتیدا لەهەولێر، بڵاویان کردووەتەوە، کەچی دواتر دەرکەوتووە ئەو ژنەی لەو گرتە سێکسیەدا دەردەکەوێت ئەو نییە بەڵکو ژنێکی ئێرانییە.

لەوبارەیەوە کارگێری مەڵبەندی ٣ ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەهەولێر، عەزیمە بابۆڵی، چۆنیەتی تەحەروشپێکردنی بەگرتە سێکسیەکە بۆ وارڤین باس دەکات و دەڵێت:" کاتێ کە یەکێتی دەیویست بۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، کاندیدم بکات، لەلایەن چەند کەسانێک کە لەنێو مەڵبەند٣، لە ئاستی بەرپرسیارێتی دابوون، بەگرتەیەکی سێکسی ڕێگریم لێکرا، تا بەو هۆیەوە ناوبانگم بزڕێنن". عەزیمە ئەوەی ئاشکرا کرد، کە دوای ئەوەی دەرکەوت ئەو ژنەی لەو گرتە سێکسیە بەشداری پێکراوە ئەو نییەو ژنێکی ئێرانییە، لیژنەیەک لەئاستی مەڵبەند بۆ لێپێچینەوە لەو کێشەیە پێکهێنراوە، بەڵام تائێستایشی لەگەڵدابێت کێشەکەی چارەسەر نەبووە. عەزیمە لەرێگەی نامەو بگرە بە چاوپێکەوتنیش زۆربەی بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام کێشەکەی هێشتا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.


د.هادی مەحمود

## مەترسییەکانی تەحەروش

کنێر عەبدوڵڵا، دەڵێت، شێوەکانی گێچەڵکردن دژ بە ژنان جۆراوجۆرەو دەشێت، لێدان، گێچەڵکردنی سێکسی، یاخود لاقەکردن و دواجار کوشتن بێت. لەڕوویەکیترەوە دەستدرێژی سێکسی وێنەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە بەدەر لەوشەو هێمای سێکسی و دەستبردن بۆ شوێنی هەستیاری جەستەو بێزارکردنی بەڕپێگرتن و قسەکردن بەئامراز و شێوازی جیاجیا دەشێت وێنەیەکی مەترسیدار لەخۆ بگرێت. کنێر، ئەوە دەخاتەڕوو کە زاڵێتی دەسەڵات و باڵادەستی پیاو پاڵنەرێکی دیکەی ئەنجامدانی ئەم پرسەیە. ئەو چالاکوانەی ژنان، ڕوونیدەکاتەوە کە ژنان ڕوبەڕووی دووجۆر هەڵوەستەی دژ بەیەک دەبنەوە یەکەمیان قسەکردنە، دووهەمیان، بێدەنگبوونە کە لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەهەردوو حاڵەتەکەدا تەنیا ژنان تووشی زیان دەبنەوە، بەڵام بێدەنگبوونی ژنان، زیاتر دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ئەو کەسەی تەحەروش بە ژنان، دەکات. لەوبارەیەوە د. توانا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی ئەو دیاردەیە دەبنەوە کاریگەری خراپ لەسەر دەروونیان دروستدەبێت و وایلێدێت تووشی دڵەڕاوکێ و ترس و خەمۆکی ببن و متمانەیان بەپیاو نەمێنێت.

## ڕێگریکردن لە تەحەروش

تەحەروش لەسەرجەم ناوەندەکاندا بەربڵاوە، هەر لەخێزانەوە تا شەقام و وکۆڵان، تا خوێندنگەو شوێنە گشتی و زیندانەکان، تا دەگاتە ناوەندەکانی فەرمانگەو نێوەندی پارتە حزبی و سیاسییەکان. وێڕای فرە هۆکاری

www.netewe.com

سەرهەڵدانی ئەم مەسەلەیە، دەتواندرێت ئاماژە بەچارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت. هەر ناوەندێک، لەچوارچێوەی سنووری کارکردنیدا بودجەو کەسایەتی مەعنەویی و پسپۆڕی بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی حاڵەتەکان چەمکێکی کارکردنی بەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی بەبۆچوونی پسپۆڕان، زۆرترین ئەرکی چارەسەرەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، لایەنی حکوومییە کە لەڕێی بایەخدان بە پلانی کورت و درێژخایەن و پرۆژەی ستراتیژییەوە، بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە بواری ژنان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دەتوانێت کاریگەری باشی لەسەر بنبڕکردنی ئەم پرسە هەبێت.

لەلای خۆیەوە د. هادی، ئاماژە بەیاسای سزادانی عێراقی دەکات، کە کۆمەڵێک بەندی تێدایە، ئاماژە بەحاڵەتی تەحەروش دەکەن، بەڵام نە وەک دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان تەماشا بکرێت. پێویستە لەو پرۆژە یاسایەشدا کە ئێستا لەبەردەستی پەرلەمانی کوردستاندایە، تەحەروش، وەک دیاردەیەکی توندوتیژی دژ بە ژنان، تەماشا بکرێت. هادی مەحمود، ئاماژە بەژنە لێکۆڵەرێکی ئەمریکی دەکات کە لەروانگەی لێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە لەهەردوو ئافرەت یەکێکیان تەحەروشی پێکراوە، بۆیە پێویستە هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت، چونکە ئەو دیاردەیە وا لەئافرەت دەکات هەست بەکەمووکورتی بکات. پێشیوابوو، ئەرکی حکوومەتە وەک توندوتیژی بەرانبەر بەئافرەت مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا بکات، چونکە تا ئێستا یاسایەک نییە تەحەروش بەژنان بخاتە چوارچێوەی توندوتیژییەوە و سزای ئەو کەسە بدات کە تەحەروش بەئافرەتێک دەکات. د. هادی هەروەها باس لەبڕگەی١ی ماددەی ٤٠٢ دەکات کە بەپێی ئەو بڕگەیە: هەر کەسێک تەحەروشی بە کەسێک کرد، سزای گرتنی بەسێ مانگ زیاتر نەبێت و بژاردنیش بەپێی یاسا کۆنەکە ٣٠ دینار زیاتر نەبێت، یا بە یەکێ لەم سزایانە:

– ئەگەر کەسێک داوای کارێکی کرد لەهەرکەسێک، بەپێچەوانەی ئادابی گشتییەوە بێت.

– ئەگەر ڕێی لەمێینەیەک گرت لەشوێنێکی گشتیدا، بەکاروکردەوە، یان بە هێمابۆکردن بەشێوازێک، کە کاریگەری بەسەر ئابرووی



کنێر عەبدوڵڵا

کچەکەوە هەبێت. کە واتە تەنیا وەک ئازاردان و سنووردارکردنی ئازادی کەسێک سەیر دەکرێت.

بەپێی د. هادی، هەروەها لەیاسای سزادانی عێراقیدا تەنیا ماددەی٥٠٢ هەیە، باسی ئەو سەرپێچیانە دەکات، کەبەرامبەر بەئادابی گشتیی ئەنجامدەدرێن. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش پێویستمان بەهەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە هەیەو ئەوەش ئەرکی هەموو لایەکە.

### راسپاردە

١. پێویستە پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاسایەک تەحەروش وەک توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بناسێنێت.

٢. پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی بواری ژناندا، هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی تەحەروش دەست پێبکات.

٣. پێویستە لەیاسای سزادانی عێراقی تایبەت بەو حاڵەتانەی کە دەچنە خانەی بەدرەوشتییەوە، گۆڕانکاری لەماددەکانی ٤٠٢ کە سزای کەسێک دەستنیشان دەکات، کاتێک تەحەروش بەکەسێک دەکرێت. هەروەها پێداچوونەوە بەماددەی ٥٠٢ کە تایبەتە بەلێپێچینەوە بەرامبەر سەرپێچیکردن لەئادابی گشتی بکرێت، چونکە سزای ئەو دوو ماددەیە بۆ بکەری تەحەروش ئاسانەو، هانی ئەو کەسە دەدات کە لەتەحەروشکردن بەردەوام بێت.

٤. پێویستە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگی بەبنبڕکردنی دیاردەی تەحەروش بدات، چونکە ئەگەر دیاردەکە بەوشێوەیە بمێنێتەوە، ڕێژەی تووشبوونی ژنان بەنەخۆشی دەروونی هەڵدەکشێت و بەمەیش کاریگەری نەرێنی بەسەر کۆمەڵگەوە، جێدەهێڵێت.

### ئەنجام

١. ڕێژەی تەحەروشکردن بە ژنان لەهەرێمی کوردستاندا، بەپێی ئەم ڕاپرسییە ٥٩٪ بوو، کە ڕێژەیەکی زۆرە، بەڵام بەهۆی بێدەنگبوونی ژنان و شاردنەوەی حاڵەتی تەحەروشکردن پێیان، ڕەنگە لەسەرووی ئەم ڕێژەیەوە بێت.

٢. هەر یەک لەپەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تایبەت بە ژنان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لەکەمکردنەوەی تەحەروشکردن بە ژنان، نەبووە.

٣. کاتێک کەسێک تەحەروش بە ژنێک دەکات، بۆ ماوەیەکی کاتی لەلایەن پۆلیس دەستگیر دەکرێت و دواتر ئازاد دەکرێت، واباشترە ئەنجامدەری تەحەروشەکە ڕاستەوخۆ ڕادەستی دادگە بکرێت و لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت. نەبوونی ئەو سیستەمە وایکردووە کە تەحەروشکردن بە ژنان لە هەرێمی کوردستاندا سنووردار نەکرێت.

www.netewe.com

# "تەکنۆلۆژیا سۆزی خۆشەویستی لاواز کردووە"

هەولێر

**پێم دەڵێن: مەحبووبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا**
**خێڵ و قیچە یا ترازووی نازی نەختی سەر دەکا**

نالی، لـــەو شـــیعرەیدا ئاماژەیەکی روونی خۆشەویستی بەر لەسەردەمی تەکنۆلۆژیا، بەو پـــەڕی ســـادەییەوە دەخاتـــەڕوو کە پـــڕە لەســـۆز، کەچی لەقۆناغی ئێســـتادا بەهۆی ئامێرگەلـــی مۆبایل و ئینتەرنێتەوە ســـۆزی خۆشەویســـتی لەنێـــو ئامێرێکی ساردوســـڕدا قەتیـــس مـــاوەو هیچ جۆش و خرۆشـــێکی لێ بەدیناکرێـــت و مۆژدەی قۆناغێکـــی نـــوێ بەنـــاوی" بەئامێربوونی خۆشەویســـتی دەدات. هەندێک لەکچان و کوڕانی کورد، هاتنی تەکنەلۆژیا بەهۆکاری لاوازبوونـــی خۆشەویســـتیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـــەکان دەزانن و پســـپۆڕانیش خۆشەویستی بەئامێربوون و نەمانی رۆحی خۆشەویســـتی دەچوێنن. ئەگەر سەرنجی ئەو وشـــەو دەستەواژانە بدەیت، کە رۆژانە کوڕو کچان لەرێگەی مۆبایل و ئەنتەرنێتەوە بـــۆ یەکتری دەنێـــرن، زیاتر هەســـت بەو جیاوازییـــەی رابردوو و ئێســـتا دەکەیت. ئەو پەیامانە لەچەند وشـــەیەکی ســـادەو بێقوڵبوونەوە لەئەڤین خۆی دەسووڕێتەوەو هیچ ســـۆزێکی تێـــدا بەدیناکرێـــت. ئەم بەیتـــەی خـــوارەوە نموونەیەکی روونە بۆ ئەو پرسە:

**کاتێ خۆر ئاوادەبێت بەتاریکی دڵتەنگم**
**بۆ روناکبوونی دڵم چاوەڕێی نامەو زەنگم**

خۆشەویستی لەســـەردەمی کۆندا لەرێگەی نووســـینی نامەیـــەک کـــە بەشـــیعرێک دەنەخشـــێندرا، لەرێگەی وشەکانەوە زیاتر هەستی پێدەکرا.

شاعیران، پێیانوایە، کە تەکنۆلۆژیا، رۆحی خۆشەویستی وشککردووەو کاریگەری نەرێنی لەسەر هەست و سۆزی دەروونی کەسەکان داناوە. شـــاعیری گەنج سەرکەوت رەسوڵ، باس لەوە دەکات کە تەکنۆلۆژیا کاریگەری زۆری لەســـەر هەموو جۆرە پەیوەندییەکان هەیەو ئاماژە بەنووسینی ئەو نامانە دەکات کە لەڕێگەی مۆبایلـــەوە دەنێردرێن،" ئەو نامانەی بەمۆبایل بۆ خۆشەویســـتەکانمانی دەنێریـــن، لەگەڵ ئەو نامانەی ســـەردەمی خۆی کە بەقەڵم دەنووسرا، جیاوازیکی زۆر گەورەی تێیـــدا دەبینرێت، چونکە لەوانەیە بەلارکردنەوەی وشەیەک کەبە پێنووسەکەی خۆت دەنووســـرێت هەســـت بەســـۆزێک بکرێـــت کە جیا بێت لـــەوەی کە بەمۆبایل دەینێریت".

ئەو شاعیرە، جیاوازی تێکستەکان لەئێستاو داهاتوودا وەها دەستنیشان دەکات:" ژیانی شاعیری پێشتر، ژیانێکی ساکار بووەو زیاتر مامەڵەی لەگەڵ ناوەڕۆکی پڕ ماناو جەوهەری سروشت کردووەو جوانی وەک خۆی بینیوە، بەڵام جوانیەکانی ئێســـتا دەســـتکردن". ســـەرکەوت رەســـوڵ، وشـــەکانی ئێستای شیعر بە" خوێن ســـارد" وەسف دەکات و گۆرانی و فیلمەکان بەنموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت، کاتێ باس لەخۆشەویستی دەکەن هەســـت بە پەیوەندیکی نێوان دوو کەسی ســـارد دەکرێت، وەک ئەوەی کە تەنیا بۆ رازیکردنی خەڵکەکە بێت.

هەندرێن، کـــوڕە قوتابییەکی کۆلێژەو باس لەکاریگـــەری نەرێنی تەکنۆلۆژیا لەســـەر پەیوەندی خۆی و خۆشەویستەکەی دەکات کە بەو هۆیەوە لەئامانجیان کە هاوسەرگیری بووە، دوورکەوتوونەتەوە،" لە ســـەرەتای پەیوەندیمان بـــەردەوام خەریکی تەلەفۆن و نامەگۆڕینەوە بووین، هەســـتم دەکرد کە هێـــدی هێدی ئەو ئامانجـــەی کە هەمانبوو خەریکە بەهۆی مۆبایلـــەوە لەناو دەچێت، چونکە ئەو کاتانەی بەمۆبایل زۆر قسەمان دەکرد، توشی شەڕو گرفت دەبووین، وامان لێهاتبـــوو باســـی دراوســـێکانی یەکترمان دەکـــرد، بۆیـــە بڕیارماندا کە ســـنوورێک بـــۆ تەلەفۆنکردن دابنێین، ئێســـتا لەگەڵ خۆشەویســـتەکەم مانگی جارێک بەیەکەوە قسە دەکەین، ئەویش کاتێکی کەم و تەنیا هەواڵی یەکتر دەپرسین".

ســـاکار، ٢٧ ســـاڵان کـــە لەیەکێـــک لە فەرمانگەکانی هەولێـــر فەرمانبەرە، هاتنی تەکنۆلۆژیا بەشـــێواندنی خۆشەویســـتی و نەمانی هەست و ســـۆز دەزانێت و دەڵێت "پەیوەندی خۆشەویستی ئەو چێژەی ساڵانی رابـــردووی نەماوە، چونکە ئێســـتا هەموو شتێک بەهۆی مۆبایل و چاتکردنەوەیەو رۆح و هەست، لەخۆشەویستیدا نییە. پەیوەندی کـــوڕو کچانـــی پێشـــوو زۆر پیرۆزتربوو، چونکە زۆر بەدەگمەن یەکترییان دەبینی". ئـــەو کچە، باس لـــەوەدەکات کە لەرێگەی

**"لایـــەنـــی عـــەقڵانـــی لەبەرچاو نەگیراوە، بـــۆیـــە ئـــەگـــەر ئـــەو پـــەیوەنـدییە بگاتە هـــاوسـەرگـیـریش، ئەوا ماوەیەکی کورت بـــەردەوام دەبـــێت، بەڵگەش بۆ راستی قـسـەکـانـم بـــەرزی رێژەی جیابوونەوەی هـاوسـەرەکـانـە لەم سەر دەمەدا"**

www.netewe.com

مۆبایلـــەوە لەلایەن كوڕانـــەوە چەندینجار داوای پێوەنـــدی خۆشەویســـتی لێكراوە، بەڵام ڕەتیكردوونەتەوە.

پسپۆڕی دەروونی یوسف عوسمان، پێیوایە هاتنی هـــەر ئامێرێكی تەكنۆلۆژیا، ڕەفتارو بارێكـــی تایبەتی كۆمەڵایەتـــی لەگەڵدایەو كاریگـــەری لەســـەر دەروونـــی تاكـــەكان دادەنێـــت. ئـــەو گوتی " ڕاســـتەكنۆلۆژیا دەبێتە هۆی پێشـــكەوتنی مـــرۆڤ، بەڵام هەندێجاریـــش پێچەوانەیـــەو ڕەفتاری تاك بەرەو ئاڵۆزی و هەڵدێر دەبات و تووشـــی دارمانـــی دەكات". ئەم پســـپۆڕە، هاتنی تەكنۆلۆژیا بەهۆكارێك بۆ شـــێواندنی ئەو "خۆشەویستییە جوان و پاكەی" كە پێشتر هەبووە دەزانێت و دەڵێت: "پێوەندی نێوان كوڕو كچ، لەڕێگەی ئامێرەكانەوە ســـۆزی خۆشەویستی كوشتووە". مامۆستا یوسف، پەیوەندی خۆشەویستی لەڕێگەی تەكنەلۆژیا بەخۆشەویســـتی و پەیوەندی ڕاســـتەقینە نازانێت و دەڵێت "ئامێرەكانی چات و مۆبایل خۆشەویستی ڕاســـتەقینەیان نەهێشتووە، دەكرێـــت ناویـــان لێبنێـــت، بەئامێربوونی پەیوەندییە خۆشەویستییەكان".

توێـــژەری كۆمەڵایەتی هـــاوار مەحەمەد، خۆشەویســـتی وەك جۆرێـــك لەپەیوەندی كۆمەڵایەتی نێوان دوو كەس پێناسە دەكات كە لەســـەر كۆمەڵێك بنەمای متمانەو ڕێز ڕێككەوتبـــن. هاوار، ئامـــاژە بەمیكانیزمی خۆشەویســـتی دەكات كە خۆشەویســـتی جاران لەڕێگەی كۆمەڵێك شـــتی ســـادەی وەك، نامەگۆڕینـــەوە بـــووەو زۆرجاریش ئەو كەســـانە نەخوێندواربـــوون و لەلایەن كەســـانی دیكەوە نامەیان بۆ نووســـراوە، ئیســـتا تەكنۆلۆژیا ڕیگای پەیوەندیكردنی گۆڕیوەو خۆشەویستی وشك كردووە. هاوار گوتی " بەر لەهاتنـــی تەكنۆلۆژیا، كوڕێك ئامادەیی ئەوەی تێدابـــوو كە لەدرەنگانی شـــەودا نامەیـــەك فڕێبداتـــە نێـــو ماڵی خۆشەویســـتەكەی، هەرچەندە مەترسیشی تێدابـــوو، بەڵام تام و چێژی تایبەتی خۆی هەبوو.




یوسف عوســـمان، جەخت لەسەر هەرەس هێنانـــی پەیوەندییە خۆشەویســـتییەكان دەكاتەوە بەهۆی تەكنۆلۆژیایەوەو دەڵێت: "ئـــەو جـــۆرە پەیوەندییانەی كـــە بەهۆی تەكنۆلۆژیـــاوە دروســـت دەبـــن، "لایەنی عەقڵانی لەبەرچـــاو نەگیراوە"، بۆیە ئەگەر ئـــەو پەیوەندییە بگاتە هاوســـەرگیریش، ئـــەوا ماوەیەكی كورت بـــەردەوام دەبێت، بەڵگەش بۆ ڕاستی قسەكانم بەرزی ڕێژەی جیابوونـــەوەی هاوســـەرەكانە لەم ســـەر دەمەدا".

بەبۆچوونـــی یوســـف عوســـمان، نەمانی خۆشەویســـتی لەناو دەروونی هەر تاكێكدا مردنی ڕۆحی ئەو تاكەیەو ئەوەش وایلێدەكات تەنانـــەت خۆیشـــی خۆشـــنەوێت، چونكە خۆشەویستی بزوێنەری ڕاستكرنەوەی باری دەروونی تاكەو ئەگەر تاكیش خۆشەویستی خـــۆی ڕادەســـتی ئامێرەكان بـــكات، ئەوا لەبـــاری دەروونییەوە داهاتوویەكی باشـــی نابێت.

توێـــژەر هاوار محەممەد، تیشـــك دەخاتە ســـەر هەندێـــك لـــەو پەیوەندییانەی، كە لەڕێگـــەی مۆبایلـــەوە دروســـتدەبن، كوڕ و كچێـــك پەیوەنـــدی دروســـتدەكەن كە یەكتریـــان نەبینیووە، ئەگەر پەیوەندییەكە قـــوڵ بێتەوە ئەوا كێشـــەیان بۆ دروســـت دەبێت. ئەو توێژەرە تەكنۆلۆژیا بەهۆكاری نەمانی متمانە دەزانێت و دەڵێت: "متمانە، لەخۆشەویســـتیدا ڕەهەندێكی سەرەكییەو خۆشەویستی بەبێ بوونی متمانە، درێژەی نابێت".

**بۆكان هیوا - تاڤگە عەلی**



www.netewe.com



## کچانی کوردستان هاندەری تیپ و یانە و یاریزانە جیهانییەکانن

# کچێک: لەبەر خاتری جوانی یاریزانەکانیان، هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیام

سپۆرت

پەخشکردن و گواستنەوەی یارییەکانی تۆپی پێی خولەکانی ئەورووپا و جیهان لەلایەن تەلەڤزیۆنە نێوخۆییەکانی کوردستانەوە، چەند ساڵێکە سنووری ئاسایی تێپەڕاندووە و گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت و بووە بە بەشێکی سەرەکی لەپرۆگرامی تیڤییەکان، هەروەها جگە لەوەی چەند کەناڵێکی وەرزشیی دامـــەزراون، ژمارەیەکی زۆری هەفتەنامە و بڵاوکراوەی وەرزشیش بە زمانی کوردی بڵاو دەبنەوە و بوونەتە جێگەی سەرنج، ڕۆژنامە سیاسییەکانیش تا رادەیـەک لاپەڕەیەک یان زیاتریان بە وەرزش و هەواڵی وەرزشی داوە، ئەمانە و چەند هۆکاری دیکە وایان کردووە کچان لە کوردستاندا، وەکو کوڕان، گرنگیی بە یارییە وەرزشییەکان و تۆپی پێ بە تایبەتی بدەن و بە وردی سەیری تیپ و یانەکان بکەن و یاریزانەکانیان بناسن و لە لای خۆیانەوە هانیان بدەن، بە تایبەتی ئەمڕۆ لە زۆربەی ماڵەکاندا رکابەریی لە نێوان ئەندامانی خانەوادەکان لەسەر تیپ و یانە جیهانییەکان هەیە و بووەتە جۆرێک لە کلتور و هەر یەک پێی وایە تیپەکەی





ئەو باشترینە و شایستەی هاندانە، کچانیش لەمەدا بەشدارن.

ئێستا وەکو نێو کۆڕ و کۆبوونەوەی کوڕان، لە نێوان کچانیشدا دەمەتەقێ و قسەکردن و رکابەری لە بارەی هاندان و خۆشەویستی بۆ تیپ و یاریزانەکانی تۆپی پێی جیهانی بوونی هەیە و زۆرجاریش دەگاتە رادەی لە یەکدی زوویربوون و قسە بەیەکترگوتن، هەر یەکێک لەوانەش بە هۆکارێکەوە بووتە هاندەری تیپێک یان یانەیەک یان یاریزانێک.

(شیلان غەفور) کچەفەرمانبەرێکە لە یەکێک لە فەرمانگەکان و ئەوەی بۆ (وارڤین) باس کرد،کە لە نێوان کچانی فەرمانگەکەیاندا هاندان و خۆشەویستی بۆ تیپ و یاریزانە جیهانییەکان هەیە و زۆرجار دەبێتە بابەتی گفتوگۆ و دانیشتنەکانیان. ئەو دەڵێت: "ئەو کاتەی کە پاڵەوانیەتییەکانی وەکو مۆندیال و جامی ئەوروپا ساز دەکرێن، رکابەریی هاندانی تیپەکان زیاتر دەکەوێتە نێوان کچانی فەرمانگەکەمان و هەریەکە خۆی بە هاندەری تیپێک دەناسێنێت و هەر یەکە باس لە باشترین یاریزان و جوانترین یاریزانی تیپەکەی دەکات".

شیلان کە خۆی هاندەری یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیایە، دەڵێت:" بە هۆی یاریی جوان و ئاستی بەرزیانەوە ئەو دوو تیپەم خۆش دەوێت".

بەڵام ئەوەش دەڵێت: "بەڵام سەرنجم داوە ئەو کچانەی هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیان، زۆربەیان بە هۆی جوانیی یاریزانانیانەوە، بوونەتە هاندەری ئەو تیپە، بۆ خۆم هاوڕێم هەیە بەم هۆیەوە ئیتاڵیای خۆش دەوێت".

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە، کچێکی قوتابی، کە حەزی نەکرد ناوی بهێنرێت، دانی بەوەدا نا، کە ئەو بە هۆی جوانیی یاریزانان (تۆتی، کەنەڤارۆ، لۆکا تۆنی، بوفۆن و ئەوانی دیکە) ئیتاڵیای خۆش دەوێت و هانیان دەدات " لەبەر خاتری جوانیی یاریزانەکانیان، هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیام".

هەروەها (چیمەن خەلیل) کە کچی ماڵەیەوە، هاندەری ئیتاڵیا و یانەی ئینتەر میلانە. ئەو دەڵێت: "ڕاستە یاریزانانی ئیتاڵیا جوانن، بەڵام یارییکردنیشیان جوانە و تیپێکی بەهێزن و ئەنجامی باشیان هەیە".

چیمەن باسی ئەوە دەکات کە هەر کاتێک یاریی ئیتاڵیا هەبێت سەیری دەکات و لە دەست خۆی نادات.

چیمەن هەروەها گوتی: تۆپی پێ یارییەکی خۆش و سەرنجڕاکێشە، کاتێک سەیری یارییەک دەکەم چێژی لێ وەردەگرم".

(ئاوات عەبدوڵڵا) کچەقوتابییەکی دیکە و ئەمساڵ ئامادەیی تەواو کردووە، ئەو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یاریزان (بالاک)ی خۆش دەوێت. ئەو بۆ وارڤین گوتی: "بە هۆی خۆشەویستی براکانم بۆ ئەو تیپە، منیش خۆشم دەوێت، هەروەها یانەی چێلسیی ئینگلیزیشم خۆش دەوێت، چونکە یاریزان بالاک لەوێدا یاری دەکات".

ئاوات دەڵێت: "یانەی هەولێریشم خۆش دەوێت و بە ئاستی سەرهەنگ موحسینی گۆڵچیی یانەکە سەرسامم".

ئەو کچەقوتابییە ئەوە ئاشکرا دەکات، کە کچانی هاوڕێی لە قوتابخانەیان لەسەر هاندانیان بۆ یاریزانە جوانەکانی ئەوروپا شەڕ دەکەن و جاری واش هەبووە لە یەکدی زوویر بوونە " لە نێوان هاندەرانی کاکا و مێسی و کریستیانۆ رۆناڵدۆدا کێشە روو دەدات و هەر یەکەیان پێی وایە یاریزانەکەی ئەو جوانترە و وێنەی ئەو یاریزانانەشیان لە بەرگی دەفتەر و کتێبەکانیان داوە".

هەروەها کچەقوتابی (نیهایەت) کە لە قۆناغی ئامادەییە، هاندەری ریال مەدرید و هەڵبژادەی ئیتاڵیایە، ئەو لە ماڵەوە لە بری جلی ئاسایی کچانە، درێسی یانەی ریال مەدرید دەپۆشێت، لە بارەی هۆکاری خۆشەویستی بۆ یانەکەشی، گوتی " پێشتر رۆناڵدۆی بەرازیلی لەو یانەیە یاری دەکرد، منیش ئەو یاریزانەم خۆش دەوێت، بۆیە لەو کاتەوە بوومە هاندەری ریال مەدرید ".

نیهایەت دووپاتی دەکاتەوە، کە لەبەر جوانی یاریزانەکانیان نییە، کە ئیتاڵیای خۆش دەوێت "ئیتاڵیام بە هۆی بەهێزییەوە خۆش دەوێت، نەک جوانیی یاریزانەکانی". ئەو کچەقوتابییە هەروەها ئەوەی باس کرد: "لە قوتابخانەکەماندا ئەو دیاردەیە هەیە و هەندێک لە کچەهاوڕێیەکانم بە هۆی جوانی یاریزانەکانەوە هاندەری ئیتاڵیان، هەشیانە یاریزانان کریستیانۆ رۆناڵدۆ و کاکایان خۆش دەوێت".



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

www.netewe.com

# تۆپی پێ لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەی مەمک



یەکێتی تۆپی پێی مەکسیک رایگەیاند، کە لە خولی تۆپی پێی ناوخۆی وڵاتەکەیدا تۆپی رەنگ پەمەیی بەکار دەهێنێت، ئەمەش لە میانەی هەڵمەتێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک.

لەم چوارچێوەیەدا تۆپی رەنگ پەمەیی لە ٣٦ یاری لە سەرەتای ئەم مانگەوە تا سەرەتای مانگی داهاتوو لە یارییەکانی خولی مەکسیک بەکار دەهێنرێت.

خۆسێ ئەنخێل کۆردۆبا وەزیـری تەندروستی مەکسیک لەم بارەیەوە گوتی: "لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ٥٤٨ هەزار حاڵەتی مردن بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمکەوە لە جیهاندا رووی دا، کە ٤٥٨١ حاڵەتیان لە مەکسیک بوو، بۆیە دەستنیشانکردنی زووی ئەو نەخۆشییە لە هەر کەسێکدا زۆر پێویست و گرنگە".

جێگەی باسە بەرپرسانی وەزارەتـی تەندروستی مەکسیک لە یارییەکانی خولی وڵاتەکەیاندا ئامادە دەبن و تێیدا رێنمایی پێشکەش بە ئافرەتانە دەکەن، کە لە یارییەکاندا ئامادە دەبن و شێوازەکانی خۆپاراستن و دەستنیشانکردنی زووی نەخۆشییەکەیان بۆ روون دەکـەنـەوە. هاوکات ٣٠ هـەزار تۆپی رەنـگ پەمەیی دەخرێتە بازاڕەکانەوە، کە ١٠٪ ی داهاتی فرۆشتنی تۆپەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجەکەی مەمک دەبەخشرێت

## حەوت یانەی کوردستانی بەشدارن...

# پاڵەوانیەتی باسکەی کچانی عێراق لە سلێمانی ساز دەکرێت



بڕیارە سەرەتای ئەم مانگە پاڵەوانیەتیی باسکەی کچانی یانەکانی عێراق لە شاری سلێمانیدا ساز بکرێت و پاڵەوانی پاڵەوانیەتییەکەش بەشداریی خولەکانی دەرەوەی عێراق دەکات.

سەرچاوەیەک لە یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق بە ئاژانسی ئەسوات ئەلعێراقی راگەیاندووە: "یەکێتی تۆپی باسکە رۆژی ٦ی ئەم مانگەی (تشرینی یەکەم) دیاری کردووە بۆ دەستپێکردنی پاڵەوانیەتیی باسکەی کچانی یانەکانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٩، کە لە شاری سلێمانیدا بەڕێوەدەچێت و ١٣ یانە بەشداریی تێدا دەکەن".

بە پێی سەرچاوەکە، یانە بەشداربووەکان بەسەر ٣ گرووپدا دابەش دەکرێن و خولەکەش بە یەک قۆناغ ئەنجام دەدرێت و لە هەر گرووپێکدا ٢ یانە بۆ قۆناغی دووەم سەردەکەون و لەوێشدا بە شێوەی کرۆس (مەقەس) یاری دەکـەن و براوەکانیش بۆ بـردنـەوەی پلەی یەکەم رکابەری دەکـەن، کە پاڵەوانی پاڵەوانیەتییەکەش هەلی ئەوەی بۆ دەرەخسێت بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی عێراقدا بکات.

بڕیاریشە یانەکانی ئەکاد لە شاری هەولێر، نەورۆز، سیروانی نوێ، سلێمانی و پێشمەرگەی سلێمانی لە شاری سلێمانی، سەنحاریب لە شاری دهۆک، فەتاتی کەرکوک لە شاری کەرکوک، بەرتلە لە شاری موسڵ، فەتاتی بەغدا و ئەرمەنی و شەهید ئۆهان لە شاری بەغدا، سەلام لە رومادی و بەلەدی لە شاری بابل، بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکەدا بکەن.



www.netewe.com

### چاوی لە (کیم کلایستەرز) کرد...

# جۆستن هینان بۆ بردنەوەی نازناوەکان گەڕایەوە یاریگەکانی تێنس

کچە یاریزانی بەلجیکی (جۆستن هینان) دوای ١٦ مانگ لە بڕیاری وازهێنانی لە یاریی تێنسدا، بڕیاری دا دووبارە بۆ یاریگەکانی تێنس و بردنەوەی نازناوەکان بگەڕێتەوە.

جۆستن هینان، کە هەفتەی ڕابردوو بڕیاری دا بگەڕێتەوە یاریگەکانی تێنس، هۆکاری ئەو بڕیارەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە خەونی ئەوەی هەیە نازناوی پاڵەوانیەتیی ویمبلدۆن بەدەست بهێنێت. کە یەکێکە لە چوار پاڵەوانیەتییە گەورەکەی جیهان، کە بە (گراند سلام) ناسراون.

ئەو کچە یاریزانە ٧ نازناوی گراند سلامی لە ساڵانی پێشوودا بردووەتەوە.

هینان دانی بەوەدا نا، کە بە بینینی سەرکەوتنەکانی یاریزانی سویسری ڕۆجێر فیدرێر کاریگەر بووە، بە تایبەتی لە مانگی ئایاری ڕابردوو، کاتێک توانی نازناوی پاڵەوانیەتیی کراوەی فەرەنسا بباتەوە.

ئەو کچە یاریزانە دەڵێت: "بردنەوەی نازناوی ویمبلدۆن سەبارەت بە من خەونە، ئەو زیاتر لە ئامانجێکە، ئەو نازناوە خەونێکی ڕاستەقینەیە".

جۆستن هینان ١٦ مانگ لەمەوبەر بڕیاری دا واز لە یاریکردن بێنێت، بەڵام چاوی لە کچە هاونیشتیمانییەکەی (کیم کلایستەرز) کرد و لە بڕیارەکەی پەشیمان بووەوە، ئەمەی دواییش مانگی ڕابردوو، دوای دوو ساڵ لە وازهێنان، گەڕایەوە یاریگەکان و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراویش توانی نازناوی پاڵەوانیەتیی کراوەی ئەمەریکا بەدەست بهێنێت، کە یەکێکە لە پاڵەوانیەتییەکانی (گراند سلام).



جۆستن هینان سێی لە چوار پاڵەوانیەتییە گەورەکان بردووەتەوە و تەنیا نازناوی ویمبلدۆنی نەبردووەتەوە.

ئەو کچە یاریزانە لەسەر ویبسایتی خۆی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە بارەی بڕیاری گەڕانەوەکەی گوتی "ژیانێکی تازە باوەشی بۆ کردمەوە".

لە بارەی بڕیاری وازهێنانیشی، کە ١٦ مانگ لەمەوبەر ڕایگەیاندبوو، گوتی: "هەستم بە ماندووبوون کردبوو،ئارەزوویەکی قووڵم هەبوو، کە بیسەلمێنم دەتوانم ژیانێکی دیکەی دوور لە یاریگەکانی تێنس بژیم، دەمویست وەکو هەمووان بم، دەمویست ببمە ئافرەتێکی پێگەیشتوو".

گوتیشی: "١٥ مانگی ڕابردوو بۆ من لە زۆر کاتدا زەحمەت بوو، بەڵام زۆریش بەسوود بوو، شتی تازە فێربووم، شتی تازەی تایبەت بە خۆم دۆزیەوە".

هینان هەروەها ئەوەی خستەڕوو "ئەو چرکەساتانە ئەوەیان بۆ ڕەخساندم زیاتر لە خۆم ورد ببمەوە، یارمەتی دام ئەوە بزانم کە زۆر کارم هەیە تا ئێستا جێبەجێم نەکردووە".

ئەو کچە یاریزانە بەلجیکیە ڕایگەیاندووە، کە تا کۆتایی ئەم ساڵ چەند یارییەکی نمایشسازی ئەنجام دەدات و دواتر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠دا دەگەڕێتەوە بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکان و دەستپێکی بەشدارییەکانیشی لە پاڵەوانیەتیی کراوەی ئوسترالیادا دەبێت.

هینان کە تەمەنی ٢٧ ساڵە، ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە هەست بە خۆشحاڵی دەکات و دەیەوێت بەشداریی ئۆلمپیادی لەندەنی ٢٠١٢ش بکات.

جۆستن هینان پێش ئەوەی بڕیاری وازهێنان بدات، ٤١ نازناوی لە پاڵەوانیەتییە جیهانییەکاندا بەدەستهێنابوو، کە ٧ لەوانە لە (گراند سلام) بوو، هەروەها ماوەی ١١٧ هەفتە لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندیی باشترین کچە یاریزانەکانی جیهان بوو، جگە لەمەش میدالیای زێڕی لە ئۆلمپیاد بەدەستهێنا.

www.netele.com




## ژنە ماستفرۆشەکان بە هێنانی ماستی بیانی نیگەرانن

# ” لەبەر ماستی ئێرانی و تورکی ماستەکانمان نافرۆشرێت“

رانیە

دەستێکی لەبەر چەناگەی دانابوو کە لێی نزیکبوومەوە بەگفتولفتێکی زۆرشیرین، کە لە ئەو وابوو بۆ ماستکڕین چومەتە لای، گووتی فەرمو و کاکە، ئەوەیان شیری مەڕو بزنی تێکەڵاوەو بایی (٤٠٠٠) دینارە، گووتم باشە دەکرێ بزانم ناوت چیەو چەند ساڵە ماست، دەفرۆشی؟ بەزەردەخەنەیەکەوە گووتی، چ کارت بەناوی منە، ئینشائەڵڵا سووکە مەعاشێکم بۆ دەبڕیتەوەو لەو قوڕبەسەرییە رزگارم دەکەی.

گەلاوێژ، ژنێکی تەمەن ٣٨ ساڵەو یەکێک لەو ژنە ماستفرۆشانەیە کە بەیانیان زوو لەبازاڕی قەڵادزێ، خەریکی ماستفرۆشتنە. ئەو گلەیی لەبەختی خۆی دەکات و دەڵێت:“ لەوێ رۆژێوە کەشووم کردووە نزیکەی ١٥ساڵە لەو راکەڕاک و سەفاومەروا و هەش بەسەرییەیدام، تائێستا رۆژێک نەبووە خۆرهەڵات بێ و من خەوتبم، پێش خۆرهەڵاتن من لەبازاڕم“.

پیشەی گەلاوێژ، وەک ژنێکی گوندی، ماستفرۆشتنە، باس لەگرفت و زەحمەتی ژنانی ماستفرۆش دەکات“ ئەگەر رۆژێک ماستەکەمان نەفرۆشرێت، ناچار دەبین بەگەڕەکەکاندا بگەڕێین و دەرگا بە دەرگا لەماڵان بدەین و بڵێین، ئەرێ ماڵەکە ماستت ناوێ، جا ئەویش خۆی و خوای خۆی، بەشێکی زۆریش لەماستفرۆشەکان مەعمیلیی خۆیان هەیە، ئەو کەسانەی کە ماستمان لێدەکڕن، سەتڵە بەتاڵەکانمان بۆناگەڕێننەوەو ئەوەش خەرجییەکی ترمان بۆ زیاد، دەکات“.

گەلاوێژ، گلەییی لەحکوومەت دەکات، چونکە تا ئێستا قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانانەی بۆ نەکردوونەتەوە، کە ساڵانە بەهۆی وشکەساڵییەوە بەر خاوەن مەڕوماڵاتەکان

دەکەوێ.

کەم نین ئەو ژنانەی، کە دەیانساڵە لەگوندەکانی دەڤەری ( پشدەر و بیتوێن ) لەگەڵ سیوادی بەرەبەیاندا خەو لەچاویان دەتۆرێ و دەبێت ئەو شیرەی کە دوێنێ ئێوارە دۆشیویەتی و سەر لەزوو هەوێنی کردووەو کردویەتی بەماست، بۆ فرۆش فریای بازاڕی بخات. ژنە ماستفرۆشەکان، وەک خۆیان گوتیان، هەمیشە ژیانیان دژواربووەو بەکولەمەرگی و مەمرەو مەژی، ژیانیان بەڕێکردووە.

ژنێکیتری ماستفرۆش، سەتڵەماستەکەی لەپێش خۆی دانابوو و باسی چۆنیەتی ماستفرۆشتن و گرفتەکانی دەکرد، لە ئێستاو ساڵانی پێشتردا گوتی " جاران بە هیلاک دەچووین، تا بەپێیان یان بەسواری وڵاخی لەو گوندە دوورەدەستانەوە فریای بازاڕ دەکەوتین، بەڵام ئێستا بەسواری ئۆتومبێل زووتر بۆبازاڕی دەهێنین، بەڵام جاران کارمان باشتربوو. ئێستا بەهۆی هاتنی ماستی بیانی، ماستی ئێمە نافرۆشرێت. هەر چەندە لەگەڵ کەشووهەوای وەرزەکانی ساڵ خواست و خستنەڕووی ماست لەبازاڕدا لە هەڵکشان و داکشاندایە" .

پورەفاتم، تەمەنی٥٠ ساڵەو خەڵکی گوندی تیتۆکەی سەر بەشارۆچکەی ڕانیەیە. ئاماژەی بەپڕفرۆشترین جۆری ماستکرد، کە ماستی گامێش و مەڕوبزنەو لەبازاڕدا بەهەرمێن ترەو گوتی" من تەنیا ماستی مانگا دەفرۆشم، یەک سەتڵی ٢ کیلۆگرام زیاترەو بە ٣ هەزار دیناری دەدەم. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ماستەکەم بۆ نەفرۆشراوەو بەناچاری بۆ ماڵەوەم گەڕاندووەتەوە و ژەندوومەو کەرەو دۆم لێدروست کردووە".

پورە فاتم، لەگەڵ ئەوەی باوەڕی وایە کە "ڕزقی ئەوان لەدەستی خوایە"، بەڵام وەک هەموو ژنە ماستفرۆشەکانیتر کاریگەری هێنانی ماستی بیانی لەسەر کڕین و فرۆشتنی ماستی خۆماڵی دەخاتەڕوو،" خوا ئەو ناهەقییە هەڵناگرێ، کە ئێمە ئەو هەموو مەڕو بزن و مانگاو گامێشەمان لە وڵاتی خۆماندا هەیە، بەڵام بۆ قازانجی چەند بازرگانێکی "چاوچنۆک" پەنا بۆبەرووبومی وڵاتانی ئەولاوئەولا دەبەن، خۆ گەر نەشمان بایە قەیدی نەبوو". ژنانی ماستفرۆش، هەموویان رووی گلەیی ئاراستەی حکوومەت دەکەن و بەشێکی هەرە زۆری زەرەرو زیانەکانیان بەواڵاکردنی دەرگاکان بۆ هێنانی بەرووبومی شیرەمەنی دەرودراوسێکان دەزانن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە هەندێک لەخاوەن ئاژەڵەکان لەناچاری و کەمدەرامەتی ئاژەڵەکانیان بەقاچاغی ببەنە ئێران و لەوێ بیفرۆشن، کەچی بەرووبومی ئاژەڵداری ئەوان، بێ هیچ ڕێگری و چاودێرییەک و بەئازادی دێتە کوردستان.

مێرێ خدر، کە ژنێکی تەمەن ٤٨ساڵەو دانیشتووی گوندی دەڵاڵانی سەر بەشارەدێی سەرکەپکانە، بەمجۆرە باسی زەحمەتی بەرهەمهێنانی شیرو ماست دەکات کە بۆ دروستکردنی سەتڵە ماستێک، دەبێت" شوان یان گاوانت هەبێت، لەوەڕو تفاقی مەڕوماڵات هەبێ، دەبێ بیدۆشی وبیپاڵێوی، دواتر کە بۆ کوڵاندن لەسەرئاگرت دانا، چاودێری بکەی تا هەڵنەچێ ودوای کوڵاندن هەوێنی بکەیت و لەجێگایەکی پاک دایبنێی، تا هەوێن دەبێت. ئینجا لە مەنجەڵی دەکەم و کرێی سەیارەی لێدەدەم، تا دەیگەیەنمە بازاڕ. بازاڕیش لەبەر ماستی تورکی و ئێرانی، بەر ماستی من ناکەوێت".

وێڕای ئەو هەموو زەحمەتیەش مێرێ، پارەی ماستەکەی ناباتەوە ماڵ و جلووبەرگ یان سابون و تایت و بەشێکیش لەوسەوزەو میوانەی کە لەگوندەکەی ئەواندانین دەکرێت و بۆ ماڵی دەباتەوە. لە بازاڕی ڕانییە ژنێکی تەمەن ٥٠ساڵ شانی داوەتە بەر زەحمەتیەکانی ژیان و بەرەورووی گرفتەکان دەبێتەوە، پورە مریەم، جیا لەماست، وردەواڵەی کچان و ژنانی وەک غەرغەرە، دەرزی گوارە، بازنەی زەرد وتەوقەی سەری، لەسەرشەقام بۆفرۆشتن هەڵڕشتبوو، کە حیسابی پارەکەی دەکرد هەمووی هەژدە هەزاربوو. ئەو کاتێک ئێمەی بینی گوتی" لەهەموو کەس هەژارترم، بەڵام لەبەرئەوەی رەگەزنامەی عێراقیم نییە پارەی کەم دەرامەتانیش شمولم ناکات".

ئەو، خۆی ئاژەڵی نییە تا ماست دروستبکات، بەڵام بەهۆی هەژاری ناچارە ماستی دراوسێیەکیان بهێنێت بە پارە بۆیان بفرۆشێتەوە. بەدەم قسەکردنەوە دەیویست کریارەکات بەکڕینی ماستەکەی رازی بکات و دەیگوت" ساف گامێشەو بای (٦٠٠٠) هەزار دینارە".

پورە مریەم، پێچەوانەی ژنەکانیتر تەنیا گلەیی لەحکوومەت نەدەکرد، چونکە بەڕای ئەو نەدەبوو خەڵکیش بەرووبومی دەرەوە بکڕێت، "خەتای خەڵکیە ئەگەرنا چۆن دەبێ ئەو دۆیە ترشاوە ئێرانیەی کە پڕ لە لیمۆندوزییە بکڕن.


نەدەبوو حکوومەتیش ڕێگا بدات خەڵکی شتی خۆیان لەبازاڕی ئێمە ساغ بکەنەوەو هی خۆشمان بکەوێتەوە". پورە مریەم، بیرۆکەی دروستکردنی کارگەیەک بۆ سوود وەرگرتن لەبەرهەمەکانی بۆ حکوومەت خستەڕوو و گوتی" کۆتایی هەشتایەکان بوو. ئەوکات قەڵادزێ ڕانەگوێزرابوو، کە دەیانگووت حکوومەتی بەعسی بەنیازە کارگەیەکی ئەلبان لەگوندی گرجانی سەر بەشارۆچکەی چوارقورنە دابنێ، بۆ کۆکردنەوەی هەموو شیروسپیایی تەواوی ناوچەی مەرگەو پشدەرو بیتوێن و دۆڵی ئاکۆیان وناوچەی خۆشناوەتی، گوایە وەریدەگرێ و شتیتری لێ بەرهەم دەهێنێ. ئەوە من پیربووم و ئەوکارخانەیە هەر دروست نەبوو".

پورە مریەم، دروستکردنی ئەو کارگەیە بەڕێگەچارەی گرفتەکانیان دەزانێت و داوا لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات" تاکە داوام لەحکوومەت ئەوەیە ئەو پرۆژەیە کاری لەسەربکرێ و ئەو خەڵکە ماستفرۆشەش، چیتر ترسی ئەوەی نەمێنێ کە ماستەکەی لەکوێ ساغ بکاتەوە". بەپێی ئاماری گشتی لێپرسراوی هۆبەی سامان و دروستی ئاژەڵ لەدەڤەری بیتوێن، ٤٥٢٩ سەر مەڕ لەقەزای ڕانییەو ١٢١٦٠ لەچوار قورنەو ٢٧٩٢ مەڕ لەشارەدێی سەرکەپکان هەیە، کە کۆی گشتیی مەڕەکان ١٩٤٨١ سەرە. هاوکات ٢٨٢٢ سەرە بزن لەرانییەو ٣٩٩٤ لەچوارقورنەو ٢١٣٥٥، لەسەرکەپکان هەیە.

بەو ڕیزبەندییە، ١٣٠٥و١٦٢١و٤٤٠٥ ئاماری گاو مانگایەو کۆی گشتیی بزن ٢٨١٧١، سەر بزنەو ئاماری گشتیی گامێش، ٣٢٢ سەرە. کۆی گشتیی سەرجەم ئاژەڵە شیردەرەکانی قەزای ڕانییە ٥٥٣٠٥، ئاژەڵی ڕەش وسپییە.

دکتۆر موحسین عەبدوڵڵا، لێپرسراوی هۆبەی سامان و دروستی ئاژەڵ لەڕانییە، ئاماژەی بەکەمی ژمارەی ئاژەڵ، بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووداو گوتی" ڕێژەی ئاژەڵ لەکەمیدایە، بەڵام ئێمە هەمیشە لەخزمەت خاوەن ئاژەڵەکانی سنوورەکەماندابن و بەردەوام خزمەتگوزاریان پێشکەش دەکەین. یەکێک لەوخزمەتگوزاریانەی بەردەوام و بێبەرامبەر پێشکەش دەکرێت، کوتانی ئاژەڵەکانە". لەوەڵامی نیگەرانی کەسانی ئاژەڵدار لەو دەڤەرە، بەوەی کە بەرووبومی بیانی لەجیاتی خۆماڵی دەهێنرێت. د.محسن، پێیوایە" بەو ڕێژەکەمەی ئاژەڵ لەو دەڤەرە، ئێمە هێشتا نەگەیشتونەتە ئەو دۆخەی بەشی خۆمان بەرهەممان هەبێ، بۆیە بەهاوردەکردنی بەرهەمی دەرەکی، ئەو بۆشاییە پردەکەینەوە".

ئەم بەڕێوەبەرە، لەبارەی پرۆژەی بەرهەمهێنانی شیرو ماستەوە دەڵێت" ئائێستا بیرۆکەی پرۆژەی لەو جۆرە لەسنوورەکەماندا نییە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەوڵی ئەوەدایە، لەداهاتوویەکی نزیکدا چەندین پرۆژەی لەمجۆرە لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە".



هاوڕێ کاوە چکۆل

# لە ئارایشگا و بەرگدووری تایبەت بە ئافرەتاندا پیاوان لێهاتووترن

هەولێر

زۆرن ئەو پیاوانەی کە دەستی ڕەنگینیان لەکاری ئارایشگا و بەرگدووری جلووبەرگی ژناندا هەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو پیشەیە تایبەتن بەژنان، بەڵام دەرکەوتووە کە پیاوان تێیدا بەهرەمەندترن.

زۆرن ئەو پیاوانەی ئێستا لەنێو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا لەو بوارانەدا کار دەکەن و زۆرترین ڕێژەی ژنانیش ڕوو لەو دووکان و ئارایشگایانە دەکەن، کە پیاو تێیدا کاری ژنان دەکات. هەندێ لەو پیاوانەی کە پیشەی ئافرەتان دەکەن، هۆکارەکە بۆئەوە دەگەڕێننەوە کە ئەوان لەو کارەدا زیاتر گوێگری ژنان دەبن و ژنێکیش دەڵێت: "من هاوسەرەکەم فێری کاری ئارایشگا کرد، کەچی ئێستا ئەو لەمن بەتواناترە".

بەرگدووری ئەسما، کە لەنهۆمی دووەمی بازاڕی سیروانە و ڕێژەیەکی زۆری ژنانی، سەردانی ئەم دووکانە دەکەن، لەلایەن پیاوێکەوە بەڕێوە دەچێت. ئەو لەوبارەیەوە گوتی " ٩ ساڵە لەم بوارە کاردەکەم و جۆرەها مۆدێلی جلووبەرگی ژنان، دەدوورم". سۆران، یەکێک لە هۆکاری سەرکەوتنی پیاوانی لەم بوارەدا بۆ ئەوە گەڕاندووە کە ئەوان زیاتر گرنگی بەڕەگەزی بەرامبەر دەدەن. دواتر ئەوە دەخاتەڕوو، کە ژن کاتێ شو دەکات، واز لە کارەکەی دەهێنێت، یان ئەوەتا کارێکی تر دەکات، هەر ئەو هۆیەشە وادەکات، کە پیاو لە دووڕینی جلووبەرگدا پێشەنگتر بێت. ژنان، هۆکارێکیتری چوون بۆلای بەرگدووری پیاوان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە پیاوان دەتوانن باشتر دەستنیشانی ڕەنگی قوماش و مۆدێلی دووڕینەکەیان بۆ بکەن.

بەقسەی سۆران:" کاتێ ژنێک سەردانم دەکات، لەباڵا و ڕەنگی پێستی ورد دەبمەوە بۆ ئەوەی بزانم چ جۆرە ڕەنگ و مۆدێلێکی بۆ دەگونجێت و ڕەنگە ئافرەتێک وەک من نەتوانێت تێبینی ئەو شتانە بکات".

ژیان مەجید، تەمەن ٢٨ساڵ، کچێکی ئەسمەری باڵا بەرز بوو، لەگەڵ سۆرانی بەرگدوور خەریکی گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئەوەی، کە کامە ڕەنگی قوماش بۆ چاکەتەکەی هەڵبژێرێت، دوای ئەوەی سۆران ڕەنگێکی بۆ دەستنیشانکرد، کە لەگەڵ پێستی دەمووچاوی گونجاو بوو، ژیان گوتی " بۆیە دێمە ئێرە چونکە هیچ ئافرەتێکی بەرگدوور ناتوانێت وەک سۆران ڕەنگی جل و دیزاینم بۆ هەڵبژێرێت".

جوان، تەمەن ٢٥ ساڵ، ماوەی سێ ساڵ دەبێت وەکو بەرگدوورییەکی ئافرەتان کار دەکات و لە نهۆمی دووەمی بازاڕی سیروان، دووکانی هەیە. ئەو بەپێچەوانەی سۆران دەڵێت:" ماوەی سێ ساڵ دەبێت ئەم کارە دەکەم و هەندێک موشتەریم هەیە، ناچن بۆ لای هیچ کەسێکی تر تەنیا بە کارەکانی من ڕازین". چونکە ژنان، زیاتر دەتوانن لەگەڵ ڕەگەزی خۆیان بدوێن.

یەکێک لەو بوارانەی، کە چەندین ساڵە ئافرەتان کاریان تێداکردوە، کاری ئارایشگای ژنان بووە، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەک پیاوان، لەم بوارەدا کار دەکەن و توانیویانە سەرنجی زۆرترین ڕێژەی ئافرەت بۆ خۆیان ڕابکێشن.

ئارایشگای ( ملکات الجمال)، یەکێکە لە ئارایشگا دیارەکانی عەنکاوە.

ئەو ئارایشگایە ژن و پیاوێک کاری تێدا دەکەن کە هاوسەری یەکترن.

عامر، کە ماوەیەکی زۆرە لەو ئارایشگایە کار بۆ ڕازاندنەوەی ژنان دەکات، لە بارەی ئەوەی کە ئایا پیاو یان ژن لەو بوارەدا دەستڕەنگینترە، گوتی مەرج نییە پیاو لەبارەی ڕازاندنەوەی ژن لە ئارایشگاکاندا لە ژنان، بەتواناتر بن.

عامر، گوتی " چەندین ساڵە لەم بوارەدا کار دەکەم و تاکە هۆکارێک کە ژنان زۆر ڕوو لەو ئارایشگایە بکەن، ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی بە جوانترین شێوە کار بۆ ڕازاندنەوەیان دەکەم، هێندەش گوێ لە ئارەزووەکانیان دەگرم و چۆنیان بوێت وەها مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم". بەقسەی عامر، ئەو بۆ پارە کار لەو ئارایشگایە ناکات، بەڵکو کە شەو دەنوێت بیر لەوە دەکاتەوە،" سبەی چۆن مۆدێلێکی دیکەی جوانکاری بدۆزمەوە و ژنانی پێ بڕازێنمەوە". نەوالی هاوسەری عامر، کە هاوپیشەو هاوسەریەتی، دەڵێت:" من عامرم فێری ئەم کارە کردووە، بەڵام ئێستا ئەو زۆر لەمن بەتواناترە".

عامریش هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ژنان بەهۆی سەرقاڵییان بە کاروباری نێو ماڵ ناتوانن وەک پێویست گرنگی بەکارەکەیان بدەن و داهێنانی زیاتری تێدابکەن.

لە بارەی ئەوەی کە بۆچی ئافرەتان ڕوو لەو ئارایشگا و بەرگدوورانە دەکەن کە لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوەدەچن، ڕۆژنامەنووس و توێژەری دەروونی نزار زرار، گوتی "لەباری

" کاتێ ژنێک سەردانم دەکات، لەباڵا و ڕەنگی پێستی ورد دەبمەوە بۆ ئەوەی بزانم چ جۆرە ڕەنگ و مۆدێلێکی بۆ دەگونجێت و ڕەنگە ئافرەتێک وەک من نەتوانێت تێبینی ئەو شتانە بکات"

www.netewe.com













سایکۆلۆژییەوە، دوو هۆکار دەگرێتە خۆ، یەکەمیان بەشێوەیەکی گشتیی لەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا، ڕەگەزی مێینە بە بەردەوامی کەپتی هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو بەربەست و ڕێگرییانەی، کە کۆمەڵگە بۆی دەستنیشانکردووە، ئەوەش وادەکات کە نەتوانن بەئارەزووی خۆیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر هەڵسوکەوت بکەن، بۆیە کاتێک کە ئافرەتێک دەچێتە ئارایشتگا یان لای بەرگدوورێک کە خاوەنەکانەکەی پیاوە، کاتێک کە دەستی پیاوەکە بەر لەشی یاخود قژی دەکەوێت، جۆرە ئارامی ودڵخۆشییەک بە ئافرەتەکە دەبەخشێت".

ئەو توێژەرە هۆکاری دووهەمی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ڕەنگە ئافرەت بۆچوونی رەگەزی بەرامبەری پێ گرنگتر بێت، لە بۆچوونی هاوڕەگەزەکەی. بۆ نموونە کە ئافرەتێک ڕوو لە سەنتەرێکی جوانکاری ئافرەتان دەکات بەو نیازەی کە خۆی جوان بکات، لێرەدا کاتێک کە پیاوێک پێی دەڵێت جوانیت لەوانەیە ئەم بۆچوونە لای ئەو گرنکتر بێت لەوەی کە ئافرەتێک پێی بڵێت جوانیت. بۆیە لەوانەیە هەست بکات بۆچوونی هەموو پیاوان وەک یەکەو لەوانەیە هەموویان بەجوانی ببینن".

لەهەندێ وڵاتی ئەورووپادا پیاوان زیاتر لە ژنان کار بۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان، لە ئارایشگاکاندا دەکەن. شڤان سامی، کە لە ستۆکهۆلۆمی پایتەختی وڵاتی سوید دادەنیشێت و هاوکات لە ئارایشگای ژنان کاردەکات لەوبارەیەوە دەڵێت: "زۆرینەی ئەو کەسانەی لە ئارایشگای ئافرەتان لە سوید، کار دەکەن، پیاون".

وەک شڤان باسی کرد کە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان هێشتا وایلێنەهاتووە کە ڕێژەیەکی زۆری پیاو، ئەم کارە بکەن. ئەو هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دابوونەریتی کۆمەڵگەی کوردستان کارکردنی پیاو لە ئارایشگا بە عەیبە دەزانێت.



جولی جەلال



# فۆبیا

فۆبیا چییە؟

فۆبیا (phobia)، زاراوەیەکی گریکی کۆنەو بەواتای ترسی نەخۆشی morbid fearدێت. لەزانستی پزیشکی دەروونیدا فۆبیا، جۆرێکە لەجۆرەکانی تێکچوونی دڵەراوکێ (Anxiety disorder) کە بریتییە لەزێدەڕۆیی و هەست کردن بەترسێکی زۆرو نەگونجاو لەشتێک، کە وا لەنەخۆش دەکات کە بە بەردەوامی هەوڵبدات، خۆی لەو شتانە یان ئەو شوێنانە لابدات کە هەر خۆیشی دەیزانێت و دواتر دان بەنادروستی و نەگونجاوی ئەم شتانەی خۆیدا، دەنێت.

نیشانەکانی

کەسی توشبوو بەفۆبیا، زۆر ئاساییانە لەکاروباری خێزانی و ئەرکەکانیدا هەڵسووکەوت دەکات، بەڵام لەکاتی بیرکردنەوە یان ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو شتەی یان ئەو شوێنەی لێی دەترسێت، تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت و ئارەق دەکاتەوەو لەوانەیە ترسەکەی ئەوەندە زۆر بێت بگاتە ڕێژەی تۆقین (Panic). دوابەدوای ئەم ترسە زۆرەش، نەخۆشەکە هەوڵدەدات لەو شتانەی کە لێی دەترسێت، دووربکەوێتەوە.

جۆرەکانی فۆبیا

د. توانا عەبدولڕەحمان، پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێت، لەزانستی پزیشکی دەروونیدا فۆبیا بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشدەکرێت.

١. فۆبیای تایبەت:
(SPECIFIC PHOBIA)

لەم جۆرەی فۆبیایادا نەخۆش ترس لەبەرامبەر

شتێک یان شوێنێک، پەیدا دەکات بۆنموونە، فۆبیا لەمشک، جاڵجاڵۆکە، مارمیلکە، یان هەر ئاژەڵێکی تر، فۆبیا لەتاریکی یان جێگەی بەرز و فرۆکە.

## ٢. فۆبیای کۆمەڵ
## SOCIAL PHOBIA

لەم جۆرەدا نەخۆش، لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکیدا تووشی ترسێکی زۆر دەبێت، یاخود لەجێگەی جەنجاڵ نەخۆش وا هەستدەکات، کە خەڵکی هەموو تەماشای دەکەن و ڕەخنەی لێدەگرن، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین (فۆبیای کۆمەڵ) شەرمی نەخۆشMORBIDSHY، تێیدا نەخۆش لەشوێنی قەرەباڵغی وەک خواردنگە، سینەما، شانۆ یان لەشایی و پرسە، یان لەشوێنی پێشکەشکردنی بابەتێک وەک سیمینار یان کۆنسێرت دەترسێت، چەندەها کەسی بەتوانا هەبوون بۆ نموونە، گۆرانی بێژێکی دەنگخۆش، یان مۆسیقاژەنێکی بەتوانا، یان مامۆستایەکی زۆر زیرەک، بەڵام بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە وازیان لەکارەکانیان هێناوە و بەدوای کاری دیکەدا گەڕاون.

## ٣. ئەگۆرا فۆبیا، (ذهاب الساحه)
## AGORA PHOBIA

لەم جۆرەی فۆبیاشدا نەخۆش لەشوێنێک دەترسێت، کە تێیدا هەست بەنائارامی دەکا و واهەستدەکات داواکردنی یارمەتی لەم جۆرەشوێنانە سەختە، وەک ناو بازار یاخود شوێنی تەنیا، بۆ نموونە مانەوە لەناوماڵ، یان هەر شوێنێکی تر کە بەتەنیا بێت. ئەم جۆرە نەخۆشی فۆبیا وا لەمرۆڤ دەکات، لەچوونە بازار بترسێت. ڕەنگە نەخۆشییەکە تەشەنە بکات بۆ ئەو ڕادەیەی، کە نەخۆش لەتەنیابوون بترسێت، یاخود ترس لەوکاتەی کە بەتەنیا دەچێتە توالێت، یان کاتێ خۆی دەشوات.

لەسەدا ١٠ تا١٨.ی هەر کۆمەڵگایەک حاڵەتی فۆبیایان هەیە. هەرچەندە ئەم ڕێژەیە زۆرە، بەڵام بەداخەوە ژمارەیەکی کەم لەو کەسانەی، کە بەدەست فۆبیاوە دەناڵێنن سەردانی پزیشکی دەروونی دەکەن، زۆربەی زۆریان ئەم حاڵەتە بەنهێنی دەهێڵنەوە تا دەمرن، یان ئەو کاتە سەردانی پزیشک دەکەن کە حاڵەتەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردبێتە سەر ژیانیان.

فۆبیا، زۆرتر لەناو تاکی مێینەدا بڵاوە، تائێستایش لەناو زانستی پزیشکیدا ئەم هۆکارە بەنادیاری ماوەتەوە، بەڵام دەشێت بەهۆی بگۆڕی هۆرمۆنییەوە بێت، یان چەند هۆکارێکی دیکەی لەپشت خۆیەوە حەشاردابێت.

نەخۆشی فۆبیا، بەزۆری لەتەمەنی هەرزەکاریدا دەستپێدەکات، بەڵام زۆر حاڵەتیش هەبووە کە لەتەمەنی گەورەتردا نەخۆشییەکە دەستی پێکردووە.

## تا ئێستا هۆکارەکانی دروستبوونی فۆبیا دیاری نەکراوە

تا ئێستا دیار نییە، کە چ هۆکارێکی تایبەت فۆبیا دروست دەکات، یان بۆچی تاکێک تووشی دەبێت و تاکێکی تر نا، بەڵام هۆکاری بۆماوەیی هۆکارێکی گرنگە لەگواستنەوەی ئەم نەخۆشییەو هەروەها لێکۆڵەرە زانستییەکان پشتڕاستیان کردووەتەوە کە چەند ماددەیەکی کیمیایی لەناو مێشکی تووشبوواندا کەم دەبێتەوە، وەک ماددەی SEROIONIN.

هەروەها هۆکاری ژینگەیی و پەروەردەبوونی کەسەکە، هۆکارێکی سەرەکییە. دوابەدوای فێربوونی ترس لەدایک و باوک یان دوابەدوای ڕووبەڕووبوونەوە لەکارەساتێکی ناخۆش کە دواتر نەخۆش فێر دەبێت، لەچەند شتێک بترسێت کە پەیوەندی بەو کارەساتەوە هەیە.

## تووشبوانی فۆبیا

ئامینە سەعید، تەمەنی چل و شەش ساڵەو زۆربەی کات بەبێدەنگی دادەنیشێت و بەردەوام لەخەیاڵدایە. ئەو کەم قسەدەکات و نایەوێت بچێتە شوێنی قەرەباڵغ، دایکی چوار منداڵە. بەگوتەی خۆی خەو و خۆراکی کەمبووەتەوەو ترسی لەتاریکی و تەنیایی هەیەو هەمیشە بیر لەمردن دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەوە بۆجاری سێهەمە، تووشی ئەم حاڵەتە دەبم، لەجاری یەکەمدا لەکاتی خۆشۆردنم لەگەرماودا واملێهات و تا ئێستایشی لەگەڵدابێت، ناتوانم خۆم سەری خۆم بشۆم و بەردەوام لەشم ئازاری هەیەو دڵم توندەو مێشکم سەرقاڵەو بەردەوام ئارەزووی گریان، دەکەم".

هەڤاڵ عەبدوڵڵا، کە تەمەنی سی ساڵەو خێزاندارە، دەڵێت: "ماوەیەکە هەڵچوونم زۆرەو خەوم نییەو ئارەزوو ناکەم کەس قسەم لەگەڵدا بکات. ئەو دەڵێت: "لەهەموو شتێکدا تەنیا بۆچوونی خۆم پێڕاستەو کارم پێناکرێت و خەوم نییە. جاری واهەیە کە بۆ بازار دەڕۆم، لەبیرم دەچێت بۆچی چووم. تائێستا چەندین پزیشکم کردووە کەچی چارەسەری نەخۆشییەکەم نییە".


سافیە نورەدین، ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵەو زۆر بەبێتاقەتی لەنۆرینگەی پزیشکێکی دەروونی دانیشتبوو، گوتی " داپیرم تووشی ترس هاتووەو چەندینجار هەوڵم داوە کە ئەم ترسە لەلای خۆم نەهێڵم، بەڵام هەمیشە لە بیرۆکەی خۆم شت لێکدەدەمەوەو ترسەکە لەگەڵمدایەو بەردەوام، خەوم نییە. شەوان دەترسم و دەبێ یەکێک لەگەڵم بێت و لەتەنیایی وتاریکیدا دەترسم".

## چارەسەر

دکتۆر توانا، بەباشی دەزانێت کە ئامۆژگاری هەموو ئەو تاکانە بکرێت کە بەدەست فۆبیاوە دەناڵێنن بەوەی کە سەردانی پزیشکی پسپۆڕی دەروونی بکەن، تابەشێوەیەکی زانستییانە چارەسەریان بۆ بکرێت.

د. توانا، دووجۆر چارەسەر دەخاتە ڕوو: "یەکەم، لەڕێگای چارەسەری ڕەفتاری کەسەکەوە دەبێت. HEROPYبەم ڕێگەیە پزیشکی دەروونی ئامۆژگاری نەخۆشدەکات و فێری دەکات، کەچۆن هەنگاوبەهەنگاو بەرەوڕووی ئەم نەخۆشییە ببێتەوەو ترسی لەم شتانە، یان لەو شوێنانە نەمێنێت کەلێی دەترسا، بۆ نموونە، ئەگەر نەخۆشێک فۆبیای لەئاو هەبێت، ئەوا یەکەمجار پزیشک ئامۆژگاری دەکات کە لەخەیاڵی خۆیدا بیر لەئاو بکاتەوەو وێنەی ئاو لەخەیاڵیدا بکێشێت، پاشان ئاوی پێشاندەدرێت و دەبردرێتە ئەو شوێنەی کە ئاوی لێیە وەک مەلەوانگە، پاشان پێیدەگوترێت کە لەشوێنی گونجاودا مەلەوانی بکات.

هەروەها ڕێگەی چارەسەری دەرمانیش هەیە کەوا پزیشکی پسپۆڕ دەتوانێت چەند دەرمانێک بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نەخۆشییە.



شیلان یاسین

www.netewe.com

# له نەزۆکیدا:

# پیاو زیاتر هۆکاری بەرهەم نەهێنانی منداڵە

هەولێر

### نەزۆکی چییە؟

بەگوێرەی قسەی پسپۆڕانی بواری نەزۆکی، ساڵێک لەدوای هاوسەرگیری، ئەو ژن و مێردەی کە منداڵیان نەبووە، دەکرێ بەحاڵەتی نەزۆکی دابنرێت.

نەزۆکی لەدووبەش پێکدێت: ( پرایمەری، سێکۆندەری)

جۆری یەکەم- پرایمەری، لەم جۆرەیاندا ئافرەتەکە هەر منداڵی نەبووە لەباریشی نەچووە.

جۆری دووەم: (سێکۆندەری)، لەو جۆرەیان دایکەکە منداڵێک یان زیاتری لەبارچووە.

بەگشتی ڕێژەی نەزۆکی لەناو خێزاندا نزیکەی لە ١٠٪ یە، کە ڕەنگە ئەو ژن و مێردە یەک منداڵیان هەبووبێت، هیچیان نەبوو بێت، یان هەیان بووەو پاشان دروست نەبووە.

### هۆکاری نەزۆکی:

د. تاڤگە یوسف، شارەزا لەبواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان، دەڵێت:" بۆ نەبوونی منداڵ ژن، بەتەنیا هۆکار نییە، بەڵکو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پیاو هۆکارە، بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوان کەمتر پشکنین بۆ خۆیان دەکەن. هەمیشە کە ماوەیەک دوای هاوسەرگیری، ژن منداڵی نابێت، سەرەتا ژنەکە دێننە لای پزیشک، بەڵام دەبینرێت کە پیاوەکە هۆکاری منداڵنەبوونە، یان گرفتەکە لای هەردووکیانە". د. تاڤگە، زۆر نەخۆشی بەهۆکاری منداڵنەبوون دەزانێت وەک نەخۆشییەکانی، شێرپەنجە، شەکرە، قەڵەویی، زۆر جگەرە کێشان، زۆر مەیخواردنەوە، هەروەها نەخۆشیی هۆرمۆنەکانی لەش وەک: غودەی نوخامی مێشک( ژێر مێشکە ڕژێن ) و ڕژێنی دەرەقی لەملدا.

### هۆکاری نەزۆکی لە نێرینەدا:

لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریانخستووە، کە هۆکارەکانی نەزۆکی لەنێرینەدا تایبەتە بەکۆئەندامی زاوزێ و لە ئەنجامی باش کارنەکردنی هێلکەگوون، تۆوی نێرینە (سپێرم ) دروست نابێت و دەبێتەهۆی نەزۆکی، هۆی باش کارنەکردنەکەیش زگماکییە. لەکاتی باڵغبووندا هێلکەگوون بچووک دەبێتەوەو باش دروست نابێت، وەک هی منداڵی تەمەن (٨) ساڵ یان (٩) ساڵ دەمێنێتەوە.

یاخود بەهۆی هەندێک نەخۆشیی وەک، ملەخڕێ (نکاف)ی لیکەڕژێنی مل و لەچەند بارێکدا ئەو هەوکردنە دەگوازرێتەوە بۆ تۆوی پیاو، ئەگەر هەردوو هێلکەکانی گرتەوە دەبێتە هۆی نەزۆکی و بەتایبەت، ئەگەر ئەو کەسە بەگەورەیی توش ببێ، بەڵام لەمنداڵیدا مەترسی کەمترە.

لەهەندێک باری تردا هێلکەگوون باش کار دەکات، واتە تۆو ( سپێرم ) دروست دەکات. ( تۆو لەناو ئاوی پیاودا هەیەو بەچاو نابینرێت، بەڵکو تەنیا لە ژێر دووربیندا دەبینرێت)، بەڵام ئەو بۆرییانەی تۆو دەگەیەننە دەرەوە دەگیرێن و هۆی گیرانی بۆرییەکانیش بۆ هەوکردن دەگەڕێتەوە، زەبری دەرەکی (لێدان) یا هۆکاری زگماکی بۆرییەکان دادەخات، یان هەر دروست نابن. هۆکارێکیتر کە پەیوەندی بە تۆوی پیاوەوە هەیە، (دەوالی) یە کە بریتیە، لە کشان و درێژبوونی ئەو بۆرییە خوێنانەی کە خوێن بۆهێلکەکانی گوونی پیاو دەبەن. بەمەش خوێن بۆ دەورووپشتی هێلکەگوونەکان، زۆر دەچێت و پلەی گەرمی هێلکەکان زیاد دەکات، ئەو گەرمییە زیان بەهێلکەکان دەبەخشێت. هەر لەبەر ئەوەشە هێلکەگوون، بۆ کەمکردنەوەی پلەی گەرمی لەدەرەوەی لەشدایە، چارەسەری (دەوالی) بەهۆی نەشتەرگەری تایبەتییەوە ئاسانە، یان بوونی ئاوە لەدەرەوەی باتووی



د. تاڤگە یوسف

پیاو، ئەم هۆکارەش بەنەشتەرگەریی چارەسەر دەکرێت. هەندێک نەخۆشی لەپیاواندا دەبنە هۆی نەزۆکی، وەکو سوزەنەک (سیلان) کە دەبێتە هۆی داخستنی ڕێڕەوی زاووزێ، هەروەها بەهۆی بەکتریای (کلامیدیا)وە.

### هۆکاری نەزۆکی ژنان:

هەندێک حاڵەت لەژناندا هەیە، کە بەنەخۆشیی ئەژمار ناکرێن و بەشێوەیەکی گشتی مەرج نییە هەمیشەیی بن، واتا ئەگەری چاکبوونەوەیان هەیە. وەک:

- ڕێکنەبوونی بێنوێژی.
- تەمەنی بچووک، واتا تەمەنی پێش باڵغبوون منداڵی نابێت.
- کاتی وەستانی لەسووڕی مانگانە تەمەنی (نائومێدیی) کە ئەمەیان مەحاڵە منداڵی ببێت.
- زۆربەی ژنان لەکاتی شیردانا، منداڵیان نابێت.
- هۆی دەروونی کە ژن لەجووتبون بترسێت.
- هەندێکجار ژن، لوولەی منداڵدانیان گرژدەبێت و دادەخرێت.

هۆکاری تایبەت بە نەزۆکی لە کۆئەندامی زاوزێی مێینەدا هەیە وەکو: داخستنی موولوولە، یان بۆری هێلکەدان، ئەگەر بۆری هێلکەدان داخرابێت ئەوا سپێرمی پیاوەکە ناگاتە هێلکەی ژنەکە، واتە پیتێن (تلقیح) ڕوونادات. بەواتایەکی تر، کۆرپە دروست نابێت، هۆی ئەم داخستنە بۆ هەوکردنی درێژخایەن دەگەڕێتەوە، کاتێک هەوکردن بەمیکرۆب و بەکتریای تایبەتی یا تووشبوونی بەنەخۆشی سیل (تدرن) بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا ژنەکە تووشی سیل بوو بێت، یان ئاوسانی بۆری هێلکەدان، هەوکردنەکە دەبێتەهۆی داخستنی لوولەکەو داخستنەکەش دەبێتە هۆی دروستبوونی (کێم)، بەمەش دەبێتە هۆی ئاوسانی لوولەکە.

### هەستکردن بە نەزۆکی

تاریق محەممەد، پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵە. ئەو، چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی منداڵنەبوون ژنەکەی تەڵاقداوە:" کاتی خۆی ژن بەژنم کرد و دوای هەشت ساڵ بووە خاوەنی سێ منداڵ،



www.netewe.com

بەڵام من منداڵم نەبوو، ئەوەبوو ژنەکەم تەڵاقدا خوشکیشم بەهۆی منەوە تەڵاق درا و منداڵەکانی لێسەندرایەوە. دوای ئەوەی کە ژنێکی ترم هێنا زانیم کە خۆم گرفتم هەیە، پزیشکێک پێیگوتم، نەخۆشییەکەی تۆ زکماکییەو تۆوی نێرینە بەباشی دروست ناکەیت". تاریق بەبێتاقەتییەوە، باس لەهەوڵەکانی خۆی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکات، کە بۆ چارەسەر چووەتە موسڵ و بەغدا و ئوردن، بەڵام چارەسەری نەبووە.

بەگوتەی تاریق، وێڕای نەخۆشییەکەی خۆی، خەمی خوشکەکەشییەتی کە بەهۆی ئەوەوە تەڵاقدراوەو منداڵەکانی لێسەندراوەتەوە، تائێستایش دانیشتووەو شووی نەکردووەتەوەو هەر چاوی لەمنداڵەکانییەتی. ئارام جەمال، ئافرەتێکی ترە لەو ئافرەتانەی کە گرفتی منداڵنەبوونی هەیە. ئەو، تەمەنی سی و سێ ساڵە وماوەی نۆ ساڵە شووی کردووە، بەڵام تائێستا منداڵی نەبووە. ئارام دەڵێت:" چەندین دکتۆرم کردووە، بەڵام بێسوود بووە پێشتر دەیانگووت، کێسەی ئاو لە منداڵدانت هەیە چارەسەرم کرد، بەڵام هەر منداڵم نەبوو، دوای ماوەیەک وازم ل چوونە لای دکتۆر هێنا، ئەمجارەیان دکتۆر گوتی، دیواری هێلکەدانت گیراوەو دەبێ چارەسەری بکەیت". هەرچەندە ئێستا ئارام، لەوەرگرتنی چارەسەر دوودڵە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، چاوەڕێی، ئەو هەلە دەکات، بەو هیوایەی منداڵێکی ببێت و بەختەوەری روو لەخێزانەکەی بکات.

فەرید عەلی، یەکێکە لەو پیاوانەی لەبەرئەوەی منداڵی نەبووە بەردەوام سەرکۆنەی ژنەکەی کردووە. وەک خۆی باسیدەکات، دوانزە ساڵە ژنی هێناوە، بەڵام منداڵی نەبووەو دەڵێت: "سەرەتا ژنەکەم بردە لای چەندین پزیشک و شێخ و پیرەژن، بەڵام دوای ئەوەی خۆم چوومە لای پزیشک بۆم دەرکەوت کە من گرفتم هەیە، لەو رەفتارە ناشیرینانەی کە لەگەڵ ژنەکەم ئەنجامدابوون، پەشیمان بوومەوە جگە لەوەی کە دەمویست ژنێکی تر بهێنم، هەتا خۆم و ماڵی باوکیشم بەژنەکەمان دەگوت، داری بێبەر".

سوهام مەجید، تەمەنی بیست و شەش ساڵە. ئەو ژنە وەک خۆی دەڵێت، دووساڵە هاوسەرگیری کردووەو منداڵی نەبووەو پزیشک پێیگوتووە، نەخۆشی پشیلەت هەیەو گوتی " لەبەرئەوەی منداڵم نەبووە، واملێهاتووە کە ئارەزوو نەکەم لەماڵ دەربچم، چونکە هەموو کەس پێمدەڵێت، ئەرێ چیبوو منداڵتان نەبوو؟ بۆ سەردانی دکتۆر ناکەن؟ دکتۆر چی پێگوتی؟".


## هەبوونی کیس

هەبوونی کیس یەکێکە لەو رێگریانەی کە ئەگەری دروستبوونی منداڵ کەمدەکاتەوە، چونکە جۆرە شلەیەکی تێدایە، کارکردنی ئاسایی هێلکەدان سست دەکات، بەمەش هێلکە دروست نابێت، نەخۆشی شێرپەنجەی هێلکەدان و هەوکردن (التهاب)ی درێژخایەن، دروستبوونی گرێی منداڵدان بەتایبەتی لەو ژنانەی، کە درەنگ شوودەکەن بەهۆکارگەلی نەزۆکی دادەنرێن.

نەزۆکی و هۆکارە دەروونییەکان لە ئافرەتدا :

د. تاڤگە یوسف، جەخت لەسەر گرنگی لایەنی دەروونی دەکاتەوە و دەڵێت، لایەنی دەروونی هۆکاری سەرەکییە بۆ نەزۆکی و کاریگەری لەسەر هۆرمۆنات و دوایش هێلکەدان دەبێت. باری دەروونی بە دوو فاکتەر کاردەکاتە سەر نەزۆکی: یەکەم، ئەو ئافرەتانەی کە نەزۆکن و منداڵیان نابێت تووشی دڵتوندی دەبن، کەواتە لێرەدا نەزۆکی کاریگەری خراپی دەکاتە سەر، لایەنی دەروونی ئافرەتەکەو تووشی نەخۆشی و کێشەی دەروونی دەکات، لەلایەکی تر بەپێچەوانەوە کێشەی دەروونی وەکو دڵەڕاوکێ و دڵتوندی لەلای

**هەبوونی کیس یەکێکە لەو رێگریانەی کە ئەگەری دروستبوونی منداڵ کەمدەکاتەوە، چونکە جۆرە شلەیەکی تێدایە، کارکردنی ئاسایی هێلکەدان سست دەکات، بەمەش هێلکە دروست نابێت،**




ژن، دەبێتە هۆی منداڵنەبوون، یان درەنگ منداڵ بوون، بەڵام بەگشتیی ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان نییە، دەبێت گەشبین بن و بێهیوا نەبن.

هەروەها بنەماڵە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شڵەژان و خەمۆکی ئافرەتەک هەیەو زۆرجار هاندەر دەبن کە پیاوەکە ژنێکی تر بهێنێ، ئەوەش هەر کاریگەری خراپ لەسەر لایەنی دەروونی ئافرەتەکە جێدەهێڵێت.


## هۆکاری دەروونی لە پیاواندا

هاوکات هۆکارە دەروونییەکان، کاریگەری خراپیان لەسەر پیاوانیش هەیە وەکو، هەندێک نەخۆشی عەقڵی (مێشک) ئەوانەی کە چارەسەر وەردەگرن یان وەری ناگرن، یان چالاکی زاوزێیان کەم دەکات، یان هەندێک کەس لەبەر هۆکاری سایکۆلۆژی یان هۆشییەوە توانای جووتبوونی نییە. هەندێک هۆکاریتریش وەک تووشبوون بەهەندێک نەخۆشی بۆماوەیی، یان دڵەڕاوکێ و نائارامی هۆکارن.

## چارەسەرکردنی نەزۆکیی:

د. تاڤگە دەڵێت: بۆ چارەسەرکردنی نەزۆکی دەبێت هەندێک پشکنین بکرێت، پێویستە ژن و مێردەکە سەردانی پزیشک بکەن و نابێت تەنیا ژنەکە پشکنینی بۆ بکرێت، چونکە جاری وا هەیە کێشەکە لە پیاوەکەدایە.

بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری منداڵنەبوونەکە، پێویستە هەردوولا لەرێگەی ئامێری تایبەتەوە پشکنینیان بۆ بکرێت. دەکرێت لەلایەن پسپۆڕی ژن، بۆ ئافرەتەکەو پسپۆڕانی پیاو، بۆ پیاوەکە ئەم پشکنینە ئەنجام بدرێت. ئەو پزیشکە دەڵێت "ئەگەر هەر چارەسەری نەبوو، ئەوا بەناچاری دەبێ (اتفال انابیب)یان بۆ بکرێت".



شیلان یاسین

www.metewe.com

# پیتزا



ئامادەکردنی:
وەستا پەروەر لە دووبەدوو



## چۆنیەتی ئامادەکردن

ئـاردی سفر دەیکەتە نێو قاپێکەوە دوای خومرەو خوێ و شەکرو هێلکەو تێدەکەیت و لەگەڵ ئاو تێکی دەدەیت دوای دەیشێلیت و بۆماوەی ١٥ تا ٢٠ خولەک جێی دەهێڵیت، تا هەویرەکە هـەڵ دەچـێت دوای ئـەوە قیمەکە دەیخەیتە سەر ئاگرو دەیکوڵێنێت و خوێ و بیبەری رەشی بەسەر دا دەکەیت دوای ئەوە مریشکەکە دەکوڵێنیت تۆزێک خوێ تێدەکەیت پەنیرەکەیش لە رەندە دەدەیت

دوای تـێپـەڕبوونی ٢٠ خـولـەک لە جێهێشتنی هـەویـرەکـە، هـەویرەکە کۆدەکەیتەوە بەشێوەیەکی تۆپێک و دەیخەیتە نێو قاپێکی بازنەیی کە پێشتر چەور کرابێت، ئینجا هەویرەکە لە نێویدا پان دەکەیتەوە تا بازنەکەی قاپەکە پردەکات.

ئینجا سۆسی پیتزای بەسەر دەرژێنیت و دوای پەنیری کوردی ئینجا قیمە و ئینجا سینگی مریشک کە پێشتر شیکرابێت بەسەری دادەکەیت دوای ئەوە بیبەری سەوز و تەماتە قارچێک و زەیتون کە پێشتر ورد کرابێت دەیخەیتە نێو فرنێک کە پێشتر گەرمکراو بە پلەی ٢٥٠ پلەی گەرمی بۆماوەی ٧ تا ١٠ خولەک جێدەهێڵیت و دواتر کە دەرت هێنا دەیکەیتە ٨ پارچەو سێگۆشە و ئامادە دەبێت بۆ پێشکەش کردن.

## کەرەستەکان

١½ ئاردی سفر
١ کەوچک شیری تۆز
١ کەوچک شەکر
١ کەوچکی خومرە
سۆسی پیتزا
١ بیبەری سەوز
١ تەماتە
نیو کوپ ئاو
بیبەری رەش بەپێی ئارەزوو
زەیتونی بێ ناوک
قارچک
تەماتە
پەنیری کوردی
گۆشتی قیمە (وردکراو)
سنگی مریشک
١ هێلکە
کەرەستەکانی سۆسی پیتزا
١ کەوچک ئاوی تەماتە
١ کەوچکی شەکر
بیبەری رەش
خوێ بەپێی ئارەزوو



www.netewe.com



# ئەستێرەکان دەدوێن

## کاوڕ



٣/٢١-٣٠-٣

پێویستەهەمووتواناکانت لە سە ر بە د ە ستهێنا نی پـارە کۆبکـەیـنـەوە، لایەنە سۆزداریەکانت لە ئێستادا وەلابنـێ. بەخستنەڕووی توانایی و سەرکەوتنەکانت سەرنجی دەوروبـەرت رادەکێشی، لـەچارەسـەرکـردنـی کـێـشـەکـانـتـدا پشت بەخۆت ببەستە، رۆژی بەخت سێشەممەیە، ئەم هەلە لەدەست مەدە.

## گا



٤/٢١-٢٠-٥

هـەوڵـبـدە سـوود لەبارودۆخی ئەزموونی هەندێک لەهاوڕێکانت وەربـگـریـت، ئـەگـەر لەئەرکەکانت بەرامبەر هـاوبـەشـی ژیـان یـان بنەماڵەت وەلا بنێی، کێشەی مەعنەوی باڵ بـەسـەرکـەشـوهـەوای خێزانەکەتدا دەکێشێت. بـۆیـە وەریـــای ئـەو رەوشـــەت بـبـە، رۆژی بەختت چوارشەممەیە.

## دوانە



٥/٢١-٦/٢١

چەنـد گۆڕانکارییەک لەشێوەی خانووەکەتدا زۆر درێـژخـایـەن و بـێـزارکـەر دەبـێـت، هەوڵبدە رێگای نوێ بدۆزیـتـەوە تـا پـارەی زیاترت دەستبکەوێت، زیادەڕۆیی لە خەرجکردنی پارەدا تووشی قەیرانی داراییت دەکـات، رۆژی بەختت پێنجشەممەیە.

## قرژاڵ



٦/٢٢-٧/٢٢

پەلە مەکە لەبڕیاردان لەکەسانی دەوروبـەر چـونـکـە دووچـــاری هەڵوێستی نەشیاوت دەکات، دەتوانیت چەند چالاکییەکی ئابووری ئەنجام بدەیت، بەڵام وا باشـتـرە بـەپـارەی خۆت بەشداری نەکەیت، پـەیـوەنـدییـەکـان ئەو سوودەت پێناگەیەنێت کە چاوەڕێی دەکەی.

## شێر



٧/٢٣-٨/٢٢

هـەسـتـی تـوورەیـی ئەندامانی خێزانەکەت مـەبـزوێـنـە ئـەوانـەی لـەخـۆت گـەورەتـرن، چـونـکـە ئـــەوان لەبارودۆخی ئێستای تۆ بێ ئاگان. کەسێک هەیە دەیەوێت بتخاتە نـاوهـەڵـوێـسـتـێـکـی ناشیرینەوە، رۆژی بە ختت هەینییە.

## گوڵەگەنم



٨/٢٣-٩/٢٢

هەڵبدە دەستبەرداری هـیـچ شـتـێـکـی خـۆت نەبیت تاکو لـەو شتە دڵنیا نەبیت کە دەستت دەکـەوێـت، لـەوانـەیـە مـامـەڵـەکـردن لـەگـەڵ مـنـداڵ ئەستەم بێت، خـۆت لـە سەرکێشی دارایـی بـەدوور بگرە، تا لەئەنجامەکەی دڵنیا نەبیت، رۆژی بەختت شەممەیە.

## تەرازوو



٩/٢٣-١٠/٢٢

بـەبـاشـی لـەکـارەکـان بـکـۆڵـەرەوە، لـەوانـەیـە نـاحـەزان بـیـانـەوێـت بەڕێگەی هەڵەتدا ببەن، هـەوڵـبـدە هیچ کارێکی گرنگ لەگەڵ هاوپیشەکانت باس نەکەیت، دڵەڕاوکێ دەبێتە هۆی تووشبوونت بـەهـەنـدێ نـەخـۆشـی. بەشێک لەکارەکانت بۆ بـایـەخـدان بـەمـنـداڵ و هاوڕێکانت تەرخان بکە.

## دووپشک



١٠/٢٣-١١/٢١

زۆر ئـاگـاداری ئـەو کەسانە بە کە متمانەیان پێناکەیت، یـان باش نایانناسیت، نـەوەک بەشێوەیەکی نەشیاو دەربـکـەویـت، متمانە بـەهـاوڕێـکـانـت مەکەو نهێنی تایبەتیان لەلا باس مەکە.


## کەوان



١١/٢٢-١٢-٢١

خـۆت ئـەرکـەکـانـی سەرشانت ئەنجام بدە، پـاشـان دەبـیـنـی چۆن کارەکانت بەباشی بەڕێوە دەچن. هەوڵبدە بەهێمنی بـمـێـنـیـتـەوەو بـەبـاشـی لـەهـەمـوو لایـەنـەکـانـی کێشەکە تێبگەیت، بەهۆی بیرتیژی و زیرەکیتەوە هـاوڕێ و ناسراوی زۆرت بۆ پەیدا دەبێت.

## گیسک



١٢/٢٢-١/١٩

مـەهـێـڵـە ئـەنـدامـانـی خێزانەکانت ڕەخنەکانیان بەرامبەرت توندترو زیاتر بێت، قەرزەکانی سەرت بـبژێرە. هەڵسووکەوتە نـامـۆکـانـت دەبـێـتـە مـایـەی نـیـگـەرانـی هاوبەشەکانت، تـووڕە دەبیت کە هاوبەشەکانت کـارەکـانـیـان بەباشی ئەنجام دەدەن.

## سەتڵ



١/٢٠-٢/١٨

هـەوڵـبـدە جـەخـت لـەسـەر مـەسـەلـە گرنگەکان بکەیتەوەو خۆت لەناکۆکی و شەڕ بـەدوور بگرە، ئەگەر وریا نەبیت تووشی چەند برینداربوونێکی بـچـووک دەبـیـت کـە دەبـێـتـە هـۆی تـووشـبـوونـت بەنەخۆشی.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

لـەم هـەفـتـەیـەدا سـەرکـەوتـنـی گـەورە بـەدەست دەهێنیت. سـەردانـی ئـەو کـەسـووکـارانـەت بکە کە زۆر نایانبینیت، پێویستە کاتی زیاتر بۆ ئەنجامدانی کارەکانت تەرخان بکەیت. پەلە مـەکـە لـەبـڕیـاردان لەکەسانی دەوروبەرت.

www.netewe.com

## بۆ ئەوانەی قژیان هەڵدەوەرێت




بۆ ئـەوانـەی کە قژیان هەڵدەوریت و قژیان بێ هێزە، بەتایبەتی ئەو هەندێ شوێن هەیە قژەکەی پێوە نەماوە هەڵوەریوە دەتوانرێ ئەو گیراوەیە بۆ پرکردنەوەی بەکار بهێنێت:

١- ئاوی لیمۆ

٢- ئاوی سیر

چۆنیەتی بەکارهێنانی: هەندێ ئـاوی لیمۆ لـەگـەڵ ئـاوی سیر تێکەڵ دەکرێت، لەو شوێنە دەدرێت کە قژەکەی تەواو هەڵوەریوە، بە سەری پـەنـجـە بـۆ مـاوەی (٥) خولەک دەشێلدرێت، دواتر مـاوەی ١٥ خـولـەک لەسەر قـژەکـە دەمێنێتەوە، ئینجا دەشۆردرێت.

## حەز دەکەی لێوەکانت ببریسکێنەوە؟



بۆئەوەی لێوەکانت بریسکاوە و سەرنجراکێش بن، شەوانە بەر لەخەوتن ئەم گیراوەیە بەکار بهێنە. چەند دڵۆپێک ئاوی لیمۆ، لەگەڵ زەیتی زەیتوون باش تێکەڵ بکە. ئەم تێکەڵەیە، بەشێوەی بازنەیی لێوەکانتی پێ چەوربکە. پاشان هەندێک هەنگوین، لەسەر لێوەکانت بەجێ بهێڵە، لێوەکانت بریسکاوە دەر دەکەون.

هەروەها بۆ پاراستنی لێوەکان، لە قڵیشان و وشکبوون، شەوانە بەر لەخەوتن لێوەکانت بە زەیتی کونجی یان بادام، چەور بکە و تا بەیانی بەچەوری بیانهێڵەوە، بەمە لێوەکانت سەرانراکێش و جوانتر دەبێت.

# بەکارهێنانی هەنگوین بۆ بریقەی دەموچاو



**کەرستەی پێویست:**

١- هەنگوین

٢- شیری ووشک

٣- ئارد

٤- خەمیرە

چۆنیەتی دروست کردنی گیراوەکە:

کەوچکێکی چا ئارد و کەوچکێکی چا شیری تۆز بەمەرجێ ئەگەر هاتوو دەموچاوەکە چەور بوو شیری بێ چەوری بەکار دەهێنرێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر دەم و چاوەکە ووشک بوو پێویستە شیرەکە چەور بێت، لەگەڵ کەوچکێکی کوب هەنگوین و یەک لەسەر چوار کەوچکی چا خەمیرە لەگەڵ چەند دڵۆپە ئاوێک تا گیراوەک وەک کرێمی لێ دێت، ئینجا دەموچاوەکەی پێ چەور دەکرێت، ماوەی (٢٠) خولەک لە دەم وچاو دەمێنێتەوە.

بۆ زانیاری دەتوانرێ هەفتەی جارێک ئەم گیراوەیە بەکار بهینرێت، هەروەها کەرەستەکانیش سروشتین زەرەر بە پێست ناگەیێنێ.

www.netewe.com

# دار حاجیله

ناوی کوردی: دارحاجیله، دار مریەمە.
ناوی زانستی: Tanacetum parthenium
خیزانی زانستی: Compositae





### تایبەتمەندی فیزیکی

بۆن: گران
تام: تاڵ
پلەی گەرمی بەرگەگر: (( ٤+ بۆ ٣٨+ )) سْ.
بەرزی رووەکەکە: (( ٢٥ – ٦٠ )) سم

ناوبانگی کوردەواری: دار حاجیله. لەکوردستاندا هەر لەکۆنەوە (( گوڵ و گەڵا و قەدەکەی )) بەیەکەوە وشککراوەتەوە وەک (دەرمان چا) دیم کراوە، دراوە بەو ئافرەتانەی بەهۆی کەمخەوتن، یان خود مندالبوون تووشی سەرئێشەو بێتاقەتی بوونە. ئەم گیایە گوڵەکانی لەشێوەی گوڵە حاجیلەی ئاسایی‌دان. بەڵام بەژن و بەرزییەکەی زۆر لە گوڵە حاجیلەی ئاسایی زیاترەو بەبەراوورد، لەگەڵ ئەودا وەک دارێک دێتەبەرچاو، بۆیە لەکوردەواریدا ناوی دارحاجیلەی لێ نراوە. دارحاجیلە جاروبارێش بەدار مریەمە ناودەبرێ، گوایە ئەم گیایە یەکەمجار لەلایەن خاتوو مریەمەی کچی عیمرانەوە بەکارهاتووە. هەروەها ئەورووپییەکان بە Fever Few واتە: کەمکەرەوەی "تا" ناوی دەبەن.





وەرزی روان: هاوین – مانگی (( ٦ – ٨ ))

**شێوەی روانی لە وەرزی هاویندا**

شوێنی روان: نزیک جۆگەو کانیاوی کوێستانەکان.


ناوبانگی پزیشکی گیایی: Tanacetum parthenium بەناوبانگترین گیای بەکارهاتووی پزیشکی گیایی ئەورووپییە لەبواری چارەسەرکردنی ناتەواوییەکانی منداڵدانی ئافرەتان Uterus Disorders.

دکتۆر Nikolas Kalbibre، لە پەرتووکەکەیدا بەناوی The English Physician لە لاپەرە ١٦٥٣دا لەم گیایە وەک بەهێزکەرێکی کارای منداڵدانی ئافرەت باس دەکات، کە منداڵدان خاوێن دەکاتەوە لەپاشماوەی سووڕی مانگانەو دووبارە دەیباتەوە باری ئاسایی چالاکی خۆی. جێی باسە Tanacetum parthenium، هەر لەسەردەمی رۆمەکانەوە بۆ رێکخستنی سووڕی مانگانەو لابردنی سەرئێشەی ژنان بەهۆی سووڕەکەوە بەکاربراوە. هەروەها بۆ ئاسانکردنی کرداری ویلاش دەرهاویشتن Placenta exiting بەکارهاتووە.

تائێستا ئەم ماددانەی لێ ئامادەکراوە: Parathinolid and Camphor، α-Benin.

ئێستاش لەچارەسەری تای رۆماتیزمی Rheumatic Fever بەهۆی هەوکردنی جومگە.

هەروەها نیوە سەرئێشە Migraine، دا بەکاردێت.



**سیراجەددین مەحموود**

www.netewe.com



# نهێنیەکانی وازهێنانی باخان لە گۆرانیگوتن ئاشکرابوون

ديمەنێک لە کلیپی شێتی

دەرهێنەری کلیپی "شێتی" باخان:

# ”هەڵکەوت زاهیر لەبەرامبەر سیدی و میلۆدی عەشقی لە باخان ویست“

هەولێر

هونەرمەند باخان، رایگەیاند، کە واز لەگۆرانیگوتن دەهێنێت و هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر، زوڵمی لێکراوە.

هاوکات بەپێی زانیاریەکانی وارڤین، سیدییە تازەکەی باخان، لە کۆمپانیای شادان فیلم، لەلایەن هەڵکەوتەوە راگیراوەو بڕیاریشە ئەو سیدییە بەناوی هونەرمەند لۆکە، بڵاو بکاتەوە، بەڵام دەرهێنەری کلیپەکەی باخان، سوورە لەسەر ئەوەی کە کلیپەکە بەناوی باخانەوە بڵاوبکاتەوە.

هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر، کاری تێکست و میلۆدی بۆ هەندێ لەو هونەرمەندانەی، کە ئێستا بەستایلێکی تازە گۆرانی دەچڕن داناوەو باخانیش یەکێک لەو هونەرمەندانە بووە کە کاری هونەری بۆ کردووە. باخان، یەکەمجار لەڕێگەی کلیپی ڤالانتاین کە لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە کاری میلۆدی بۆ ئەنجام درابوو، لەنێو جەماوەر ناسرا. کێشەکە ئەوەیە، پاش ئەوەی هەڵکەوت، کاری میلۆدی کلیپی“شێتی“ بۆ باخان، ئەنجامداو گرێبەستی کلیپەکەیشی لەگەڵ کۆمپانیای (شادان فیلم) کرد، ئێستا رێگە بەبڵاوبوونەوەی کلیپەکە نادات.

بەڕێوەبەری هونەری پێشووی ئەو کۆمپانیایەش کە کلیپەکە لەسەردەمی ئەودا ئەنجامدراوە، هەڵکەوت زاهیر، بەهۆکاری یەکەمی راگرتنی کلیپەکە تۆمەتبار کرد و گوتی هەڵکەوت، بەنیازە سیدییە تازەکەی باخان، بەهونەرمەند لۆکە زاهیر، بدات و بەناوی ئەوەوە بڵاوی بکاتەوە. هونەرمەند باخان، نزیکەی ١٥ ساڵە گۆرانی دەڵێت، بەوارڤینی راگەیاند کە ئەو بەهەموو شێوەیەک هەڵکەوت زاهیری، رەتکردووەتەوە و پێیگوتووە کە سیدییە تازەکەیشی ناوێت. وەک گوتی " هەڵکەوت زاهیر، جیاوازی بەو هونەرمەندانە دەکرد کە کاری بۆ دەکردن.

منیش ئارەزووم دەکرد کە کلیپەکانم زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ دۆلاری بۆ خەرجبکرێت، نە وەک هەندێ کەس کە ٦٠٠٠٠ هەزار دۆلاریان وەردەگرت و کەسیش نازانێت چی بەسەر ئەم پارەیە دەهات“.

هەروەها باخان باسی کارەکانی کردوو گوتی، من ویستوومە کاری جوان ئەنجام بدەم، بەڵام هەڵکەوت زاهیر و پێڕەوانی زۆریان پێ ناخۆش بووە،“ بۆیە منیش پێمگوت بەهیچ شێوەیەک گۆرانی و میلۆدی تۆم ناوێت و تەنانەت هیچ شتێکی تۆشم ناوێت“. بەڵام بەڕێوەبەری هونەری کۆمپانیای (شادان فیلم) بڕوا تەها، کە دەرهێنەری کلیپی ”شێتی“ باخانە، ئاشکرای کرد کە هۆکاری وەستانی کلیپەکە، هەڵکەوت زاهیر سەرەتا کێشەکە لەوەوە دەستی پێکرد" هەڵکەوت زاهیر عاشقی باخان بوو و داوای کرد، بەڵام باخان، ئەو داوایەی رەتکردەوەو لەبەرامبەریشدا هەڵکەوت، دەستیکرد بەدوورخستنەوەی باخان و راگرتنی کلیپەکە“.

هونەرمەند باخان، باس لەوە دەکات کە هەڵکەوت، کلیپەکەی بەپارەیەکی زۆر لەکۆمپانیای شادان فیلم کڕیوەتەوەو دەیەوێت بیدایەتە لۆکەو بەناوی ئەوەوە بڵاوی بکاتەوە. سیدییە نوێیەکەی باخان ٩ تراک لەخۆدەگرێت.

باخان، ئاماژەی بەوەدا، کە لۆکە لاسایی ستایلی ئەو دەکاتەوەو زۆرجاریش هەڵکەوت پێیگوتووە، کاتێ لۆکە گوێی لە دەنگی تۆ دەبێت، دەڵێت منیش ئارەزووم لەو جۆرە گۆرانییەیەو دەبێ کلیپی وەهاش بۆ من بکەیت.

هاوکات دایکی هونەرمەند باخان، شیرین نووری، ئاماژە بەوە دەکات کە، هەڵکەوت، بۆیە دیهەوێت سیدییە تازەکەی باخان، بدات بە لۆکەی، تا لەو رێگەیەوە ئازاری دەروونی باخانی پێ بدات.

**ناوەڕۆک و شێوەی کلیپەکە**

کۆمپانیای شادان فیلم، لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەو تایبەت بە بەرهەمهێنانی کلیپی هونەرییە. ئەو کۆمپانیایە بۆ ئەوە گرێبەستی لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر کردووە، تا لەڕێگەی ئەنجامدانی کلیپێک بۆ باخان، ناوبانگ پەیدا بکات.

باخان دەڵێت، لەلایەن کۆمپانیای شادان فیلم، کلیپی گۆرانی (شێتی)م بۆ کراو ئەمەش گۆرانییەک بوو لەسیدییە تازەکەمداو بڕیاریش وابوو دوای







www.netewe.com

# کلیپی شێتی کە کۆمەڵێک ئەکتەر تێیدا بەشدارن
## باس لە ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەکات


گرتەیەک لە کلیپی "شێتی"

تەواوبوونی، وەک دیاری بە کەناڵی کۆڕەک تیڤی بدرێت، بەڵام من کلیپەکەم ڕەتکردەوە. دەرهێنەری کلیپی شێتی باخان و بەڕێوەبەری هونەری پێشوی کۆمپانیای شادان فیلم بڕوا تەها، هەڵگری بروانامەی ماستەرە لە سینەما، سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو کلیپە گوتی " من و دلاوەر خۆشناو، بەڕێوەبەری کۆمپانیای شادان فیلم، گرێبەستێکمان لەگەڵ باخان واژۆ کرد کە، کە واژۆی هەڵکەوت زاهیریشی پێوەیە تا دەست ئەنجامدانی کلیپی" شێتی" باخان بکەین، دوای ئەمە هەڵکەوت زاهیر، گۆرانی شێتی هێنایە بەردەستم و باخانیش پێیخۆش بوو، منیش بەلۆکەیشن سیناریۆم بۆ کلیپەکە کێشا". ئەوە لە کاتێکدا بەڕێوەبەری کۆمپانیای شادان فیلم دەڵێت "من ئاگام لە دەرهێنانی کلیپی شێتی باخان نییە و بروا خۆی کردویەتی" بروا دەڵێت، لەکاتی دانیشتنەکەیاندا باخان، داوای ئەوەی کردووە کە کۆمەڵێک کچ و کوڕ بەشداری لەکلیپەکەدا بکەن.

سیناریۆی کلیپەکە، لەڕووی دیزاینی جلوبەرگ و کۆمەڵێک شتی دیکەوە باس لە ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەکات.

بەقسەی بروا، ٥٠ ئەکتەر لەو کلیپەدا بەشداربوون کە ٣٠یان ئافرەت بوون و هەروەها هەڵکەوت، لەسەرەتادا لەگەڵ ئەوە نەبووە کە کلیپەکە لە کوردستاندا بکرێت و وای دانابوو کە لە لوبنان بیکات. بروا، باسی لەوە کرد کە کێشەکە هەر لە دووەم ڕۆژی وێنەگرتنی کلیپەکەوە دەستی پێکردووە، "کاری وێنەگرتن لەکاتژمێر ٢ی شەو، دەستی پێدەکرد و تا هەشت و نیوی بەیانی درێژەی دەکێشا، هەڵکەوتیش تورە دەبوو و دەیگوت ئێوە لەماڵی مندان، نابێ وا درەنگ بگەڕێنەوە".

دایکی باخانیش لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە لە دەستپێکی کلیپەکەوە هەڵکەوت، لێپێچینەوەی لە باخان دەکرد و دەیگوت بۆچی درەنگ بۆ ماڵ دەگەڕێیتەوە، تاوای لێهات جنێوی بە باخان و ستافەکە دەدا، ئەوەبوو باخانیش کارکردنی لەگەڵ هەڵکەوت، ڕەتکردەوەو دوای ئەمەیش چەندینجار لەرێگەی ئیمێل هەوڵی گفتوگۆی لەگەڵ باخان داوە، بەڵام باخان وەڵامی نەداوەتەوە.

### پچرانی پەیوەندی هەڵکەوت و باخان

شکار، کە گەنجێکی کەرکوکییەو نیشتەجێی هۆڵەندایە بەهۆکاری سەرەکی پچرانی پەیوەندی نێوان هەڵکەوت زاهیر و باخان دادەنرێت. وەک دایکی باخان باس دەکات، باخان شکاری لە بۆنەیەکدا لەماڵی هەڵکەوت زاهیر لە ڕێگەی هونەرمەند دەشنێ مورادەوە ناسیوە.

لەوبارەیەوە بروا، گوتی "باخان داوای لە هەڵکەوت زاهیر، کرد کە کوڕێک لەکلیپەکەیدا بەشدار بکات، بەڵام هەڵکەوت، حەزی نەدەکرد شکار، بەشداری کلیپەکە بکات و گوتی با کوڕ لەکلیپەکەدا تەنیا وەک سێبەر بوونی هەبێت، باخانیش لەسەر بەشدارپێکردنی شکار، لەکلیپەکەیدا پێیدادەگرت".

**بڕوا تەها: هەڵکەوت زاهیر گوتوویەتی بڕوا بە تەلەفۆنێک بزر دەکەم**

بروا، باس لەوە دەکات کە لە دووەم ڕۆژی کار کردنی کلیپەکەدا، ئەو کێشەیە دروست بووە. باخان شکاری وەک هاوڕێ خۆشدەویست و هەڵکەوتیش بەمامۆستای خۆی دەزانی، بەڵام مامۆستا هەڵکەوت، حەزی لە قوتابیەکەی کرد و لەبەرامبەر میلۆدی و سیدیی، عەشقی لە باخان ویست.

بەوهۆیەوە باخان و هەڵکەوت، نێوانیان تێکچوو، تا وایلێهات باخان، لەماڵی هەڵکەوت دوورکەوتەوەو بۆ هۆڵەندا گەڕایەوە".

هەروەها بروا تەها دەڵێت، کە دوای ڕۆیشتنی باخان، لەو کۆمپانیایە وازی هێناوە چونکە هەستی بەوە کردووە، سەرنەکەوتوون و هۆکاری شکستەکەش بۆ هەڵکەوت زاهیر، دەگەڕێنێتەوە هەروەها هەڵکەوت زاهیر گوتویەتی ئەگەر بمەوێت بروا بە تەلەفۆنێک بزر دەکەم.

باخان، لەهۆڵەندا قوتابی کۆلێژی دادناسازییەو وەک خۆی گوتی، بەهۆی گۆرانیگوتن سێ ساڵ لەخوێندن دواکەوتووە" بەڵام ئێستا دوای ئەوەی کە هەڵکەوت ستەمی لێکردم، بڕیارمدا واز لەگۆرانیگوتن بهێنم و خوێندنەکەم تەواو بکەم، چونکە هونەری کوردی لەئێستادا لەئاستێکی زۆر نزمدایە".

دایکی باخان، دەڵێت هەڵکەوت، هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە کاری ئەو کلیپەیان کردووەو پێیگوتوون ئەگەر کەسێک ڕاستییەکان بدرکێنێت، ئەوا ونی دەکات. هاوکات برواش ئەو قسەیەی دایکی باخان پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت:" هەڵکەوت بەبرادەرانی منی گوتووە، کە هەرکەسێک باس لەو پرسە بکات بە تەلەفۆنێک بزری دەکەم". بروا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە باخان، وازی لەگۆرانی گوتن هێنا، بەڵام من مژدە بەهەوادارانی باخان دەدەم، کە خۆم کلیپەکەی تەواو دەکەم و بڵاویدەکەمەوە. جێی ئاماژەیە، وارڤین پەیوەندی بەهونەرمەند هەڵکەوت زاهیرەوە کرد، تابۆچوونی ئەویش لەبارەی کێشەکەوە و بخاتەڕوو، بەڵام ئەو هونەرمەند ئامادەنەبوو، لەوبارەیەوە لێدوان بدات.

www.netewe.com

# Dengubas News

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

سەرەتا کاری ڕاگەیاندنم لەرادیۆی زاگرۆسەوە دەست پێکرد و پاشان لەسەر داوای زاگرۆس تیڤی چوومە ئەو کەناڵەو ئێستاش بێژەری بەشی هەواڵم.

### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

بێژەری هەواڵم لەزاگرۆس تیڤی، بەزاری کرمانجی سەروو هەواڵەکان دەخوێنمەوە.

## پرۆفایل

**ناو:** شیفا زکری ئیبراهیم

**ڕەگەزنامە:** خەڵکی باشووری کوردستانم، بەڵام لەئێران لەدایکبووم. گەردیم و باپیرانم خەڵکی گوندی (بێرۆخن)ی سەر بەدەڤەری شێروانەن.

**باری خێزانی:** شووم نەکردووە، ١١ کەسین ٥ خوشک و ٣ برا و دایک و باوکم

**ئاستی خوێندەواری:** دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بەشی کومپیوتەر

**شوێنی نیشتەجێبوون:** هەولێر




### خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

کوردستان- زکریا عبدوڵڵا
ئەکرهوا - کازم ساهر
لازم ئەعیش- شیرین
انت ایە - نانسی عەجرەم
چ جارا وەک ئەڤروکە من تو
نەڤیایی کاروان کامل
بتمون- ئەلیسا
بهێلەئەزحەشتەبکەم-
بڵند ئیبراهیم
گروپی ویست لایف- رووسی
وادیسان بوو شەڤ - جەیلان
بنڤیس- شڤان

### نزیکترین یان خۆشەویسترین کەست!

***دایک و بابم خۆشەویسترین و نزیکترین کەسمن.***

www.netewe.com



کچە ئەکتەری کورد  زێریێ



دیمەنێک لە فیلمی  کوردە ئێزیدیەکان لە ئەرمەنستان




# سینەمای کوردی لە ئەرمەنستان

## یەکەم فیلمەکانی میژووی سینەمای کوردی

**ئامادە کردنی: ئاران جەمال**

لەزۆر بابەتدا باس لە یەکەمین فیلم ودەرهێنەری کوردکراوە کە ئایا یەکەمین فیلم و یەکەمین دەرهێنەری کورد کێیە؟

ئەوەی تائێستا لێرەولەوێ باسکراوە ئەوەیە، کە فیلمی "ڕێگا" ی یەڵماز گۆنای، یەکە م فیلمی کوردییە و یەڵماز گۆناش یەکەم دەرهێنەری کوردە.

بە درێژایی مێژووی سینەمای کوردی، هیچ کات مێژووی سینەمای ئەرمەنستان و بەرهەمهێنانی فیلمی کوردی لەم وڵاتە، نەخراوەتە ڕوو و باسی لێوە نەکراوە.

بەپێی بەڵگەکان و گەڕان بەنێو مێژووی سینەمای ئەرمەنستاندا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی هەر ١٠ساڵێکدا فیلمێکی کوردی

لەم وڵاتە دا بەرهەم هاتووە. لەراستیدا یەکەم فیلمی کوردی لە ئەرمەنستانیش ئەو فیلمەیە، کە باس لە بەسەرهاتی ژنێکی کورد بە ناوی "زێرێ" دەکات و بە شێوەی بێدەنگ (صامت) بە وێنە کێشراوە. واتە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ٨٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، یەکەم فیلمی کوردی بە ناوی "زێرێ" لەوڵاتی ئەرمەنستان کە رەوشی ژنانی کورد باس دەکات، بەرهەمهاتووەو بە یەکەم فیلم دادەندرێ کە کوردی بە وێنە، کێشاوە.

ئەم فیلمە لەلایەن "حەمۆ بەگ نەزەریان" دامەزرێنەری سینەمای ئەرمەنستان، بە وێنە کێشراوە و باس لە ژیانی کوردەکانی ئەم وڵاتە دەکات، کە لە ساڵی ١٩٢٦ دا بەرهەمهێنراوە.


سیناریۆی ئەم فیلمە لە لایەن "هاکوب گازاریان" نووسراوەو ئەوەی جێی تێڕامانە، تێکستی سیناریۆکەیە کە بە زمانی کوردی نووسراوە، ئەمەش بۆ یەکەمجار کە ئەلفابێتی کوردی لە شێوەی رێنوسی زمانی ئەرمەنی، کە لە لایەن رۆشنبیرانی ئەو کات ئامادە کرابوو، بۆ نووسینی سیناریۆی ئەم فیلمە بەکارهاتووە. وێنە هەڵگرتنی فیلمەکە لە یەکێک لە گوندە کوردنشینەکانی ئەرمەنستان، ئەنجامدراوە.

هاکوب گازاریان، سیناریۆ نووسی ئەم فیلمە، لە لایەن کوردەکانی ئەم وڵاتە زۆر خۆشەویست بووە. لەبەر ئەوەش نازناوی لازۆ یان ئاپۆیان پێبەخشیوە. رێڕەوی فیلمەکە بەسەرهاتی ژیانی زێرێ لەخۆدەگرێ. ژمارەیەک سینەماکاری ناسراوی ئەرمەنی، لەم فیلمەدا کاریان کردووە، چیرۆکی ئەم فیلمە باسی دڵداری زێرێ و داود،یەکێک لەشوانەکانی ئەو گوندەی تێیایدا ژیاون دەکات کە دواتر و لەدرێژەی فیلمەکەدا لە لایەن ئاغای گوند تەیمور بەی، رێگری لە ئەوینی نێوان زێرێ و داوود دەکرێت.

ئەم فیلمە لەسەرەتادا لەساڵی ١٩٢٦ بە شێوەی بێدەنگ (صامت) بەرهەم هات، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٧٠ کار بۆ دانانی دەنگەکەی کراو لەشێوەی بێدەنگ هاتەدەر و بوو بە فیلمێکی تەواو.

بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی دانانی دەنگ بۆ ئەم فیلمە، چەندین کەسایەتی ناودار رۆڵیان بینیوە کە دەتوانین ئاماژە بە نووسەری کورد "جاسمی جەلیل" و کچە میوزیک ژەنەکەی"جەمیلە جەلیل" بکەین.

"حەمۆ بەک نەزەریان"، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە پێش لە وێنەهەڵگرتنی فیلمی زێرێ، بو ماوەیەکی زۆر هەوڵیداوە




لێکۆڵینەوە لەسەر شێوەی ژیان و کەلتوری کوردەکانی ئەرمەنستان بکات.

دواتر لەساڵی ١٩٣٣ فیلمێکیتر بە ناوی "کوردە ئێزیدییەکان" لەم وڵاتە نمایش کراوە. چیرۆکی ئەم فیلمە باسی ژیانی مامۆستایەکی ژن بە نێوی "زینێ" دەکات، رووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە بیری دواکەوتوویان هەیە. ئەوان رێ لەوە دەگرن کە زینێ لە گوندەکەدا وانە بڵێتەوە، بەڵام زینێ لە بەرانبەریان رادەوەستێت و سەرکەوتن بەدەست دێنێت. ئەمەش بە فیلمێکی کوردی لەقەڵەم دەدرێت و دەکەوێتە خانەی مێژووی سینەمای کوردییەوە.

پاشان لە ساڵەکانی ١٩٤٦ و ١٩٥٩ دوو فیلمی دوکیۆمێنتاری بە ناوەکانی "کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت" و "کوردەکانی ئەرمەنستان" بەرهەم دەهێندرێت. سیناریۆی فیلمی "کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت" لە لایەن کەسێک بە ناوی"کۆچاریان"ی بە رەچەڵەک ئەرمەنی و هەروەها زانایەکی کورد بە ناوی "حاجیە جوندی" ئامادە کراوە.

ناوەرۆکی فیلمەکە ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی ژیانی کوردی ئەرمەنستان، لە دوای دەربازبوونی سۆڤیەت بۆ سۆسیالیزم دەکات.

سێناریوی ئەو فیلمەی ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن نووسەری کوردی سۆڤیەت "عەرەب شامیلۆڤ" نووسراوە و "ج.ژامهاریان" کاری دەرهێنانی ئەم فیلمەی ئەنجام داوە.

ناوەرۆکی ئەم فیلمە باسی سەرکەوتنی کوردەکانی ئەرمەنستان لە بوارەکانی ئابووریی، سیاسی و کلتوریدا دەکات. لەم فیلمەدا کەڵک لە لێدوانەکانی زماناسی کورد "قەناتی کوردۆ" وەرگیراوە. فیلمەکە بە نیشاندانی دیمەنی کوێستانەکان و پیشاندانی کەمووکورتییەکانی ژیانی کوردەکان دەست پێدەکات و بەپیشاندانی وێنەکانی گوندێکی کورد بە ناوی "ئەلەگەز" دێتە کۆتایی کە سەرنجراکێشترین بەشی فیلمەکەیە.

ئەم چەند فیلمە بەنموونەیەک لەو فیلمانە دەژمێردرێن، کە لەوڵاتی ئەرمەنستان بەرهەمهاتوون و لەبەر ئەوەی ژیانی کوردانی ئەم وڵاتە پیشانددەدات دەتوانین لەمێژووی سینەمای کوردیدا باسیان لەبارەوە بکەین.

گرنگە ئەوەیە لەتەواوی ئەم فیلمانەدا ژیانی ژنانی کورد لە ئەرمەنستان تیشکی خراوەتە سەر و زیاتر ئاوڕ لەم لایەنە دراوەتەوە.

فیلمەکانی "زێرێ" لە ساڵی ١٩٢٦ و "کوردە ئێزیدییەکان" لە ساڵی ١٩٣٣ بابەتگەلێکی وەک نامووس و چینی دواکەوتووی گوند پیشان دەدات.

لە لایەکیتر فیلمەکانی "کوردانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت" لە ساڵی ١٩٤٨ و "کوردەکانی ئەرمەنستان" لە ساڵی ١٩٥٩ زیاتر بابەتی بەرژەوەندی سۆسیالیزم و دۆستایەتی کورد و ئەرمەنی پیشانی جەماوەر دەدات. پێویستە بگوترێ ئەو فیلمانە جیا لەوەی کە لە وڵاتی ئەرمەنستان پیشان دراون، لە وڵاتانی تریش بڵاو بووەتەوە و لە لایەن جەماوەرەوە پێشوازی بەرچاوی لێکراوە.

لە نێوان ساڵەکانی١٩٢٦ تا ١٩٥٩ ئەو چوار فیلمە لەبارەی ژیانی کوردان لە ئەرمەنستان ئامادەکراوەو بە یەکەم فیلمەکانی مێژووی سینەمای کوردی لەقەڵەم دەدرێن و وەک فیلمی کوردی دەناسرێن. ئەم فیلمانە لەرووی مێژووییەوە گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و دەکرێ لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلیان لەبارەوە بکرێ بۆ دەوڵەمەندکردنی پتری مێژووی سینەمای کوردی و ئەمەش پەیوەندی بە سینەماکارانی کوردەوە هەیە کە پتر خەمخۆری سینەمای کوردی بن.

**سەرچاوە: رۆژنامەی ئۆزگور گوندەم**

www.metewe.com

# سیمۆن دو بۆڤار

# "ڕەگەزەکەی تر"

ئا: سیروان ڕەحیم

سیمۆن -لویس ئێرنستن ماری بێرتراند-دو بۆڤار. ١٩٠٨ ,١ ,٩ لە پاریس (لە گەڕەکی مۆمپارناس*) لە دایک بووە و ١٩٨٦ ,٤ ,١٤ مردووە. زمانزانی، بیرکاری و فەلسەفەی خوێندووە. خاتوو بۆڤار فەیلەسوف، نووسەر و فەمینست بووە. هەروەها چالاکی بواری سیاسەت بوو. ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی لە پاش بە جێ ماوە، وەکو ڕۆمان، چیرۆک، وتار و بیرەوەری. ئەو وەکو نوێنەری تەوژمی بوونگەرایی Existentialismus ئەژمار دەکرێت. دیارە هەردوو ڕۆمانی نووسەر "ئەو هات و مایەوە ١٩٤٣" و "خوێنی ئەوانی دی ١٩٤٥" وەکو نووسەر دانپێدانانی ئەوانی تری بە دەست هێنا. لەگەڵ نووسین و بڵاکردنەوەی کتێبی "ڕەگەزەکەی تر ١٩٤٩" ** دا، دو بۆڤار وەرچەرخانێکی گەورەی، لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و لە بیردا بەرجەستە کرد و بوو بە ناسراوترین ڕۆشنبیری فەرەنسا.

هەرچەندە بەرهەمی سیمۆن دو بۆڤار، زۆرن و زۆربەیشیان بەرهەمگەلی بە نرخن، بەڵام بێگومان ناوبانگی ئەو بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ بڵاکردنەوەی کتێبی "ڕەگەزەکەی تر** دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا بلاوکرایەوە. لەو کتێبەدا ئەو ئاماژە بە چەوساندنەوەی ژن دەکات لە سەردەمی پیاوسالاری دا و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بابەتەکە دەخاتە ڕوو. هەروەها بنەمای تیۆری لە پای بە هێزکردنی بزاڤی ژنان دا دەخاتە بەردەست. لەو کتێبەدا دی بۆڤار، ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە، کە چەوساندنەوەی ژنان یەکێک بێت لە مەرجەکانی کۆمەڵ. بۆ ئەو ژنێک لەو چەشنە کە بۆ چەوساندنەوە ئامادە بێت بوونی نییە. ئەو ڕەخنە لە وشەی "پیاو" دەگرێت، دیارە ئەم وشەیە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە و وشەکە "پیاو" لە بری وشەی "مرۆڤ" بەکاردێت. سیمۆن دو بۆڤار دەڵێت: "پیاو" وەکو ژن لە دایک نابێت، بەڵام هەمیشە! پرسیار و بیرۆکەکە ئاڵۆزە بۆ تێگەشیتن، بەڵام سادە و ڕوونیشە ئەگەر خواستی تێگەیشتن هەبێت.

لەم بەرهەمەدا سیمۆن دو بۆڤار ئەوەیش دەڵێ: ژنان لە لایەن پیاوانەوە کراون بە ڕەگەزێکی تر. ئەمەیش لە تێگەی بونگەرایی نووسەردا وا دەکەوێتەوە کە پیاو خۆی وەکو بونێکی ڕەها جێگیر دەکات. لە کاتێکدا ژن ڕۆڵی ئەوانی دی، واتە بابەتی دی "شتومەک" دەبینێت. ژن هەمیشە وەکو شتێکی وابەستە بە پیاوەوە پێناسە دەکرێت و پۆلێن دەکرێت. بۆیە ژن بەرانبەر بە ململانێ سەختەکان دەوەستێتەوە. ئەگەر ژن دەخوازێ "مێیەتی" خۆی بە دەست بخات و خاوەنی بێت، دەبێ ڕۆڵی سست بوون لە خۆی داماڵێت. بەڵام دیارە ئەمە خواستی ژن خۆیەتی، کە وەکو بکەرێکی چالاک دەرکەوێ و بێتە پێشێ.

دیارە لەو کێتبەدا کۆمەڵێ بۆچوون و لێکۆڵینەوە و تێزی فەلسەفی زۆر گرینگ هەن کە تەنها بە وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی دەکرێ لێیان حاڵی ببین. کتێبێک تا ئێستا گەورەترین چاوگی فەمینیستییە و تا ئێستایش کاریگەریی بەسەر زۆربەی باس و خواسی فەمینیستیەوە هەیە.

کتێبی "ڕەگەزەکەی تر" لەو کتێبانەیە چارەنووس دەگۆڕن و کۆمەڵ بە ئاقارێکی دیدا دەبن. ئەم کتێبە کاری لە مێژووی کۆمەلگەکان کرد، لە سەر ئاستی ژیانی تایبەت، هۆشیاری مرۆڤ و توانای تێگەیشتن.

"ڕەگەزەکەی تر" لێکۆڵینەوەیەکە بۆ هەبوونی ژن. باس لە ژن ناکات وەکو بوونێکی پر نهێنی و ئاڵۆز. بەڵکو باس لە ژن دەکات لە ڕوانگەی کۆمەڵەکەی و ڕەوشی ئابوورییەوە. ئەو پێیوایە بە کوێلە کردن و ئازادی ژن بەرئەنجامی وابەستەی ئابوری و سەربەخۆیی ئابورییە.

کتێبەکە سەرچاوەیەکی سەرنجڕاکێشە و زۆر پێویستە بە زمانی کوردی هەبێت و ژنانی کورد بە تایبەتی و کۆمەڵی کورد بە گشتی سود لە بۆچوونەکانی ئەو فەمینیستە گەورەیە، سیمۆن دو بۆڤار ببینن. بەڵام کێ ئەو کارە بکات؟ کێگەل و کام دەزگای بڵاوکردنەوە و وەشان؟ خۆزگە دەزگا چالاکەکانی وەکو ئاراس و سەردەم ئەو سەرچاوە گرنگانە یان هەر نەبێ هەندێکیان دەکرد بە کوردی.




بەرگی کتێبەکە


*Montparnasse

ناوی ئۆرجینالی کتێبەکە یە
*Le Deuxième Sexe

سەرچاوە:

**ئینگەبۆرگ گلایشهاوف، بە زمانی ئەڵمانی*
Sein wie Keine andere: Simone de Beauvoir 2008
*Wikipedia

www.netewe.com



گەڕەکی مۆمپارناس لە شاری پاریس شوێنی لە دایکبوونی سیمۆن دو بۆڤار




گۆڕەپانی سیمۆن دو بۆڤار و سارتەر لە شاری پاریس




قاوەخانەی دو فلۆر، لە شاری پاریس شوێنی دانیشتن و وتووێژی بوردەوامی سیمۆن دو بۆڤار و سارتەر و هاوڕێکانیان

## لەهەندێک کلیپی گۆرانی کوردیدا...

# "سووکایەتی و توندووتیژی بە ژن دەکرێت"

هەولێر

سەرەڕای ئەوەی کە ژنی کورد لەساڵانی رابردوودا، لەکلیپی گۆرانییەکاندا بایەخی پێنەدەدرا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا رۆڵی پێدراوە، ئەو رۆڵەش وەک لەهەندێک لەکلیپەکاندا دەبینرێت جگە لەبەرهەمهێنانی توندووتیژی و ئاساییکردنەوەی چەوساندنەوەی ژنان شتێکی ئەوتۆ نییە.

یەکێک لەو کلیپانەی کە لەزۆربەی تیڤییەکانی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە، کلیپی گۆرانی "خۆت پێم بڵێ"ی هونەرمەند ئومێد باڵەبان بوو. لەگەڵ ئەوەی تێکستی گۆرانییەکە لەنێو هاووڵاتییاندا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، بەڵام هەندێک لەهاووڵاتییان، سیناریۆی گۆرانییەکە بە "سووکایەتیکردن" بەرامبەر بە ژن، وەسف دەکەن، بەتایبەت لەو کاتەی کە لە سیناریۆکەدا گەنجێک پارە بەسەر ئافرەتێکدا دەبارێنێت.

هاووڵاتی سۆزان محەممەد،٣٢ ساڵان پێیوایە، کە نمایشکردنی ئافرەتان لەهەندێک کلیپی گۆرانی ئێستادا بەشێوەیەکە، کەسایەتی ژن تێیدا وەک کۆیلەیەک پێشاندەدرێت و ئەو کلیپانە لەخزمەت کۆمەڵگەی پیاوسالاریدان، بۆیە" ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە کە رێگە لە بڵاوبوونەوەی ئەو کلیپانە بگرێت". لەوبارەیەوە هونەرمەند ئومێد باڵەبان، ئاماژەی بەوەکرد، کە مەبەستی لەو کلیپەدا هۆشیارکردنەوەی ژنانە، تا دوای خۆشەویستی راستەقینە بکەون و عەشق بەسامانی دنیا نەگۆڕنەوە. ئومێد، گوتی ئەو دەیەوێت لەو کلیپەدا بەبینەران بڵێت،:" خۆشەویستیی راستەقینە بەرەو نەمان چووە و پارە، جێی هەموو شتەکانی تری گرتووەتەوە". ئومێد، ئاماژە بەسیناریۆی کلیپەکە دەکات کە هی" گۆران ساڵح"ـە و تێکستەکەش هی هونەرمەند "زیاد ئەسعەد"ـە، بۆیە ئەو گوتی، کە سیناریۆ و تێکستی گۆرانییەکە هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە کە چۆن گوزارشت لە ژن، دەکات.


بەڵام تێکستنووس حەمەسەعید ئیبراهیم، بەپێچەوانەی رای ئەو گۆرانیبێژەوە دەڵێت:" ئاستی رۆشنبیری گۆرانیبێژ لەهەڵبژاردنی کلیپدا رەنگدەداتەوەو دەکرێت لەگۆرانیدا باس لەبێوەفایی بکرێت، نەک سووکایەتیکردن بە ژن". حەمەسەعید، باس لەحاڵەتی کەسی بینەریش دەکات کە بۆ چێژوەرگرتن گوێ لەگۆرانی دەگرن، ناکرێت حاڵەتی نائاساییان، پیشان بدرێت. یەکێک لەو کلیپانەی تر کە ساڵی رابردوو بڵاوکرایەوە، کلیپی گۆرانی،" دەردی دڵم"ی هونەرمەند گۆران ساڵحە، لەسیناریۆی کلیپەکەیدا گۆران، لەقەراخی دەریاچەیەکدا قژی ژنێک، دەگرێت و فڕێدەداتە ناو ئاو، کە ئەمەش جۆرێکە لەنواندنی توندووتیژی بەرامبەر بە ژن کە لەسیناریۆکەدا دەردەکەوێت. لەوبارەیەوە گۆران ساڵح، گوتی " من بە بڕواوە کاری ئەو کلیپەم ئەنجامداوەو ئەوانەی رەخنە لەکلیپەکە دەگرن، با مافی ئەو ژنانە وەربگرن کە بەبلۆک دەکوژرێن".

دەرهێنەری گۆرانی "دەردی دڵم" سامان عەدنان، گوتی" سیناریۆی دەردی دڵم، بیرۆکەی هەموو ستاف بوو.

من پێموانیە سووکایەتیکردنی بەرامبەر بە ژن، تێدابێت". هاوکات حەمەسعید، رەخنە لەهەردوو کلیپی ئەو دوو گۆرانیبێژە دەگرێت و پێیوایە لەو دووکلیپەدا " دژایەتی" ژن، بەئاشکرا دەکرێت و لەسیناریۆی هەردوو کلیپەکەشدا ژن، وەک "ئامێرێکی یارییپێکردن" بەدەست پیاوانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆچوونی ئەو شاعیرە، ئەوە پیشاندەدات کە" کاری ئەو کلیپانە لەبایەخی ژن، کەمدەکەنەوەو بە دیوێکی ناشیریندا ژن، بەکۆمەڵگە دەناسێنن". حەمەسەعید، ئەوە رەت دەکاتەوە کە بەرپرسیارێتی ئەو کلیپانە لەئەستۆی تێکستنووس بێت و دەڵێت:" ئەوە کاری سیناریستەکانە کە لەکلیپەکاندا توندووتیژی دروست دەکەن، ئایا لەتێکستەکە نووسراوە پاڵ بەئافرەتەوە بنێن؟ یاخود قژی رابکێشە". لەبارەی هەڵسەنگاندنی کلیپەکان لە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا، بەرپرسی تەکنیککارانی تەلەفزیۆنی زاگرۆس، بەرهەم دلێر، پێیوابوو ئەوان گۆرانییان بەبێ هەڵسەنگاندن دانەبەزاندووە، بەڵام" بەهۆی زۆری بەرنامەکان و نەبوونی کات، نزیکەی چوارمانگە پەخشکردنی کلیپمان لەزاگرۆس راگرتووە".

هاوکات بەڕێوەبەری هەماهەنگی تەلەفزیۆنی نەورۆز، ئەسکەندەر محەمەد، ئاماژەی بەهەبوونی لیژنەیەکی پسپۆڕکرد بۆ هەڵسەنگاندنی کلیپەکان کرد و سەبارەت بە مەرجی بڵاوبوونەوەی کلیپ لەتەلەفزیۆنەکەیاندا گوتی"دەبێ دەنگی هونەرمەندو میلۆدییەکەی کوردی بێت، مۆنتاژ و وێنەگرتنەکەی گونجاوبێت و لەگەڵ کەلتووری کوردستاندا بگونجێت".

دواتر ئەم بەڕێوەبەرە ئاماژەی بەڕاگرتنی ٤٠٠ کلیپ







www.netewe.com



کرد لەبەر" نەگونجانیان لەگەڵ کەلتووری کوردستان و ستایلی کەناڵەکەمان". هاوژین محەممەد، کچێکی تەمەن٢٤ ساڵەو پیشەی فەرمانبەرە، لەبارەی ئەو کلیپانەی، کە تێیدا توندووتیژی بەرامبەر بە ژن، دەکرێت، دەڵێت:" ئەمە ناشیرینکردنی کەسایەتی ژنی کوردە کاتێ کە ژن، لەو کلیپانەدا بەرامبەر بەپیاو وەک خیانەتکار پیشاندەدرێت، یان توندووتیژی بەرامبەر دەکرێت، دەبێ بەرێگەی یاسایی بەر لەو دیاردەیە بگیرێت".

سەبارەت بەو جیاوازییەی، کە لە سیناریۆو تێکستی گۆرانییەکاندا هەیەو نەگونجانیان لەگەڵ کلیپەکاندا، دەرهێنەری کلیپ مەزهەر ئیبراهیم، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی سیناریست دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت:" لەکوردستان سینارستمان نییە، هەرکەس بەئارەزووی خۆی دایدەنێت و بەکارهێنانی ژنیش تەنها بۆ ئەوەیە تا سەرنجی خەڵک رابکێشن".

هەر لەو بارەیەوە هونەرمەند ئومێد باڵەبان، کە هاورای ئەو دەرهێنەرەیە دەڵێت:" سیناریست لەهەرێمی کوردستان کەمەو بەدوو تا سێ رۆژ، کلیپێک دروست دەکەین، ئەگەر کەسانی شارەزا هەبن، ئەوا دووچاری ئەو حاڵەتانە نابین". نێرگز ئەحمەدی ٢٨تەمەن ساڵ لەوبارەیەوە دەڵێت، کە هەموو لایەنێک لەو سووکایەتییەدا بەشدارن و جەخت لەوە دەکات کە دەبێت لایەنی بەرپرس رێگە بەبڵاوبوونەوەی ئەو کلیپانە نەدات،" وەزارەتی رۆشنبیری بە پلەی یەکەم و هونەرمەندان و رۆشنبیران هەموویان لەو پرسەدا بەرپرسیارن و نابێت وەزارەتی رۆشنبیری رێگە بەو کارانە بدات، من نازانم وەزارەتی رۆشنبیری کاری چییە؟".

لەوبارەیەوە بەرێوەبەری گشتی راگەیاندن لەوەزارەتی رۆشنبیری هەڵگورد جوندیانی، پێکهێنانی لیژنەیەکی چاودێری بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە بەگرنگ زانی و گوتی" رەنگە بتوانین بەمشێوەیە ئەو حاڵەتانە کەمبکەینەوە، بەڵام ناتوانین بنبڕی بکەین".





هیوا بەرزنجی

حەمەسعید "لەهەردوو کلیپی ئەو دوو گۆرانیبێژە پێموایە لەو دووکلیپەدا" دژایەتی ژن، بەئاشکرا دەکرێت و لەسیناریۆی هەردوو کلیپەکەشدا ژن، وەک "ئامێرێکی یارییپێکردن بەدەست پیاوانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆچوونی من، ئەمە پیشاندەدات کە" کاری ئەو کلیپانە لەبایەخی ژن، کەمدەکەنەوەو بە دیوێکی ناشیریندا ژن، بەکۆمەڵگە دەناسێنن".

من،ئەوە رەتدەکەمەوە کە بەرپرسیارێتی ئەو کلیپانە لەئەستۆی تێکستنووس بێت و دەڵێم:" ئەوە کاری سیناریستەکانە کە لەکلیپەکاندا توندووتیژی دروست دەکەن، ئایا لەتێکستەکە نووسراوە پاڵ بەئافرەتەوە بنێن؟ یاخود قژی رابکێشە"





www.netewe.com




# ئاگر بەست

بناغەی هاوسەرگیری، کاتێ لەدەروونەوە بەمتمانەو لەیەکترگەیشتن، ڕێڕەوی تەمەن بەڕێ دەکات، خۆشەویستی دەڕژێنێتە نێو دنیایەکی هەتاهەتایی و لەوێوە، تابلۆی ژیان بەنەمری ڕەنگڕێژ دەکات.
دیمەنەکانی فیلمی ئاگربەست کە لەلایەن سینەمای ئێرانەوە بەرهەمهێنراوە، ئاماژەیەکی روونە کە کاتێ مرۆڤ دەروونی کۆنترۆڵ دەکات و خۆشەویستەکەی لەناخیدا دەدۆزێتەوە، ئەو کاتەیە کە هەست دەکات ئەڤینێکی جاویدان، دەدۆزیتەوە.

هەردوو ئەکتەری ئەو فیلمە، محەممەد رەزا و مەهناز ئەفشار، کاتێ ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنن، سەرەتای ژیانیان بەشەڕو ئاژاوەو لێکنەگەیشتن دەست پێدەکات، تا وایلێدێت کە پەنا بۆ دادگە بەرن و لەو رێگەیەوە لەیەکتری جیاببنەوە، بەڵام کاتێ پزیشکێکی دەروونی رێنماییان دەکات، ئەوان هەست دەکەن کە هەریەکەیان ئەویتری لەناخدا ون کردووە.

محەممەد رەزا، کێشەی خۆی لەگەڵ پزیشکە دەروونییەکە باس دەکات کە ئەو کوڕێکە، هاوسەرەکەی خۆشی ناوێت، بەڵام پزیشکەکە پێیدەڵێت، ئایا محەممەد، تۆ کە تەمەنت لەسەرووی ٣٠ ساڵەوەیە، هەست دەکەیت کە عەقڵ و تەمەنت هی ٣٠ ساڵ بێت؟ لەو رێگەیەوە پزیشکە دەروونییەکە، چەند راهێنانێکی دەروونی، بۆ دەستنیشان دەکات، سەرەتا محەممەد رەزا، داوا لە هاوسەرەکەی دەکات کە بۆماوەی ١٠ رۆژ لێی دووربکەوێتەوە.
لەیەکەم رۆژدا محەممەد رەزا، بەپێی رێنمایی پزیشکی دەروونی، لەبۆردێکدا بەدەستی




راستی دەنووسێت خۆم خۆشدەوێت، بەڵام کاتێ بەدەستی چەپی ئەو نووسینە دەنوسێت ناتوانێت. لەوکاتەدا ناخی پڕ دەبێت لە گریان.

پزیشکەکە پێی دەڵێت، کە تائێستا تۆ نەتتوانیوە خۆت خۆشبوێت، بۆیە ناتوانیت بڵێت مەهنازیشم خۆشدەوێت. ڕۆژی دووەم پزیشکەکە، پێیدەڵێت ناخی هەموو مرۆڤێک خێزانێکی هەیە، پێکدێت لە کوڕ و کچ. ئەو کاتەی کە محەممەد ڕاهێنان دەکات بۆی دەردەکەوێت کە ئەو دەروونی خۆی لەچاو تەمەنی خۆی پێنەگەیاندووەو ناخی وەک منداڵێکی ٥ ساڵە وایەو پێویستە ئەو منداڵەی ناخی گەورە بکات. لە ڕۆژی سێهەمدا کاتێک محەممەد، دڵنیا دەبێت خۆی خۆشدەوێت، ئەوکات ڕاهێنانی ئەوە دەکات کە مەهنازیشی خۆشبوێت.

لەڕۆژانی دواییدا منداڵەکەی ناخی محەممەد کە تەمەنی ٥ ساڵبووەو بە توندووتیژی مامەڵەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کردووە، پەروەردەی دەکات و دەروونی ئارام دەکاتەوە، تا ئەو منداڵەی ناخی گەورە دەکات.

کاتێ کە مەهناز، دەگەڕێتەوە ماڵ، محەممەد پێیدەڵێت، خۆشەویستەکەم چۆنێت ئەزیزەکەم، مەهناز ئارامی دەیگرێت و سەرسام دەبێت بەوەی کە ئەمە محەممەدێکی ترە.

بەمشێوەیە ژیانی مەهناز و محەممەد، دەگۆڕدرێت و دەبنە دوو هاوسەری نمونەیی. ئەو فیلمە، پێماندەڵێت کە مرۆڤ دەبێت متمانە بەهاوسەرەکەی بکات و لەهەمانکاتیشدا ناخی بەخۆشەویستی پەروەردە بکات. مرۆڤ، دەبێت خۆی خۆشبوێت، تا بتوانێت بەرامبەرەکەیشی خۆشبوێت.

# "شەڕەژن"!



بەهرە حەمەڕەش

لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە، ململانێ و جیاوازی بۆچوون و تێگەیشتنی جیاواز لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە.

بەپێی تێگەیشتن و تێڕوانینی مـرۆڤ بۆ پرسەکان، قۆناغ بە قۆناغ، بەشێوازی جیا و لەفۆڕمی جیاجیادا دەربڕاوە.

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ململانێ، مشتومڕ و گفتوگۆدا هەیەو هەندێجاریش، مرۆڤ لەپێناوی بـڕوا و مەبدەئی خۆیدا شەڕیشی کـردووەو دەیکات.

ململانێ و جیاوازی بیروڕاو تێگەیشتنی جیاواز لەناو هەموو گروپ و دامـەزراوەیـەک سیفەتی سرووشتین و ئەگەر نەبێت ناسرووشتییە.

هەمیشە ئەو گروپ و دامەزراوانەی کە کێبڕکێی کاریان تێدایە پێشکەوتووترن، لەو دامەزراوانەی جیاوازی تێدا قبوڵ ناکرێ و تاکڕەوی لەبڕیاردان و کارکردندا پێڕەو دەکرێت.

خەڵکی کوردستان کەم تا زۆر ئەم خولەی پەرلەمان لە خولەکانی تر جیاواز دەبینن و هەموان لەچاوەڕوانی کارە جیاوازەکانی ئەم جـارەی لیستەکانن، کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا پڕوپاگەندەیان بۆدەکرد.

یەک لەو جیاوازیانە ئەوەیە کە هەردوو فراکسیۆنی کوردستانی و گۆڕان وەک دوو فراکسیۆنی گەورە لەخولی ئەمجارەی پەرلەماندا سەرۆکەکانیان ژنن.

تا ئێرە جێگای دڵخۆشیە، دەشبێ چاوەڕێ بکەین تابزانین لەماوەی داهاتوودا چۆن ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن و بەباشی و سەرکەوتوویی ئەدای دەکەن.

نەک وەک هەندێ رۆژنامەنوس تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو سەرۆک لیستانە ژنن، ئەگەر بێتو مشتومڕێک بکەن، یان بیروڕای جیاواز دەرببڕن پێیانوایە شەڕ دەکەن و بە "شەڕە ژن" لە قەڵەم دەدەن.

بەداخەوە زۆر لەدەزگا راگەیاندنەکان، تائێستا بەئامانجی بنەڕەتی میدیا نامۆن و وەک هەمیشە، خەریکی تۆخکردنەوەی کەلتووری پیاوسالاری و دروستکردنی ناو و ناتۆرە لەژنانن.

ئەگەر بڕیاربێت میدیای کوردی کار بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی نادادپەروەر و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات، پێویستە کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازییە رەگەزییەکان و سڕینەوەی کەلتووری بەئامرازکردنی ژنان بکات.

لەهەموو جیهان رۆژنامەنووسان باکگراوندێکی رۆشنبیری ئەوتۆیان هەیە، کە ژن و پیاو بەمرۆڤ ببینن، بەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە لەجیاتی دڵخۆشبوون بەوەی، کە ژنان لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی ژنکوژدا، کە هەموو تەوقەکانیان شکاندووەو چوونەتە پەرلەمان و دانووستان و شەڕی کەلتوور و بیروڕای جیاواز و پیاوانی دواکەوتوو دەکەن، ئەو دانووستانەیان بە" شەڕە ژن" وەسف دەکرێت.

هەندێک لەمیدیاکانی کوردستان لەجیاتی ئەوەی، ئەوە بەخاڵی ئەرێنی سەیربکەن، بە زاراوەیەکی ناشیرنی بازاڕی وەکو" شەڕە ژن" باسی لێوە دەکەن.

لەهەموو دنیا ئەو پەرلەمانەی بیروڕای جیاواز و رێژەی ژنی زیاتری تێدابێت بەپەرلەمانێکی کارا و دڵخۆشکەر و وێنەیەکی جوانی کۆمەڵگە باسدەکرێت.

ئەو میدیایانە بەحوکمی باکگراوندی رۆشنبیری کەسانی راگەیاندنکار، بیروڕای جیاوازی ژنان بە گاڵتەجاڕ رووماڵ دەکەن.

لەزمانە بازاڕییەکەی کـوردەواریـدا هەمیشە زاراوەی "شـەڕە سـەگ" و "شـەڕە کەڵەباب" بەکارهاتووە، بـەڵام "شـەڕە ژن" زاراوەیەکی نوێیە، دیارە هەندێ لە میدیاکارانی کورد کاری لەسەر دەکەن و وەک هەمیشە، زۆرێک لەدەزگا راگەیاندنەکانی کوردستان بەپێچەوانەی ئامانجی کاری رۆژنامەنووسی، "ئاگادارانە یان بێ ئاگایانە" کاریان لەسەر ناشیرینکردنی ژن و پێگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی کردووە.

www.netewe.com